## چاپکراوی نوێ

(هونەری ژیاننامە.. شێوازەکانی نووسینەوەی: بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی ژیاننامەیی) لە نووسینی سەنگەر زراری، بە(٥٠٠) لاپەڕەو بەرگێکیی قەشەنگ و دیزاینێکی ناوازەوە کەوتووەتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، بریتییە لە سێ بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم تەرخانە بۆ قسەکردن لە بارەی هونەر و شێوازەکانی نووسینەوەی بیرەوەری و ژیاننامە، بەشی دووەمی کتێبەکە تایبەتە بە گەشتنامە، کە ئەمەش هونەرێکی گرنگی نووسینەوەی بەشێکی بیرەوەرییەو لە نووسینی پەخشانییدا، هونەرێکی سەربەخۆو گرنگە.

بەشی سێیەمیش باسی هونەرێکی گرنگ و تا رادەیەك نوێیە بە بەراورد بە هونەرەکانی دیکە، ئەویش ڕۆمانی ژیاننامەیی یان ڕۆمانی ژیاننامەئامێزە.. لە کۆتایی کتێبەکەدا دوو پاشکۆ دانراون ، یەکەمیان نموونەیەکە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەر و دووەمیشیان نموونەیەکە لە هونەری گەشتنامەی هەر نووسەر خۆی...

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە نووسەر(سەنگەر زراری) دەکەین بۆ چاپ کردنی ئەم کتێبە نایابە و هیواداریـن کونجێکی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردبێتەوە..



# شۆڕشی گوڵان

## درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول و دەستپێکی ئەزموونێکی نوێ

شۆڕشی گوڵان کە لە ٢٦ی ئایاری ساڵی ١٩٧٦ ، بە سەرپەرشتیی مستەفا بارزانی و رۆڵی کارای ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی ، دووبارە چەخماخەی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستانی بە هەموو جیهان راگەیاندەوە ، جیا لەوەی درێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، لە هەمانکاتیشدا دەسپێکێکی دیکە بوو بۆ دەربڕینی قۆناخێکی نوێ. ئەمەش بەو مانایەی ئەم شۆڕشە لەلایەك ، وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ئەو پیلانە نیودەوڵەتییەی لەدژی شۆڕشی ئەیلوول جێبەجێ کراوە و نسکۆی بەسەر شۆڕشەکەدا هێنا، هەروەها تەحەدایەك بوو بۆ رژێمی سەدام حوسێن کە پیلانە شومەکەی ئەلجەزائیر بە جۆرێك رایدەگەیاند : ( ئەگەر دارخوورما لەسەر چیاکانی کوردستان بڕوێت .. جارێکی دیکە پێشمەرگە وشۆڕش دروست نابنەوە)، درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول بوو، لەلایەکی دیکەش بە لەبەر چاوگرتنی واقیعی کوردستانی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و دووبارە کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە و رەخساندنی زەمینەیەك بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی راستەقینەی خەبات و کۆکردنەوەی تەواوی حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان، دەسپێکی راگەیاندنی ئەزموونێکی نوێی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان بوو.

هەلومەرجی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان، هەلومەرجی دوای ساڵێك لە نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، لەم هەلومەرجەدا جیا لەوەی نائومێدییەکی رەش باڵی بەسەر ناخی هەموو تاکێکی کوردستاندا کێشابوو، لە هەمانکاتیشدا رژێمی بەعس و سەدام ، بەتەنیا کوردستانیان داگیرنەکردەوە ، بەڵکو کوردستانیان کردە سەربازگایەکی گەورە و لە تێکڕای ناوچە جیاوازەکانی کوردستان سەربازگای گەورەی دامەزراند و لەسەر ترۆپکی هەر چیاو گردۆڵکەیەیش رەبایەی سەربازی لێدانا ، بەڵام وێڕای ئەو نائومێدییە گەورەی باڵی بەسەردا کێشابووین و ، ئەو دەستە ئاسنینەی بەعس کە کوردستانی دیل کردبوو، ئەمجارەشیان پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو جەرگەی نائومێدیدا بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان، ئومێدو هیوای بۆ گەلی کوردستان گێڕایەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە رێبەرایەتیی شۆڕشی گوڵانی دەکرد، هەر لەسەرەتاوە شێوازی خەباتی بەرەیی کردە نەخشەرێگەی خۆی و پەیامی ئەوەی راگەیاند کە جیاوازیی نێوان بیربۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان نابنە رێگر بۆ خەباتی هاوبەش لە پێناوی ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستاندا، ئەم ئەزموونە تازەیەی خەباتی بەرەیی هاوبەش کە ئیدریس بارزانی رۆڵێکی کارای لەنێو تەواو لایەنە کوردستانی و عێراقیدا گێڕا، بووە هۆکاری ئەوەی لەسەر ئاستی کوردستان ( بەرەی نیشتمانی دیموکراتي —جود-) دابمەزرێت و ، لەسەر ئاستی خەباتی هاوبەشی لایەنە کوردستانییەکان و عێراقیەکانیش، ( بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراتی — جوقد) دامەزرا، ئەم دوو بەرەیەی خەباتی هاوبەشی کوردستانی و عێراقی ، بووە هۆکاری

# بەهیچ شۆڕشێک ناگوترێ شۆڕش ئەگەر ئامانجی ئەو شۆڕشە ئازادی نەبێت

**مارکیزی دی کوندروسیە**
**بیرمەندی فەرەنسی و کاراکتەرێکی کارا لە شۆڕشی فەرەنسادا**

ئەوەی زەمینیەك بێتە ئاراوە کە شۆڕش بە ئەزموونێکی نوێیەوە پێ بنێتە قۆناخێکی تازەوە.

لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ساڵانی دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، چەند رووداوێکی ناخۆشی شەڕی خۆکوژی وکوردکوژی بەرۆکی بە شۆڕشی گوڵان گرت، بەڵام لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی و دووربینیی ئیدریس بارزانی بۆ ئایندەی شۆڕشی کوردستان و لەدەستنەدانی دەرفەتە مێژووییەکان، وایانکرد کە شەڕی شومی ناوخۆ سەرتاسەری کوردستان نەگرێتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا کۆتاییان پێهێنا، لەمەش زیاتر زەمینەی ئەوەیان خۆشکرد کە کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی کۆتاییان پێ بێت و ئاشتەوایی لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییەکاندا بێتە ئاراوە، لەم هەوڵەشدا کە ئیدریس بارزانی رۆڵێکی کارای بۆ ئەو زەمینەسازییە دا، توانرا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٦ بە ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی، ئاشتەوایی تەواو لەناو ماڵی کوردستاندا دروستبکەن، ئەم هەنگاوەش وەرچەرخانێکی لە بیرکردنەوەی سەکردایەتیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا دروستکرد کە بیر لە دروستکردنی بەرەیەکی تازە بکرێتەوە بە ناوی ( بەرەی کوردستانی). ئەوجا لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧ ئیدریسی هەمیشەلەیاد شەهید بوو ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی ئیدریس بارزانی بۆ رێکخستنەوە و ئاشتەوایی نێوماڵی کوردستان ، تەنیا رێگە بوو بۆ تێپەڕاندنی رۆژە سەختانەی کە پێشبینی دەکران رووبەڕووی کوردستان ببنەوە، سەرۆك بارزانی لەسەر هەمان نەخشەی ئەندازیارەکەی بەرەی کوردستانی هەوڵەکانی درێژە پێدا ، هەتا لە هاوینی ١٩٨٧ توانی لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبە کوردستانییەکانی دیکە بەفەرمی بەرەی کوردستانی راگەیاند و، ئیدریس بارزانیش وەك ئەندازیاری ئاشتەوایی و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی ناوی لە مێژوو تۆمار کرا.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی بەرەی کوردستانی لە سەردەمانی پێش ئەنفال و کۆتاییهاتنی جەنگی عێراق – ئێران راگەیەنرا، بەڵام ئەم بەرەیە بووە هەوێنی یەکڕیزیی تێکرای خەڵکی کوردستان بەو خەڵکانەشی لەبەر ناچاری چەکیان بۆ رژێمی بەعس هەڵگرتبوو، کە سەرەنجام راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی بەدوادا هات و ، وێرای ئەو هەموو کارەساتەی لەو ساڵانەدا بەسەر کوردستاندا هات، بەڵام ئەو یەکڕیزی و ئاشتەواییەی خەڵکی کوردستان بووە فاکتەری ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجامدراو پاشان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

ئەو پەند و وانەیەی لە ئەزموونە تازەکەی شۆڕشی گوڵان لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان خۆی تۆمار کردووە، ئەوەیە کە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و بوونی فرەیی حزبی رێگر نییە لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجی نیشتمان و نەتەوەکەمان ، بەمەرجی هەموو جیاوازییەکانمان لەیەك بازنەدا کە ئەویش بەرژەوەندیی باڵای کوردستانە، هەموو خاڵە هاوبەشەکانی خۆیان پێکەوە کۆبکەنەوە.



# کوردستان لەناو جەرگەی ململانێکاندا





**وشیار سیوەیلی**

**بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

بۆ گوڵانی نووسیوە

گۆڕانکاریی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ڕوودەدەن و لە ئەنجامدا کاریگەریی خۆیان لەسەر سیستەمی سیاسی و ئابووریی ناوچەکە بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ دادەڕێژن.

کاریگەریی و لێکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕین وشۆڕشانەی لە بەهاری ٢٠١١ لە تونس دەستیانپێکرد و بە (بەهاری عەرەبی) ناسران و دۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنی وکۆمەڵایەتی لە میسر و سوریا و لیبیا و دواتر یەمەن و جەزائر و سودانیان هەژاند هێشتا بەردەوامە. دۆخی ناجێگیری عێراق و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و ململانێی نێوان ئەم وڵاتە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دۆخی تورکیا و ڕۆڵی حیزبوڵای لوبنانی لەناو خودی

**کاریگەریی و لێکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕین وشۆڕشانەی لە بەهاری ٢٠١١ لە تونس دەستیانپێکرد و بە (بەهاری عەرەبی) ناسران و دۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنی وکۆمەڵایەتی لە میسر و سوریا و لیبیا و دواتر یەمەن و جەزائر و سودانیان هەژاند هێشتا بەردەوامە**

**ئێمەش بەشێکین لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەو ساتە مێژووییە چەندە گرنگە بۆ داهاتووی تورکیایەکی گەورەی خاوەن پێگە و دەسەڵات، ئەوا کارتێکردن و دەرهاویشتەی تەوژمی گۆڕانکارییەکانی سات یان وەرچەرخانە مێژووییەکە لەسەر ئێمە و بۆ ئێمە یەکجار کاریگەرتر دەبێت**

لوبنان و ڕۆڵی ئیسرائیل و ڕووسیا و ململانێی شیعە و سوننە دۆخێکی ئەوتۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا دروستکردووە کە لە مێژووی ناوچەکەدا وێنەی نییە. سیما و خەسڵەتەکانی ئەم ساتە، لە ڕووی گرنگییان و کاریگەرییان لەسەر داهاتووی وڵاتانی ناوچەکە و بگرە جیهانیش، ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەو نەخشە سیاسییەی (مەرج نییە گۆڕینی سنوورەکان لە خۆبگرێت) دوای یەکلابوونەوەی ململانێکان دێتە ئاراوە زۆر جیاواز دەبێت لەوەی ئێستا هەیە. دەشێت، لە هەموو ڕوویەکەوە، وەک ساتێک یان وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ مامەڵەی لە تەکدا بکەین. وەک ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا و سەرۆکی پێشووی ئاکپارتی لە کاردانەوەیدا بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی تورکیا لە ٣١ی ئازاردا، لە ڕۆژی ٢٢ی نیسان دا لە ئاکاونتی فەیسبووکی خۆی نوسیبووی: (ئەو قەیرانانەی لەم دواییانەدا لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕوودەدەن، بریتین لە ژانی لەدایکبوون لە منداڵدانی مێژوودا).

بە واتایەکی دیکە، ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە وەرچەرخانێکی مێژووییدا یان وەک پرۆفێسۆر داود ئۆغلۆ دەڵێت بە ساتێکی مێژوویی گرنگدا تێدەپەڕێت. وەک هەموو وەرچەرخانێکی دیکەی مێژوویی کە ڕوویداوە، ئەمەشیان دەکرێت دەرفەترەخسێن بێت بۆ هەندێک و ماڵوێرانکەریش بێت بۆ هەندێکی دی. بێگومان خەمی داودۆغلۆ ئایندەی تورکیایە و ڕۆڵ و شێوازی مامەڵەکردنی تورکیایە لە گەڵ ئەو دەرفەت و هەڕەشە و مەترسییانەی دۆخێکی وا بۆ تورکیای دەخولقێنێ. ئێمەش بەشێکین لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەو ساتە مێژووییە چەندە گرنگە بۆ داهاتووی تورکیایەکی گەورەی خاوەن پێگە و دەسەڵات، کە ڕەنگە ئەو دەسەڵات و پێگەیە توانای ئەوەی پێببەخشێت کە چالاکانەتر وکاریگەرتر ئیدارەی ڕووداوەکانی ساتە مێژووییەکە بکات، ئەوا کارتێکردن و دەرهاویشتەی تەوژمی گۆڕانکارییەکانی سات یان وەرچەرخانە مێژووییەکە لەسەر ئێمە و بۆ ئێمە یەکجار کاریگەرتر دەبێت. پێویستە ئێمەش، بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوەندی بڕیاری سیاسیدان، هەوڵبدەین شیکردنەوەی ورد و واقیعییانە و بابەتییانە، لەبەر ڕۆشنایی پێگە و هێزی خۆماندا، بۆ دۆخەکە بکەین و تاوتوێی هەڕەشە و دەرفەتەکان بکەین.

با سەرنجێک بدەینە تەنیا چەند پەرەگرافێکی سەرەتای وتارەکەی سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا و لە باری سەرنج و گۆشەنیگای ئەوەوە سەیرێکی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکەین. داودۆغلۆ دەڵێت:

(گرنگیی ساتێکی مێژوویی دیاریکراو خۆی لە تەوژمی ئەو ڕووداوانەدا بەرجەستە دەکات کە لەو ساتەدا ڕوودەدەن. لە داهاتوودا، جیاوازیی بنەڕەتی دەردەکەوێت لەنێوان ئەوانەی دەتوانن ئیدارەی ئەم تەوژمە بکەن لە ڕێگای تێگەیشتنیان لە گرنگیی ساتە مێژووییەکە و ئەوانەی ئەم تەوژمە پەلکێشیان دەکات و بە ئاقاری دیکەدا دەیانبات بەهۆی خۆدوورخستنەوەیان لە تێگەیشتنی گرنگیی ڕاستەقینەی ساتە مێژووییەکە.

ئەو وڵاتانەی دیدێک دادەڕێژن کە لەگەڵ سروشتی ساتە مێژووییەکەدا دەگونجێ، لە ڕێگای گرتنەبەری ڕێڕەوێکی تۆکمەوە کە ناکۆکییە نێوخۆییەکان وەلادەنێ، دەبنە خاوەن هێزێکی ئەوتۆ کە ئایندەیان بۆ دەیان ساڵ و بگرە بۆ سەدەکانی داهاتووش دادەڕێژێت، بەڵام ئەو وڵاتانەی وزەی خۆیان لە ناکۆکییە نێوخۆییە بەتاڵەکاندا بەفیڕۆ دەدەن، دەبنە نوێنەری لایەنان و تاقمانی نێگەتیڤی نێو کاروانی مێژوو.

ئەو قەیرانانەی لەم دواییانەدا کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕوویانداوە بریتین لە ژانی لەدایکبوون لە منداڵدانی مێژوودا).

جەیمس ڕۆبینسۆن و دارۆن ئاسمۆگلۆ لە کتێبە شاکارەکەیاندا (بۆچی نەتەوەکان شکستدەهێنن)، پێداگریی لەسەر گرنگی ساتی مێژوویی یان وەرچەرخانی مێژوویی دەکەن لە ژیانی وڵات و نەتەوەداو ئاست و شێوازی سودوەرگرتن لە وەرچەرخانە مێژووییەکان دەگێڕنەوە بۆ سروشتی دەزگایانی سیاسیی نەتەوە و لایان وایە کە دەکرێت ئەو گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕانەی ڕوودەدەن دەرفەتی کرانەوە و بەرەوپێشچوون و پەرەپێدان بۆ دەزگا سیاسی و ئابوورییەکان بڕەخسێنن، لە هەمان کاتدا، گەر ژیرانە لە سروشت و بەرژەوەندی و کاریگەریی ئەو هێزانەی ئەکتەری سەرەکی ساتە مێژووییەکەن نەگەین و کاریگەریی کورتخایەن

و درێژخایەنی گۆڕانکارییەکان لەسەر پێگە و بەرژەوەندیی خۆمان هەڵنەسەنگێنین، ڕەنگە وەک باسمانکرد لەبری ئەوەی دەرفەترەخسێن بن ببنە هۆی ماڵوێرانی و کاری یەکجار نێگەتیڤ بکاتە سەر داهاتوومان. ڕۆبینسۆن و ئاسمۆگلۆ دەڵێن:

(وەرچەرخانی مێژوویی شمشێرێکی دوو سەرە، کە دەبێتە هۆی وەرچەرخانی خێرا لە ڕێڕەوی نەتەوەیەکدا. لە لایەکەوە، دەتوانێت ڕێگاخۆشکاری پچڕاندنی بازنەی دەزگا چەوسێنەرەکان و سەرهەڵدانی دەزگایانی زیاتر کراوە بێت، هەروەک لە ئینگلتەرەدا ڕوویدا. دەشتوانێت سەرهەڵدان و بوونی دەزگایانی چەوسێنەر چڕتر بکاتەوە، هەر وەک ئەو حاڵەتەی لە سەردەمی کۆیلایەتی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا ڕوویدا).

لە ماوەی تەنیا سی ساڵی ڕابوردودا، ئەم بەشەی کوردستانی ئێمە بە سێ ساتی مێژوویی گرنگدا تێپەڕیوە و تەوژمی ڕووداوەکانی ئەو ساتانە سنووری ئەم بەشەی کوردستانیشی تێپەڕاندووە و مۆرکیان لەسەر بونیادی سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتیی ئێستا و داهاتووش داناوە. هەر سێ ساتە مێژووییەکان جەنگ دروستیکردن، بە هەمان شێوەی بەشێکی زۆری ئەو ساتە مێژووییانەی لە کۆندا هاتوونەتە ئاراوە.

لە ساڵی ١٩٩١ دا، جەنگی ڕزگاریی کوەیت و ڕاپەڕین و ئاوارەبوونی خەڵکی باشووری کوردستان و بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش، ساتێکی مێژوویی گرنگیان خوڵقاند، وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو کە مەگەر جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە و جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ساتە مێژووییانەیان بۆ گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان دا خوڵقاندبێت. لە کاتێکدا نەتەوەی کورد تا ئێستاش تاڵاوی سوود وەرنەگرتنمان لەو دوو ساتە مێژووییە گرنگانە دەنۆشی کە هەردوو جەنگی جیهانی دروستیکردن، توانیمان تا ئاستێکی باش سوود لەو دەرفەتە وەربگرین کە لە ساڵی ١٩٩١ هاتەئاراوە، هەرچەندە دەکرا و دەبوایە زۆر باشتر ئەو دەرفەتەمان بۆ دامەزراندنی دەزگایانی سەردەمیانە و کراوە و بنیاتنانی سیستەمێکی باشتری حوکمڕانی بەکاربهێنایە. جەنگی ئازادی ساڵی ٢٠٠٣ کە بووەهۆی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نووسینەوەی دەستووری فیدراڵی و بە فەرمی ناساندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوود وەرگرتن بوو لەو دەرفەتە. جەنگی دژی داعش و بە نێودەوڵەتیکردنی ڕۆڵی پێشمەرگە و ڕیفراندۆم، دیسانەوە ساتێکی مێژوویی گرنگ بوو کە گەر ناتەبایی نێوخۆ نەبایە ڕەنگە دۆزی ڕەوای ئێمە قۆناخێکی تر بچوایەتە پێشەوە.

هێشتا ئەو دۆخەی بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی هاتە ئاراوە، لە شێواز و فۆرمێکی دیکەدا بەردەوامە. ناکۆکییەکانی ئەمەریکا و ئێران بەرە و قوڵبوونەوەی زیاتر ملدەنێن. ڕووسیا لە ڕێگەی سەرکەوتنی لە هێشتنەوەی ڕژێمی سووریا و پەلکێشانی زیاتری لە بواری کۆنترۆڵ و مۆنۆپۆڵی بازاڕی وزە، بە تایبەتی غازی سروشتی ڕۆڵی زیاتر و کاریگەرتر دەبێت لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا و چین وەک ڕکابەری سەرەکیی ئەمەریکا لە جیهاندا لە ئاییندەیەکی نزیکدا، لە ڕێگەی فراونکردنی پێگەی ئابووری و دواتریش سەربازی و سیاسی و لە ڕێگەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگای ئەم سەردەمە کە زیندووکردنەوەی ئامانج و ویست و خواستەکانی سەردەمی ڕێگای ئاوریشمە، دوای ئەوەی لە کیشوەری ئەفەریقادا ڕەگی بەهێزی داکوتاوە، لە هەوڵی بەردەوامدایە تا ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکاتە بنکەیەکی بەهێزی دابینکاری وزە و کەرەسەی خاو و لە هەمانکاتیشدا بازاڕێکی گرنگی ئابووری بۆ وڵاتەکەی. هەر یەک لەم جەمسەر و لایەن و ناوەندە سیاسی و ئابووری و سەربازییە گەورە و زەبەلاحانە لە هەوڵی ئاڕاستەکردنی تەوژم و شەپۆلی زریانی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ئەم ساتە مێژووییەن بە ئاڕاستەی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی وحزبی و شەخسییەکانی خۆیان.

وەک وتمان، ئێمەش بەشێکین لەم ناوچە گرنگ و ناسەقامگیرەی جیهان و ڕووداوەکانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کارمان تێدەکەن. لەبەر ئەوەی تەنیا نەتەوەی سەرەکی ژێردەستەین لەم ناوچەیەدا، دەبێت هەمیشە لە خەم و فیکر و هەوڵی ئەوەدا بین بە باشترین شێوە سوود لە دەرفەتی ساتە مێژووییەکە وەگرین و خۆمان بگەیەنینە ئاستی سیاسی سێ نەتەوەکەی دیکە

**سەرۆک مسعود بارزانی لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا و لە میانەی باسکردنی دۆخی ئەمڕۆی ناوچەکە و ڕۆڵ و ئەرکی هەرێمی کوردستان بە گشتی و هی پارتی بە تایبەتی لە (ئیدارەدان)ی دۆخەکە وتی: (دەبێت هەوڵبدەین بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لە گۆڕانکارییەکاندا بپارێزین و گەر نەمانتوانی هەوڵبدەین بە لایەنی کەمەوە خەڵکی کوردستان زەرەر نەکەن)**

**جەیمس ڕۆبینسۆن و دارۆن ئاسمۆگلۆ لە کتێبە شاکارەکەیاندا (بۆچی نەتەوان شکستدەهێنن)، پێداگریی لەسەر گرنگی ساتی مێژوویی یان وەرچەرخانی مێژوویی دەکەن لە ژیانی وڵات و نەتەوەداو ئاست و شێوازی سودوەرگرتن لە وەرچەرخانە مێژووییەکان دەگێڕنەوە بۆ سروشتی دەزگایانی سیاسیی نەتەوە و لایان وایە کە دەکرێت ئەو گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕانەی ڕوودەدەن دەرفەتی کرانەوە و بەرەوپێشچوون و پەرەپێدان بۆ دەزگا سیاسی و ئابوورییەکان برەخسێنن**

کە عەرەب و تورک فارسن. لە هەمانکاتدا هەڕەشە و مەترسییەکانی سەرمان کەمبکەینەوە. ئایا لە ناوجەرگەی ئەم بورکانەدا ئێمە دەبێت چی بکەین؟

سەرۆک مسعود بارزانی لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا و لە میانەی باسکردنی دۆخی ئەمڕۆی ناوچەکە و ڕۆڵ و ئەرکی هەرێمی کوردستان بە گشتی و هی پارتی بەتایبەتی لە (ئیدارەدان)ی دۆخەکە وتی: (دەبێت هەوڵبدەین بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لە گۆڕانکارییەکاندا بپارێزین و گەر نەمانتوانی هەوڵبدەین بە لایەنی کەمەوە خەڵکی کوردستان زەرەر نەکەن). ئەمە ئەو ئەرکە یان پەیامەیە کە دەبێت لەم قۆناخەدا جێبەجێبکرێت تا خزمەتی دیدێکی گشتگیرتر و درێژخایەنتر بکات کە (ئازادیی گەلی کوردستانە لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتەوە). بە واتایەکی دیکە ئەوەی کاک مسعود دەخوازێت دانانی ستراتیژییە لە بوارە جیاوازەکانی ئیدارەدانی دۆخ یان ساتە مێژووییەکە. ستراتیژیش لە ڕێگەی پلانەکان و پلانەکانیش دەکرێت لە ڕێگەی لەبەرچاوگرتنی چەندین ئەگەر و سیناریۆ ( پلانی ئەی و بی و سی و هتد) جێبەجێبکرێن.

ئێمە هەموو کات پێویستمان بە بوونی دید و پەیام و ستراتیژ و پلان و پرۆژە هەیە لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم و حزب و دەزگا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان. زۆر پێویستە (وەک حزب) زۆرترین ژمارەی ئەندامان و لایەنگرانی حزب و (وەک حکومەت) زۆرترین ژمارەی دەزگا جیاوازەکان و گروپە بەرژەوەند جیاوازەکان و تاکەکانی کۆمەڵگا بەشداریی پێبکەین لە گەڵاڵەکردنی دید و پەیام و ستراتیژ و پلانەکاندا دەبێت زۆرترین ژمارە و فراوانترین کەرت و توێژەکان بکرێنە خاوەن ئەو ستراتیژ و پلان و پرۆژانە و وایان لێبکرێت بەشداریی کارا لە جێبەجێکردن و پاراستن و بەردەوامییان بدەن. یەکێک لەو کێشە و گرفتانەی حکومەت و کۆمەڵگای کوردستان دووچاری بوون، لاوازیی ئینتیمایە بۆ خاک و نەتەوە و بۆ دەزگا جیاوازەکانی دەوڵەت و ئەو یاسا و ڕێسایانەی کاروباری بەڕێوەبردن و پاراستنی هەرێم ڕێکدەخەن. خەریکە ئینتیما بۆ هۆز و حزب جێگەی ئەو ئینتیما فراوان و گشتگیرە دەگرێتەوە.

**ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە وەرچەرخانێکی مێژووییدا یان وەک پرۆفیسۆر داودۆغلو دەڵێت بە ساتێکی مێژوویی گرنگدا تێدەپەڕێت. وەک هەموو وەرچەرخانێکی دیکەی مێژوویی کە ڕوویداوە، ئەمەشیان دەکرێت دەرفەتڕەخسێن بێت بۆ هەندێک و ماڵوێرانکەریش بێت بۆ هەندێکی دی**

**هەموو کات پێویستمان بە بوونی دید و پەیام و ستراتیژ و پلان و پرۆژە هەیە لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم و حزب و دەزگا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان. زۆر پێویستە (وەک حزب) زۆرترین ژمارەی ئەندامان و لایەنگرانی حزب و (وەک حکومەت) زۆرترین ژمارەی دەزگا جیاوازەکان و گروپە بەرژەوەند جیاوازەکان و تاکەکانی کۆمەڵگا بەشداریی پێبکەین لە گەڵاڵەکردنی دید و پەیام و ستراتیژ و پلانەکاندا**

پرسیارە گرنگ و گەورەکە ئەوەیە: ئایا لەم ساتە مێژووییە گرنگەدا کە ناوچەکە لە ژانی لە دایکبوونێکی نوێدایە، پێویستە ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانکارییەکان لە هەڕەشەوە بگۆڕین بۆ دەرفەت یان هەر هیچ نەبێت تەوژمی گۆڕانکارییەکان لاڕێمان نەکەن و تووشی هەڵدێرمان نەکەن.

بەر لەوەی بڕیار لەسەر ئامانج و ستراتیژ و پلانەکانمان بدەین دەربارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، پێویستە لە خۆمانەوە دەستپێبکەین دواتر بەرەو دەرەوە بڕۆین. پێویستە خۆمان بناسین ئەویش بە زانینی هێز و لاوازییەکانمان و لە دەرەوەی خۆشمان سروشت و ئاستی دەرفەت و هەڕەشەکان بدەینە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە و توانا نێوخۆییەکانمان زیاد و لاوازییەکانمان کەمتر بکەین تا گەورەترین سوود لە دەرفەتەکان وەرگرین هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانمان کەمکەینەوە.

تەکنیکێکی زۆر باو و کارپێکراو لە بواری داڕشتنی ستراتیژ و پلانی کاری بیزنیز دا بریتییە لە (SWOT) کە کورتکراوەی (Strengths, Weaknesses, Opportunities, Threats)، بە کوردییەکەی دەبێتە (تواناکان، لاوازییەکان، دەرفەتەکان، هەڕەشەکان). توانا و لاوازییەکان زیاتر پەیوەندییان بە دۆخی نێوخۆوە هەیە و ئامادەی دەکەن بۆ ئەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان کەمبکاتەوە و باشترین سوود لە دەرفەتە ڕەخساوەکان وەربگیرێ. لەم تەکنیکەی دانانی ستراتیژدا، دەزگاکە یان لایەنەکە ، دەبێت لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت و زۆرترین ژمارەی ئەوانەی پێیان دەوترێت (stakeholders) یان بەرژەوەنداران بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن.

### ● فاکتەرە نێوخۆییەکان

هێز یان توانا: بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت نەک تەنیا ڕووبەڕووی ئەو کۆسپ و تەحەدا و هەڕەشانە ببێتەوە کە ئەم دۆخەی پێیدا تێدەپەڕین و بە ساتی مێژوویی ناومان برد، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانێت ئیدارەیەکی چالاکی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕەکان بە شێوەیەک بکات کە خەڵکی کوردستان تیایدا سوودمەند بن، دەبێت ئازایانە و زانستیانە و

واقیعیانە ئاستی هێز و تواناکانمان بزانین. ئایا لە ڕووی سەربازی و ئابووری و سیاسی و پێگە و هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و کەرت و لایەنەکانی دیکەدا ئاست و ڕادەی هێزمان چۆنە. زۆرجار لە کەسانی سیاسی و چاودێران و میدیاکاران دەبیستین کە پێگەی بەهێزی هەرێمی کوردستان وایکردوە دەوڵەتان گرنگی بە هەرێمی کوردستان بدەن. دەبێت ئەو کۆڵەکانە دیاریبکرێن کە ئەو پێگە بەهێزەیان ڕەخساندووە تا هەوڵبدەین پتەوتریان بکەین. ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کەرتی وزە، سامانی ئاو، کەرتی کشتوکاڵ یان تەنانەت کەلتووری پێکەوەژیانی سیاسی و ئاینی و نەتەوەیی خاڵی بەهێزی ئێمەن، دەبیت بە پێی ستراتیژی تایبەت بە هەر یەک لەو لایەن و کەرتانە، هەوڵی پێشخستن و بەهێزکردنیان بدەین.

لاوازییەکان: لە کاتێکدا گەل و حکومەت و کۆمەڵگای ئێمە خاوەن چەندین لایەن و ناوەندی هێز و توانان، لە هەمانکاتدا وەک هەموو حکومەت و کۆمەڵگایەکی دی، خاڵ و لایەنی لاوازیشمان هەیە. لە چوارچێوەی ئەو شیکردنەوانەی باسمانکردن پێویستە شیکردنەوەی ورد بۆ لایەنە لاوازەکانیش بکرێت و بە پێی ستراتیژی بڕیار لەسەردراو پلان و پرۆژەی پێویست بۆ نەهێشتنی لاوازییەکان دابنرێت. بۆ نموونە: ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکێک لە سەرچاوەکانی هێز یان توانان، ئایا لاوازییەکانی ئەم هێزە چین. بێگومان وەلای حزبیی بەشێک لەم هێزە خاڵی لاوازە. ڕەنگە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکان چەندین خاڵی لاوازی دیکەیش دیاریبکەن. لە بواری کشتوکاڵدا، سەرەڕای لایەنە بەهێزەکانی بوونی زەوی بە پیت و سامانی ئاوی باش، بۆچی بەرهەمە نێوخۆییەکانمان لە کێبڕکێی بەرهەمە دەرەکییەکاندا سەرکەوتوو نەبوون. بوونی نەوت و غاز، سامانێکی سروشتی یەکجار گرنگە، واتا سەرچاوەی توانا و هێزە، بەڵام دەشکرێت ببێتە مایەی لاواز بوونی ئابووری و کەمبوونەوەی بەرهەمداریی و دواکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییەی بە نەخۆشیی هۆڵەندی ناسراوە. ناکۆکی و ناتەبایی هەمیشە خاڵی لاوازمان بووە و زۆرجار کۆسپ بووە لە ڕێگای سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە ساتە مێژووییەکان دروستیانکردوون. گفتوگۆی جدی و دانانی ستراتیژ و چوارچێوەی پێویست بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان و وەک داودۆغلۆ دەڵێت، خولانەوە بە دەوری ململانێ نێوخۆییە بەتاڵەکاندا، بنەمانی سەرەکی بەرگەگرتنی هەڕەشە و مەترسییەکان و سوودوەرگرتنە لە دەرفەتەکان.

### ● فاکتەرە دەرەکییەکان

دەرفەتەکان: وەک باسکرا، وەرچەرخانی مێژوویی دەرفەت دروستدەکەن و هەڕەشەو مەترسیش لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنەکاندا تا دەکرێت دەبێت دەستنیشانی ئەو دەرفەتانە بکرێت کە هاتوون یان دێنە ئاراوە و شێوازو پێداویستییەکانی سوودلێوەرگرتنیان دیاری بکرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو هێز و توانا و لاوازییانەی حکومەت و کۆمەڵگای ئێمە هەیانە، بۆ نموونە، ئایا ئەم دۆخەی لە ناوچەکەماندا دروست بووە لە ئەنجامی ململانێی نێوان جەمسەر و لایەنە جیاوازەکان هیچ هەل و دەرفەتێکی لەبار بۆ گەلی کوردستان لەم بەشەدا دەڕەخسێنن؟ گەر وایە دەبێت دیاریبکرێن. دیاریکراوتر ئابڵوقەی ئابووریی سەر ئێران و لەوەش خراپتر ڕوودانی جەنگ چۆن و بە چ شێوەیەک کاریگەری لەسەر ئێمە دەبێت.

هەڕەشەکان: بەشێکی گرنگی شیکردنەوەی دۆخەکە و هەڵسەنگاندنی کارلێککردنی جەمسەرە جیاوازەکان و کاریگەرییان لەسەر ئێمە دەبێت بریتی بێت لە خوێندنەوەیەکی ڕیالیستیانەی هەڕەشەکان. دیسانەوە وەک نموونە باسی سیناریۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەین لە عێراق و کوردستان. تەنانەت ئەگەر لاوازیش بێت، پێویستە بە وردی شیکردنەوەی بۆ بکرێت پلانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشانە دابنرێت کە ڕەنگە کشانەوەی ئەو هێزانە دروستی بکەن. بابەت و کێشە و ململانێ و سیناریۆ زۆرن کە ڕەنگە لە قۆناخێک لە قۆناخەکاندا ببنە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی و پێویستە بە پێی تواناکان ئامادەکاری بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانیان بکرێت.

**بوونی نەوت و غاز، سامانێکی سروشتی یەکجار گرنگە، واتا سەرچاوەی توانا و هێزە، بەڵام دەشکرێت ببێتە مایەی لاواز بوونی ئابووری و کەمبوونەوەی بەرهەمداریی و دواکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییەی بە نەخۆشیی هۆڵەندی ناسراوە**

**وەرچەرخانی مێژوویی دەرفەت دروستدەکەن و هەڕەشەو مەترسیش لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنەکاندا تا دەکرێت دەبێت دەستنیشانی ئەو دەرفەتانە بکرێت کە هاتوون یان دێنە ئاراوە و شێوازو پێداویستییەکانی سوودلێوەرگرتنیان دیاری بکرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو هێز و توانا و لاوازییانەی حکومەت و کۆمەڵگای ئێمە هەیانە**

# پێکەوەژیان
# کولتووری ڕەسەنی گەلی کوردستانە

زۆرجار دەگەمە ئەو بڕوایەی کە ئایین و، تێگەیشتن لە ئایین و، ئاینپەروەران لە سەردەمانی ڕەسەنایەتیی کوردەواری و، پێش تێکەڵبوونی بەکولتووری هاوردەکراوی گەلانی دەوروبەر، زۆر کراوە و سنگفراوان و ئازاد بوون.

زۆربەشمان لەوانەیە کۆك بین لەسەر ئەوەی کە لەهەموو سەردەمێکدا زانا و ئایینپەروەران لەنێو کۆمەڵگەدا ئامادەییان هەبووە، وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆشیان داوەتەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێك تاك و کۆی ئەم سەردەمە، تەنیا بەوەوە ناوەستن کە لیستی قەدەغەکراوەکان درێژ بکەنەوە، بەڵکو زۆرجاریش دێن و شتانێکیش قەدەغە دەکەن کە لە سەردەمانێکی پێش ئێستا ڕێپێدراو و ئاسایی بوون.

ڕۆمانێك دەیان ساڵ پێش ئێستا نووسراوە، کەچی ئێستا هەندێك لەتوندڕەوانی ئایینی داوای قەدەغەکردنی دەکەن، کتێبێك پێش دەیان ساڵ چاپ کراوە، کەچی ئێستا هەندێك کەسانی دەمارگیر لە دژی دەوەستن، وەك بڵێی دەیان ساڵ لەمەو بەر زانایەك، یان ئایینپەروەرێك نەبوبێت و ئەو نووسراوانەی نەدیبێت.

لە هەزاران ساڵ لەمەو بەرەوە، ئەهرامەکان و باخچە هەڵواسراوەکان و زۆر پەیکەری دیکە هەبوون و بەدرێژایی سەردەمانی فەرمانڕەوایی ئیسلامییش هەر ماونەتەوە، کەچی لەم سەردەمەدا هەندێك قاعیدە فکر و هەندێك تاڵیبان هزر پەلاماریان دەدەن، وا دەزانن زانایانی سەدان ساڵ لەمەوبەر ئاگایان لەم پەیکەرانە نەبووە و نەیان دیوە.

جۆرێکی جلوبەرگی گەلان سەدان ساڵە لە نێو کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و ئاینپەروەرانی پێش ئێمە هەر باسیشیان لێوە نەکردووە، کەچی ئێستا هەندێك داوای قەدەغکردنی دەکەن.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم، کە زۆرن ئەو کەسایەتیی و ڕێکخراوە ئایینییانەی لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە کرانەوە و سنگفراوانی دەکەن، کەچی لە واقیعدا بەداخەوە زۆر داخراو و تەنگەنەفەسانە مامەڵە دەکەن، ئەم جۆرە کەسانەش بەسەر هەموو ڕێکخراوەکاندا دابەش بوون و تەنانەت موسڵمانی داخراو و تەسکبین لەنێو ڕێکخراوی عەلمانیشدا بوونی هەیە.

بۆیە لە عەیبە هەرە گەورەکانی کاری ئایینیی ئەوەیە، کە ئایینپەروەران بچنە نێو وردەکاریی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە، لە کاتێکدا خودی ئایین کۆمەڵێك هێڵی پان و گشتی دەدات و لەپێناوی هێشتنەوەی جیاوازییەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە وردەکارییەکان بۆ ڕۆژگار و شوێن و مرۆڤەکان خۆیان بەجێ دەهێڵێت.

لێرەوەیە هزری سەپاندن و زۆرەملێ جۆرێکە لە دیکتاتۆرییەت و کەسێك بەرهەم دەهێنێت کە حەز دەکات لە گشت ڕووبەر و پانتاییەکی ژیاندا خۆی فەرز بکات، دیکتاتۆرییەتی ئایینییش کە لە هەڵسوکەوتی هەندێك تاکی نێو کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت، جۆرێکی دیکەیە لەو تاکڕەوییەی کە دەیەوێت هەموو دنیا بەو ڕەنگە بنەخشێنێت کە خۆی پێی جوانە، ئەو ڕووبەر و پانتاییەش داگیر بکات کە خودی ئایین بۆ خەڵکی بەجێ هێشتووە.



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

جـا لەپێنـاوی پاراسـتنی کۆمەڵگـەی کـوردی لـە هـەر هـزرو بیرێکـی ئایینیـی نامـۆو تونـدڕەو، زۆر گرنگـە بـەردەوام بـە میکانیزمـی بەیەکگەیشتن بـۆ لەیەکگەیشـتن، بەدروشـمی: پـرد دروست بکـە دیـوار دروسـت مەکـەن، کولتـووری پێکەوەژیانـی ئایینـی و نەتەوەیـی بپارێزیـت.

کولتـووری پێکەوەژیـان پێویسـتە لەگشـت بوارەکانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و تەنانـەت ئـەدەب و هونەریشدا ڕەنـگ بداتـەوە، هـەر لـەم بوارەشـدا و بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـاڵی ٢٠١٧ هۆنراوەیەکـم بەناونیشـانی پێکەوەژیـان دایـە بەڕێوەبەرایەتیی پێکەوەژیانی ئایینی لـە وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینیـی هەرێمـی کوردسـتان، کەبەڵێنـی ئەوەیـان دا، بیکەنـە سـرودێك بـۆ پێکەوەژیـان، پێـم باشـە لێـرەدا دەقـی هۆنراوەکـە بخەمـە بـەر دیـدی خوێنەرانـی ئازیـزی گۆڤـاری گـوڵان:

**پێکەوەژیان**

ئەگـەر کـوردی، یـان عەرەبـی، یـان هاوڵاتیـی تورکومانـی
گـەر ئەرمەنـی، یـان ئاشـووریی، سـریانی یاخـود کلدانـی
گـەر موسـڵمانی یـان ئێزدیـی، ئەگـەر جـووی، یـان کریسـتیانی
گـەر سـابیئەی، یـان بەهائـی، زەردەشـتیی یاخـود یارسـانی
گـەر کاکەییـت، یـان شـەبەکی، یاخـود لەفەیلـی کوردانـی
هەرچـی دی بیـت تـۆ ئـازادی، هـەر هاوڵاتـی کوردسـتانی

***

لەجاڕنامـەی گـەردوونیدا، بـۆ مافـی وەك یەکـی ئینسـان
یـان لـە یاسـای پاراسـتنی، مافـی هەمـوو پێکهاتـەکان
بـۆ قەبوڵکردنـی یەکـدی و، بـۆ تەبایـی و پێکڤەژیـان
مافـت هەیـە وەك مافـی ئـەو، بـۆ بـوون و خوێنـدن و زمـان
کـەس بـۆی نییـە جیاکاریـی کا، یـا توندوتیژیـی، یـا تۆقـان
مافـی خۆتـە لـە کـوێ دەبیـت، لەنیشـتەجێبوون و گـەڕان

***

ئێـرە خاکـی کوردسـتانە، مێرگـی ئازادیـی بیـروڕا
لانکـەی پـاش تۆفانـی نوحـە، لـە تاریکیـی بـوو بـە چـرا
هـەر لەدێریـن زەمانـەوە، مزگێنـی ئاشـتیی تیـا درا
هێمـای هەمـوو گەلانێـك و، ئایینێکـی تیـا هەڵکـرا
بەڕێزگرتـن لـە جیاوازیـی، دەژیـن هەمـووان وەکـو بـرا
وەك تـاك و کـۆ، تـۆش وەك هەمـوان، بـا بتبـێ نـاوی ئاشـکرا

# بارودۆخی گەشەکردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا


• **پێشەکی**

لە دوو وتاری پێشوودا تیشکم خستە سەر شێوازەکانی حوکمڕانی و گەشەکردنی ئابووری لە وڵاتانی هەژاردا. لە هەردوو وتاردا شیکردنەوەیەکی تیۆریم خستەڕوو لە بارەی دیموکراسی و دیکتاتۆری و کاریگەرییەکانیان لەسەر گەشەکردنی ئابووری و بە شێوەیەکی کورت باسی ئەزموونی وڵاتانی هەژارم کرد لەمەڕ سەرکەوتن و شکستخواردنیان لە بواری سیاسەتەکانی ئابووریدا. لە هەردوو وتاردا باسێکی ئەوتۆی ئەزموونی هەرێمی کوردستانم نەکردووە، بەڵکو ئەو شیکردنەوانەم خستەڕوو بۆ ڕێ خۆشکردن بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان لە هەمان بواردا. ئامانجی ئەم وتارە شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی هەلە ڕەخساوەکان و ڕێگرییەکانی سیاسەتی گەشەکردنی ئابوورییە لە هەرێمی کوردستاندا.

هەرچەندە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە لە رووی یاساییەوە و حکومەتی ناوەند هەوڵدەدات ڕێگری بۆ سیاسەتەکانی گەشەکردنی ئابووری دروست بکات، بەڵام ئەزموونی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پازدە ساڵی ڕابردوو ئەوە نیشاندەدات کە حکومەتی کوردستان گەر بیەوێت دەتوانێت زۆربەی سیاسەتەکانی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام. باشترین نموونەش سەرکەوتنی سیاسەتی نەوت و گازی هەرێمە. بەڵام سەربەخۆیینەبوون کوردستانی بێبەش کردووە لە پاڵپشتە دەرەکییەکانی ڕێکخراو و بانکە جیهانییەکان. بۆ نموونە بانکی جیهانی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی تەنها یارمەتی و قەرز بە وڵاتانی سەربەخۆ دەدەن و عێراق چەندان جار سوودمەند بووە لە یارمەتی و قەرزەکانیان.

ئەوەی پێویستە بگوترێت لێرەدا ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان توانای سەربەخۆیی دەرکردنی یاسای هەیە لە رووی ئابووری و داراییەوە، بۆیە ڕێگری یاسایی بۆ سیاسەتی گەشەکردنی ئابووری لە کوردستاندا نییە. لە هەمان کاتدا پێویستە بگوترێت کە سەرباری ڕێگر و کۆسپەکانی گەشەکردن لە کوردستاندا، هەرێمی کوردستان لە چاو عێراقدا هەنگاوی زۆر گەورەی ناوە بۆ گەشەکردن و ئەو پێشکەوتنانەش لە باری

**هەرچەندە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە لە رووی یاساییەوە و حکومەتی ناوەند هەوڵدەدات ڕێگری بۆ سیاسەتەکانی گەشەکردنی ئابووری دروست بکات، بەڵام ئەزموونی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پازدە ساڵی ڕابردوو ئەوە نیشاندەدات کە حکومەتی کوردستان گەر بیەوێت دەتوانێت زۆربەی سیاسەتەکانی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام**



پرۆفیسۆر د. لەتیف کەریم واحید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

گوزەران و داهاتی تاکەکەسدا ڕەنگی بەرچاوی داوەتەوە. بۆ نموونە، بە پێی نوێترین ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق، ڕێژەی ئەوانەی لە خوارەوەی هێڵی هەژاریدا دەژین کە بە ڕۆژانەی (٢,٢٠$) دوو دۆلار و بیست سێنتی ئەمریکی دەپێورێت، ڕێژەی هەژاری لە پارێزگای سلێمانی لەژێر (٣٪) سێ لە سەدایە و لە هەولێر لەژێر (٤٪) چوار لە سەدایەو لە دهۆک نزیکەی (١٠٪) دە لە سەدایە. لە کاتێکدا ٢٥-٢٠٪ ی هەموو عێراق لەژێرەوەی هێڵی هەژاریدا دەژین و بەرزترین ڕێژەی هەژاری لە پارێزگاکانی باشووری عێراق لە (٤٠٪) دا تێدەپەڕێنێت. بۆ نموونە لە پارێزگای موسەننا (٤٩٪)، پارێزگای بابل (٤١٪)، و پارێزگای سەلاحەدین (٤٠٪).

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین کە ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە مایەی ئەوەی ڕێژەی هەژاری زۆر کەمتربێت لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان سەرچاوەی داهاتی لەچاو عێراق زۆر کەمترەو بە هیچ شێوەیەکیش دەستی بە یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان ناگات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە لە پێشدا دەستنیشانی ئەو هۆکارانە بکەین کە یارمەتی گەشەکردنی ئابووریان داوە و دوای ئەوە بەربەست و ڕێگرییەکانیش بە شێوەیەکی کورت بخەینە ڕوو.

**● بارودۆخە لەبارەکانی گەشەکردن**

سەرباری ئەوەی پێگەی کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە کە کەوتووەتە ناوەڕاستی ناوچەیەکی پڕ لە پشێوی و شەڕوشۆڕ و نائاسایشەوە و تا ئێستاش ڕێکخراوی داعش بە درێژایی ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان مەترسی بۆسەر کوردستان دروست دەکات، ئەمن و ئاسایشی کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە جێگیرترە. بەپێی سروشتی خۆی گەشەکردنی سەرمایەداری پێویستی بە ئاسایش هەیە بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە و بەردەوامی کارکردن و بەڕێوەبردن و پێشکەوتنی کارامەیی کرێکار و جێگیرکردنی هەستی بەردەوامبوونی بازاڕ و بەرهەمهێنان. بەبێ ئەم هەلومەرجانە، سەرمایەداران و کۆمپانیاکان ناتوانن سەرمایەکانیان بخەنە مەترسییەوە و وەبەرهێنان بکەن. لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان جێگەیەکی، تا ڕادەیەکی

**سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان توانای سەربەخۆیی دەرکردنی یاسای هەیە لە ڕووی ئابووری و داراییەوە، بۆیە ڕێگری یاسایی بۆ سیاسەتی گەشەکردنی ئابووری لە کوردستاندا نییە**

**لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان جێگەیەکی، تا ڕادەیەکی زۆر، ئارامی بۆ سەرمایەگوزاری ڕەخساندووە، بێگومان سەرەڕای کەم و کوڕییەکانی دیکەی، حکومەتی کوردستان ئامراز بووە لە جێگیرکردنی ئەم بارودۆخە**

**لە هەرێمی کوردستاندا، دیاردەی بەرتیل و فرۆشتنی پۆستە حکومییەکان بوونیان نییە، چونکە دیاردەی یەکەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جێگەی ناڕەزاییەکی کۆمەڵایەتی یەکجار زۆرە و دووەم پۆستە باڵاکانی حکومەت هەموویان سیاسین و لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا بەش دەکرێن**

**میللەتی کورد هەر لە مێژەوە بە ڕەنجی شانی خۆی و بەبێ پشتیوانی توانیویەتی خۆی بژیەنێت. ئەمەش کارکردن و زەحمەتکێشانی کردوەتە چەقی ژیانی میللی گەلی کورد. ئەم کار-ڕەفتارە** (Work Ethic) **هەتا هاتنەکایەی لێشاوی پارەی نەوت لەدوای لابردنی ڕژیمی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بەردەوامی هەبوو**

زۆر، ئارامی بۆ سەرمایەگوزاری ڕەخساندووە. بێگومان سەرەڕای کەم و کوڕییەکانی دیکەی، حکومەتی کوردستان ئامراز بووە لە جێگیرکردنی ئەم بارودۆخە.

هۆکارێکی دیکەی لەبار بۆ گەشەکردنی ئابووری شێوازی دەسەڵاتی سەردەمیانەیە (secular government). هەر وەک مەزهەبی پرۆتستانتیزمی بەریتانی کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری لە بەریتانیادا پێش وڵاتانی دیکەی ئەوروپی، لە کوردستاندا بەپێی کەلتووری کۆمەڵایەتی و نەریتی سیاسی، دەسەڵات نائاینیە و بەدەستهێنانی سامان و خۆدەوڵەمەندکردن بە هەوڵێکی ئەرێنی وەردەگیردرێت و کۆمەڵگای کوردی دەوڵەمەند بوون بە ناشیرین و دژ بە خودا نازانێت. ئەمەش وایکردووە کە هەموو تاکێک هەوڵی پێشبردنی باری گوزەرانی خۆی بدات، بە کۆش، کۆمەڵگە ساڵ لە دوای ساڵ پێوەری پێشکەوتنی خۆی بە پێشەوەچوونی بارودۆخی ماددی خۆی دەپێوێ. بۆ نموونە، ژمارەی نەخۆشخانە و قوتابخانە و زانکۆ و جادەوبان و بەنداوی ئاو و جێگەکانی خۆشگوزەرانی و هتد. بە پێچەوانەشەوە هیچ کەس زیادبوونی ژمارەی مزگەوتەکان بە هێمای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نازانن. بۆیە هەبوونی ئەم کەلتوری دنیاوییە (Secularism) لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە کە لە دەسەڵاتی سیاسیدا ڕەنگی داوەتەوە ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ پێشکەوتنی ئابووری.

لە لایەکی دیکەوە، میللەتی کورد هەر لە مێژەوە بە ڕەنجی شانی خۆی و بەبێ پشتیوانی توانیویەتی خۆی بژیەنێت. ئەمەش کارکردن و زەحمەتکێشانی کردوەتە چەقی ژیانی میللی گەلی کورد. ئەم کار-ڕەفتارە (Work Ethic) هەتا هاتنەکایەی لێشاوی پارەی نەوت لەدوای لابردنی ڕژیمی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بەردەوامی هەبوو. بەداخەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پارتە سیاسیەکان، بەشێک لە بەر خاتری خۆیان و ڕاکێشان و کڕینی جەماوەر و بەشێکیش لە پێناوی قەرەبووکردنەوەی خەڵکی بۆ هەموو ئەو نەهامەتیانەی تووشیانبووە، زۆر خەڵکیان کردە مووچەخۆر. ئەمەش کەلتووری بێکاری و تەمبەڵی لە ناو خەڵکی سادەدا جێگیرکرد. بۆیە بەبێ کارتێکەری داهاتی نەوت، گەلی کورد هەموو کات زەحمەتکێش و کاردۆست بووە. ئەمەش پێداویستییەکی زۆر گرنگی گەشەکردنی ئابوورییە. بۆیە حکومەتی کوردستان گەر بیەوێت زۆر بە ئاسانی کار-ڕەفتارە کۆنەکە لە ناو خەڵکدا زیندوودەکاتەوەو خەڵکی جارێکی دیکە دەکاتەوە بەرهەمهێنەر و پشت بە خۆبەستوو.

لە گەڵ ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسکران، دەسەڵاتدارانی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر ڕەفتاریان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ کردووە و ویستویانە هەرێمی کوردستان لە شانی وڵاتانی دراوسێدا بەراوردبکرێت. بۆیە ئەم هەستی سەربەخۆییە لە ڕووی کەسایەتیی سیاسی و نەتەوایەتییەوە بووەتە هاندەرێک بۆ پێشەوەچوون و کۆشش بۆ گەشەکردنی ئابووری. ئەم خاڵە گرنگیی خۆی هەیە چونکە هەرچەندە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە بەشێکە لە عێراق بەڵام هەموو کات هەوڵیداوە خۆی لە دەوڵەتی عێراق و دراوسێکانی جیابکاتەوە. هەر بۆیە هۆکاری ‹من جیاوازم› هاندەرێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی ئابووری. ئەم هۆکارەش زۆر لێچووانی هەیە لەگەڵ هاندەری ‹بگەم بە دراوسێکانمدا› (Catching with my neighboring countries) کە لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا باوبووە.

هۆکارێکی دیکەی گرنگی یاریدەدەر بۆ گەشەکردنی ئابووری لە کوردستاندا، سنووردداربوونی دیاردەی گەندەڵییە. گەندەڵی بە خوێنڕشتنی ئابووریی وڵات دەشوبهێنرێت و دەبێتە مایەی لاوازکردنی توانای گەشەکردنی ئابووری. ئەڵبەتە پێوەری تایبەت هەن بۆ پێوانی ڕێژەی گەندەڵی لە وڵاتدا و زۆر جار دادگا کێشەکانی گەندەڵی لابەلا دەکاتەوە، چونکە گەندەڵی لە بنەڕەتدا کێشەیەکی نایاساییە. بەڵام سەرەڕای هەبوونی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، لە کوردستاندا ئەو جۆرە پێوەرانە هێشتا کارانەکراون. ئەڵبەتە پێناسەکردنی جۆرەکانی گەندەڵی مەبەستی ئەم وتارە نییە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دیاردەی گەندەڵی هەل و تەوژمی گەشەکردنی ئابووری

لاوازدەکات. لە هەرێمی کوردستاندا، دیاردەی بەرتیل و فرۆشتنی پۆستە حکومییەکان بوونیان نییە، چونکە دیاردەی یەکەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جێگەی نارەزاییەکی کۆمەڵایەتی یەکجار زۆرە و دووەم پۆستە باڵاکانی حکومەت هەموویان سیاسین و لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا بەش دەکرێن. بۆیە هیچ پۆستێک بۆ فرۆشتن نییە. سەرباری ئەمانەو بە دانپێدانانی گەورە بەرپرسانی کوردستان گەندەڵی هەیەو دیاردەیەکی زۆر زیانبەخشە. سەرەرای ئەمانە، گەشەکردن و دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری و بەرزبوونی ئاستی گوزەرانی زۆربەی خەڵکی نیشانەی ئەوەن کە سەرەرای هەبوونی گەندەڵی بەشێکی زۆری داهاتی وڵات دەرژێتە چوارچێوەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. باشترین پێوەر بۆ سنوورداربوونی گەندەڵی بەراوردکردنە لە گەڵ عێراق و ئێراندا کە لە کاتێکدا داهاتی هەردوو وڵات لە چاو داهاتی گشتی کوردستاندا یەکجار زۆر بەرزن، بەڵام ئاستی ڕێژەی هەژاری تیایاندا لە چاو کوردستاندا زۆر بەرزن.

## ● ئاستەنگەکانی گەشەکردنی ئابووری

سەرباری ئەو هۆکارە لەبارانە، هەرێمی کوردستان دووچاری ئاستەنگ و ڕێگری زۆر بووەتەوە لەمەڕ گەشەکردنی ئابووریدا. هەندێ لە ئاستەنگەکان هەر لە مێژەوە هەبوون و حکومەتی کوردستان هەوڵی چارەسەرکردنی نەداون لە بەر هۆکاری جیاواز و هەندێکی دیکەی لە پازدە ساڵی ڕابردوودا لە ڕەوتی دەسەڵاتی دواکەوتووی سیاسیدا هاتوونەتە کایەوە. لێرەدا بە پێی ڕیزبەندی بە کورتی باسی هۆکارە سەرەکییەکانیان دەکەین.

ئاستەنگی هەرە سەرەکی لە ڕێگەی گەشەکردنی ئابووریدا، نەبوونی سیستەمی بانکی مۆدێرنە. بەبێ سیستەمی بانکی وەک ئێستا لە کوردستاندا باوە، سووڕی پارە زۆر سنووردار دەبێت و زۆربەی ئاڵوگۆڕەکان بە پارەی کاش دەکرێن و قەبارەی پارەی کوردستان تەنیا بە پارەی کاشی هەبوو لە بازاڕدا دەبێت نەک بە متمانەی بانکی (Credit). ئەو کەسانەی کە ئەلف و بێی ئابووریان خوێندووە دەزانن کە سیستەمی بانکی زۆر بەئاسانی هەزار دۆلار لە تەنها دە دۆلار لە پرۆسەی سووڕی پارەدا دروست دەکات. هەر بۆیە قەبارەی پارەی وڵات تەنیا بە بڕی پارەی کاشی هەبوو ناپێورێت. خراپییەکی دیکەی نەبوونی سیستەمی بانکی سوودمەندنەبوونی ئابوورییە لە پاشەکەوتکردنی خەڵکی. نەبوونی متمانە بە بانکەکان وای لە خەڵک کردووە کە پاشەکەوتەکانیان لە ماڵەوە بشارنەوە. بەمەش ئابووریی کوردستان بەهرەمەند نەبووە لەو پاشەکەوتانە لە کاتێکدا دەکرا ئەو پاشەکەوتە زۆرەی خەڵکی تەرجومە بکرێت بۆ وەبەرهێنان لە بانکەکاندا لە کاتی قەیرانی دارایی چەند ساڵی ڕابردوودا. نەبوونی جێگەی وەبەرهێنان بۆ پاشەکەوتە کەمەکان لە لایەکی دیکە دەبێتە مایەی زیادەمەسرەفی و زیادەخۆری کە لە ڕووی ئابوورییەوە بە لە دەستدانی هەلی قازانجکردن دەژمێردرێت.

سەرباری هەموو ئەمانە، سیستەمی بانکی چوار کرداری (Function) هەرە گرنگ لە بازاڕدا ئەنجامدەدات کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم، چون لە بازاڕی پارەدا نابەرامبەری قەبارە (Size) هەیە لە نێوان پاشەکەوتکەر و وەبەرهێندا، بۆیە ئابووریی وڵات پێویستی بە بانک هەیە بۆ ئەوەی ئەم نابەرامبەرییە چارەسەربکات. لە هەموو جیهاندا، پاشەکەوتکەر بڕێکی پارەی کەمی بۆ پاشەکەوت دەکرێت، با بڵێین تەنها (۱۰۰$) سەد دۆلاری ئەمریکی لە مانگێکدا. ئەم سەد دۆلارە بەهیچ شێوەیەک سەرمایەگوزاری پێناکرێت. لە لایەکی دیکەی ئابووریدا، سەرمایەگوزار (وەبەرهێن) پێویستی بە بڕە پارەیەکی زۆر هەیە، با بڵێین (۱۰۰,۰۰۰$) سەد هەزار دۆلار بۆ ئەوەی پرۆژەیەک دەستپێبکات. بەڵام ئەم وەبەرهێنە ناتوانێت هەزار پاشەکەوتکەری سەد دۆلاری بدۆزێتەوە و ڕێککەوتنیان لە گەڵدا بکات هەتا پارەکەیانی پێبدەن چونکە ئەم کارە لە هەموو ڕووەکانی یاسایی و کات و تێچوون و کردارییەوە زۆر گرانە. لێرەدا بانک دەتوانێت ئەم کارە زۆر بە ئاسانی بەئەنجام بگەیەنێت، ئەویش بەوەی پاشەکەوتە سەد دۆلارێکان لە هاوڵاتیان لە هەژماری پاشەکەوتی خۆیاندا وەربگرێت، تێچەنێکی پارەی باشی لێ کۆبکاتەوە و ئەوجا بە قەرز (۱۰۰,۰۰۰$) ی بدات بە وەبەرهێنێک.

**چون لە بازاڕی پارەدا نابەرامبەری قەبارە (Size) هەیە لە نێوان پاشەکەوتکەر و وەبەرهێندا، بۆیە ئابووریی وڵات پێویستی بە بانک هەیە بۆ ئەوەی ئەم نابەرامبەرییە چارەسەربکات**

**بانک دەتوانێت ئەم کارە زۆر بە ئاسانی بەئەنجام بگەیەنێت، ئەویش بەوەی پاشەکەوتە سەد دۆلارێکان لە هاوڵاتیان لە هەژماری پاشەکەوتی خۆیاندا وەربگرێت، تێچەنێکی پارەی باشی لێ کۆبکاتەوە و ئەوجا بە قەرز (۱۰۰,۰۰۰$)ی بدات بە وەبەرهێنێک**

**کارێکی دیکەی گرنگی سیستەمی بانکی کە یارمەتی گەشەکردنی ئابووری دەدات، ئەویش کۆکردنەوە و پرۆسەکردنی زانیارییە لە بارەی کەرتەکانی ئابوورییەوە. بێگومان بۆ پاشەکەوتکەرێک زۆر کارێکی گرانە زانیاری لە بارەی پرۆژە سەرکەوتووەکانەوە کۆبکاتەوە تا بتوانی سەرمایەگوزاریان تێدا بکات**

بەم کردارەش بانک چارەسەری کێشەی نابەرامبەری قەبارە لەنێوان پاشەکەوتکەر و وەبەرهێنەردا چارەسەر دەکات.

دووەم، بانک لە لایەکی دیکەوە نابەرامبەری کێشەی کات لەنێوان پاشەکەوتکەر و وەبەرهێنەردا چارەسەر دەکات. پاشەکەوتکەران بە شێوەیەکی گشتی بۆ ماوەیەکی کورت پاشەکەوت دەکەن، ڕەنگە لە چەند مانگێک یا زیاتر لە ساڵێک تێپەڕ نەکات، بەڵام وەبەرهێن پێویستی بە قەرز هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژتر و ڕەنگە چەند ساڵێک بخایەنێت هەتا پرۆژەکەی دەستدەکات بە قازانجکردن. بۆیە بانک پارە کەمەکانی پاشەکەوتکەران لای خۆی کۆدەکاتەوە و دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژتر بە وەبەرهێنەری بە قەرزبدات. بانک دەتوانێت ئەم کارە ئەنجامبدات چونکە هەمیشە هێندە پاشەکەوتی خەڵکی لا کۆدەبێتەوە کە بتوانێ لە درێژمودەتا پارەی هەبێت بۆ وەبەرهێنان.

سێیەم، سیستەمی بانکی کارێکی دیکەی گرنگ دەکات لە بازاڕدا کە هانی پاشەکەوتکەران دەدات، ئەویش کەمکردنەوەی مەترسی لەناوچوونی پارەیە. بانک بە پێدانی قەرز بە پرۆژەیەکی زۆر، مەترسیی زیانکردن کەمدەکاتەوە، واتە دابەشکردنی مەترسی بەسەر ژمارەیەک وەبەرهێنی زۆردا. بانکە جیهانییەکان وەک کەلتوورێک ساڵانە هەندی پارە بەلاوە دەنێن بۆ ئەوەی زیانەکانی پرۆژە شکستخواردووەکان داپۆشن، ئەمەش لە قازانجەکانیانەوە لە پرۆژەکانی دیکەوە دێت. بۆیە بانک هەتا قەرزەکانی زۆر و هەمەچەشنە بن هێندە ڕێژەی مەترسییەکانی کەمتر دەبێتەوە و بەمەش گەرەنتی دانەوەی پارەکانی پاشەکەوتکەران دەدات.

چوارەم، کارێکی دیکەی گرنگی سیستەمی بانکی کە یارمەتی گەشەکردنی ئابووری دەدات، ئەویش کۆکردنەوە و پرۆسەکردنی زانیارییە لە بارەی کەرتەکانی ئابوورییەوە. بێگومان بۆ پاشەکەوتکەرێک زۆر کارێکی گرانە زانیاری لە بارەی پرۆژە سەرکەوتووەکانەوە کۆبکاتەوە تا بتوانی سەرمایەگوزاریان تێدا بکات بەڵام بانک بە ئاسانی ئەم کارە ئەنجام دەدات و زانیاریی کۆکردنەوە بەشێکی کارە گرنگەکانی بانکە و لە هەڵسەنگاندنی پرۆژەیەکدا کە قەرزی دەوێت بانک هەزار و یەک سەرەن و بێژنگ دەکات کە ئەمە کارێکی نەکردەنییە بۆ سەرمایەگوزارێکی تەنیا.


ئاستەنگێکی گەشەکردنی دیکەی ئابووری بەرزبوونەوەی کرێی ڕاستەقینەی کرێکارە لە کوردستان. بەداخەوە بە هۆی داهاتی نەوتەوە ئێستا کرێی کرێکار لە چاو وڵاتە دراوسێکاندا زۆر بەرزە، بۆیە دامەزراندنی پیشەسازی و بەردەوامبوونی زۆر گراندەبێت لە ڕووی تێچوونەوە. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە دەبینین کوردستان پڕبووە لە کرێکاری بیانی چونکە کرێکارانی ناوخۆ بە کرێی کەم گوزەرانی ژیانیان ناچێت بەڕێوە و پێیان باشترە چەکداری حیزبەکان یا فەڕاشی دام و دەزگاکانی دەوڵەت بن.

لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بە سەر دوو پارتی سەرەکیدا، سەرمایەگوزاری لە هەر بەشێکدا پێویستی بە ڕەزامەندیی لایەنی دەسەڵاتدار هەیە. ئەمەش بە ئاسانی ناکرێت گەر سەرانی ئەو دەسەڵاتانە بە ئیمتیازاتێکی تایبەت ڕازی نەکرێن. ڕەنگە ئەوەش بە پێدانی پشکێک لە پرۆژەکەدا تەواوببێت یا بە پێدانی بڕە پارەیەکی زۆر. لە هەردوو باردا، تێچووی پرۆژەکە بەرزدەبێتەوە و لە ڕێژەی قازانجەکەی هێندە کەمدەبێتەوە کە ڕەنگە سەرمایەگوزار پەشیمانبکاتەوە. ئەمەش بەشێکی گرنگی دیاردەی گەندەڵییە لە هەرێمی کوردستاندا کە زیانی زۆری بە گەشەکردنی ئابووری گەیاندووە.

پەیوەست بە خاڵی سەرەوە، پارتە سیاسییەکان لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیاندا کۆمەڵێک کۆمپانیای سێبەریان دروستکردووە کە باشترین و بە قازانجترین پرۆژەکانی حکومەت و ئابووری بۆ خۆیان دەبەن. بەمەش سەرتوێژی ئابووری کوردستان دەکەوێتە دەست توێژی دەسەڵاتدار نەک سەرمایەداری بەرهەمهێنەر. ئاشکراشە کە کاتێک خەڵکی سیاسی و قوماربازو گەندەڵکار پارەیان لا کۆدەبێتەوە زۆربەی دەکەنە کۆشک و تەلار و ڕابواردنی خۆیان و منداڵەکانیان و ئەویتری تەخشان و پەخشان دەکەن. هەر بۆیە نموونەی خەڵکی خراپ

**پارتە سیاسییەکان لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیاندا کۆمەڵێک کۆمپانیای سێبەریان دروستکردووە کە باشترین و بە قازانجترین پرۆژەکانی حکومەت و ئابووری بۆ خۆیان دەبەن. بەمەش سەرتوێژی ئابووری کوردستان دەکەوێتە دەست توێژی دەسەڵاتدار نەک سەرمایەداری بەرهەمهێنەر**

**گەر سەیری وڵاتانی دراوسێ و چین و ڤێتنام و کوریا و تایوان بکەین بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەکردنی ئابووریی ئەوان لە سایەی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆجیای خۆیاندا بووە. بۆیە گەنم هارین گرنگە، بەڵام ئاش دروستکردنەکە دەبێتە مایەی گەشەکردن نەک خواردنی ئاردی ئاشەکە.**



لە کوردستاندا منداڵانی بەرپرسیارانە. ئەم دیاردەیەش زۆر خانایی هەیە لەگەڵ کۆشک و تەلارەکانی فیودالەکانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا. ئێستاش لە سەردەمی سەرمایەداری پێشکەوتوودا ئەو کۆشک و تەلارانە زۆربەیان بەتاڵن و هیچ کەڵکێکی ئابووریان نییە.

نەبوونییەکی دیکە کە یارمەتیی گەشەکردنی ئابووری نادات، نەبوونی پەیوەندییە لەنێوان زانست و گەشەکردنی ئابووریدا. بە داخەوە زانکۆ و پەیمانگاکانی خوێندنی باڵا لە کوردستاندا تەنیا خاوەن بڕوانامە پێدەگەیەنن نەک خاوەن زانستی سەردەم. بۆیە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە زانست و تەکنەلۆجیا و خوێندنی باڵای کوردستان لە یەک جیابوونەتەوە. ڕەنگە خەڵکانێک وابزانن کە تەکنەلۆجیا زۆر بە ئاسانی کۆپی دەکرێت یا دەکڕێندرێت یا تەنانەت دەدزرێت و ئابووری دەتوانێت سوودی خۆی لێببینێت، بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە و لە نەشارەزاییەوەیە. لە مێژە لە زانستی ئابووریدا ئەو ڕاستیە جێگیربووە کە گەر تەکنەلۆجیا خوودی (Endogenous) نەبێت ئابووریی وڵات ناتوانێت نەک هەر بەهرەمەند بێت لێی بەڵکو ناشتوانێت تەبەنیشی بکات. گەر سەیری وڵاتانی دراوسێ و چین و ڤێتنام و کوریا و تایوان بکەین بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەکردنی ئابووریی ئەوان لە سایەی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆجیای خۆیاندا بووە. بۆیە گەنم هاڕین گرنگە، بەڵام ئاش دروستکردنەکە دەبێتە مایەی گەشەکردن نەک خواردنی ئاردی ئاشەکە.

**● دەرئەنجام**

بابەتی ئەم وتارە نەک هەر تێڕامانی زۆر، بەڵکو کاری لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر هەڵدەگرێت. حکومەتی کوردستان گەر مکوڕە لە سەر گەشەکردنی ئابووری، دەبێت ئەو هۆکارانەی پاڵپشتی گەشەکردنی ئابووریان تا هەنووکە کردووە زیاتر پەرەیان پێبدات و جێگیرتریان بکات. لە هەمان کاتدا ئەو هۆکارانەی کە ڕێگرن بەڕووی گەشەکردنی ئابووریدا هەوڵ و کۆشش بکات بۆ کەمکردنەوەیان و پلانی هەبێت بۆ بنبڕکردنیان. هیچ لەو خاڵانەی لە سەرەوە باسکران ئاستەم نین گەر ئیرادەی سیاسی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبن. گەر تورکیا و ڤێتنام و کۆریا بەو هەموو بێ سەرچاوەی سروشتییەوە بتوانن بیکەن، حکومەتی کوردستانیش بەو هەموو سەرچاوەی سروشتییەوە، دەتوانێت چاو لەوان بکات و تیایدا سەرکەوتوویش بێت.

# دەبێت پرۆژەی چاکسازی ببێتە ژێرخانێکی پتەو بۆ پرۆسەی گەشەپێدان وپەرەپێدان

سیستمی سیاسی هەر دەوڵەتێک بریتییە لە تۆڕێکی پێکەوەگرێدراو کە هەر سێ لایەنی — سیستمی مرۆیی و یاسایی و ئاکاری دەگرێتەوە- هەر یەکێک لەم سێ لایەنە دووانەکەی دیکە تەواو دەکات، هەر بۆیەشە کاتێک ناهاوسەنگیی لەنێوان ئەم سێ لایەنە گرنگە دەردەکەویت، ئەوا ئەم ناهاوسەنگییە دەبێتە فاکتەرێکی نەرێنی کاریگەری لەسەر رەوتی پەرەپێدان و گەشەپێدان لە وڵاتدا دەکات، لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەپێدان راستبکرێتەوە و بە شێوازی سروشتیی خۆی بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوا لەناو هەیکەلی سیستمی سیاسیی دەوڵەتدا پێویستە چاکسازی بکرێت، ئەوجا لەمەش راشکاوانەتر لەوانەیە دروستبوونی ئەو ناهاوسەنگییە لەنێوان هەر سێ لایەنی سیستمی (مرۆیی، یاسایی، ئاکاری) لە ناو دەوڵەتدا، هەمووی پەیوەندار نەبێت بە ئاستی ئەدای خراپی وەزیرێک یان بەرپۆوەبەرێکی گشتی یان هەر بەرپرسێکی دیکەوە، بەڵکو زۆر جاران شێوازی رۆتینی سیستمەکە، تواناو لێهاتوویی کاربەدەستانی دەوڵەت بەجۆرێک سڕدەکەن کە نەتوانن بەشێوەیەکی ئەرێنی ئەوتۆ ئەدای کاری خۆیان بکەن کە رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و کارەکانی حکومەتیش لەو ئاستە دەبێت کە وەڵامی خواستی هاوڵاتییانی بداتەوە.

ئەم چەند دێرە پێویست بوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەوتۆ پێناسەی (پرۆژەی چاکسازی) بکەینەوە کە لەو بانگێشانە دووربکەوینەوە کە تەنیا وەك دروشم باس لە پرۆژەی چاکسازی دەکەن و، لێرەشەوە مانای چەمکی (چاکسازی) ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت، لەهەمانکاتدا گرێدەرێتەوە بەچەند وەرچەرخانێکی دیکەوە، ئەمەش بەجۆرێك خودی پرۆژەی چاکسازی دەبێتە ئەو بازنەیەی کە هەردوو پرۆژە گرنگەکەی (پەرەپێدان و گەشەپێدان) پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەشی بگەینە ئەم ئاکامە ە دەبێت ئەم هەنگاوانە بگرینە بەر:



**د.ساحیب قارەمان**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

١. وەرچەرخان لە شێوازی کارگێری هەمەڕەکییەوە بۆ شێوازێکی کارگێڕیی ڕێکخراو (مونەزەم).

بێگومان وەك لە ماوەی ئەزموونی چەندین ساڵەی حکومڕانیی هەرێمی کوردستان و عێراقیش بەشێوەیەکی گشتی بینیوومانە، شێوازی هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت تا رادەیەکی زۆر هەڕەمەکییە و بەگۆڕێنی کابینەیەك بۆ کابینەیەکی دیکە یان وەزیرێك بەوەزیرێکی دیکە، رەچاوی شێوازی کارگێڕیی مونەزەم نەکراوە، راشکاوانەتر هەر لەگەڵ گۆڕینی کابینەکە یان هاتنی وەزیرێکی تازە، سەرەتایەکی تازەی هەڵسووڕاندنی کاری دامەزراوەیی دەستی پێکردووە و کار بەو ئەزموونە کەڵەکەبووەی پێشتر نەکراوە کە پێویستە ئەو ئەزموونە دامەزراوەییە کەڵەکە بووە کاری لەسەر بکرێت و خاڵە نەرێنییەکانی چاکسازی تێدا بکرێت و پەرە بەشێوازی هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکان بدرێت، ئەم حاڵەتە کە لە سیستمە سیاسییەکانی هەندێك دەوڵەتی دیکەی جیهانیش بوونی هەیە، ئاستەنگی سەرەکی بوون لە بەردەم پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەپێدانی وڵاتدا، بۆیە زۆر گرنگە کاتێك باس لە پرۆژەی چاکسازی دەکەین، وەرچەرخان لە شێوازی کارگێڕیی هەڕەمەکییەوە بۆ کارگێڕییەکی دامەزراوەی مونەزەم زۆر بەووردی لەبەر چاو بگیرێت.

٢. وەرچەرخان لەو سیاسەتە ئابوورییەی کە بەمیرات لە حکومەتەکانی پێشووی عێراقەوە بۆمان ماوەتەوە بەرەو سیاسەتی ئابووری بازار.

گەورەترین کێشەی حکومڕانی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا، ئەو تێکەڵییەیە لە سیاسەتە ئابووریەکەیدا، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەك سیاسەتی ئابووریی بازاڕ لە پرۆژەی بودنیادنانەوە و پەرەپێدانی وڵات پیادە دەکات، لەلایەکی دیکە حکومەت خۆی بەو سیاسەتە ئابوورییە سەنتراڵییە دامەزراوەکانی هەڵدەسووڕێنێت کە بە میرات لە حکومەتەکانی عێراقەوە بۆی ماوەتەوە،

**زۆر جاران شێوازی رۆتینی سیستمەکە ، تواناو لێهاتوویی کاربەدەستانی دەوڵەت بەجۆرێك سردەکەن کە نەتوانن بەشێوەیەکی ئەرێنی ئەوتۆ ئەدای کاری خۆیان بکەن کە رەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و کارەکانی حکومەتیش لەو ئاستە دەبێت کە وەڵامی خواستی هاوڵاتییانی بداتەوە**

**بێگومان وەک لە ماوەی ئەزموونی چەندین ساڵەی حکومڕانیی هەرێمی کوردستان و عێراقیش بەشێوەیەکی گشتی بینیوومانە، شێوازی هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت تا رادەیەکی زۆر هەڕەمەکییە و بەگۆڕینی کابینەیەک بۆ کابینەیەکی دیکە یان وەزیرێک بەوەزیرێکی دیکە ، رەچاوی شێوازی کارگێڕیی مونەزەم نەکراوە**

**باشترین وەڵام بۆ خەسڵەتەکانی کادری تازە ئەوجا ( سیاسیی بێت یان تەکنوکرات) ئەوەیە کە بیرێکی تازەی هەبێت بۆ بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی پرۆسەی نوێکردنەوەی سیستمی حکومڕانی لە کوردستاندا، ئەمەش بەو مانایەی بتوانێت خۆی لە بازنەی رۆتینی سیستمە کۆنەکە بێنێتە دەرەوە**

ئەمەش بارقورسییەکی ئەوتۆی ئابووری لەسەر شانی حکومەت دروستکردووە کە نەتوانێت هاوسەنگی لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت رابگرێت، بە مانایەکی دیکە کەرتی تایبەت هاوشانی کەرتی گشتی ( حکومەت) نەبۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و بارسووکی لەسەر شانی حکومەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، راستە چەندین پرۆژەی گرنگ و بەسەدان و مۆڵ و شوێنی دیکەی وەبەرهێنان لەکوردستاندا بوونیان هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە نەبوونە هۆکاری ئەوەی کە حکومەت رێژەی ٧٠٪ ئیمکانیەتی بەردەستی بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخان نەکات. راشکاوانە ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت پرۆژەی چاکسازی بخەینە خزمەتی هەردوو پرۆسەی ( پەرەپێدان و گەشەپێدان)ەوە، ئەوا هەتا ئەم وەرچەرخانە لە سیاسەتی ئابووری دەوڵەتدا نەیەتە ئاراوە، ئەوا ئەو پرۆژە چاکسازییەی باسی لێوە دەکرێت ناکەوێتە خزمەتی پەرەپێدان و گەشەپێدانی وڵاتەوە.

٣. وەرچەرخان لە ئابووریی کشتوکاڵییەوە بەرەو ئابووریی پیشەسازی.

لەوانەیە لەگەڵ باسکردنی ئەم وەرچەرخانەدا، ئەو پرسیارە راستەوخۆ بێتە پێشەوە، بەوەی ئایا کشتوکاڵ لە وڵاتی ئێمەدا جێگەی ئەو بایەخەیە کە بتوانین بڵێین، دەبێت وەرچەرخان لە ئابووریی کشتوکاڵەوە بۆ ئابووریی پیشەسازی بکەین؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە راستە و، هەتا ئێستا کشتوکاڵ بەو ئاستە جێگەی بایەخ نەبووە، بەڵام واقیعی ئابووریی وڵاتی ئێمە واقیعی (ئابوورییەکی کشتوکاڵییە)، ئەوجا کاتێک باس لە دووبارە بایەخدانەوە بە کەرتی کشتوکاڵ دەکرێت، بۆ ئەوەی ببێتەوە بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ پتەوکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، ئەوا دەبێت بەرنامەی حکومەت بەو ئاراستەیە بێت کە ئەم وەرچەرخانە لە ئابووریی کشتوکاڵییەوە بۆ ئابووریی پیشەسازی هەڵبگرێت، بە واتایەکی دیکە دەبێت، لەناو کەرتی کشتوکاڵەوە، ئابوورییە کشتوکاڵییەکە وەربچەرخێت بۆ ئابوورییەکی پیشەسازی، ئەم حاڵەتە لەئێستادا و لەگەڵ ئەو جوولە و بووژانەوە کەمەی لە بواری کشتوکاڵ دروستبووە، بەتەواوەتی ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە ئەگەر بە پیشەسازیکردن لەناو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان نەکرێت، ئەوا ناتوانرێت بووژانەوەی راستەقینە لە کەرتی کشتوکاڵدا رووبدات و بەپیشەسازیکردنی کەرتی کشتوکاڵیش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ شێوازی بەبازاڕکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ، هەم بۆئەوەی باشتر لە کەرتی کشتوکاڵدا وەبەرهێنان بکرێت، هەمیش ئەم کەرتە گرنگە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و بەکارخستنی سەرچاوەی مرۆیی لەم کەرتە گرنگەدا.

## ● سیستمی تازە چۆن هەڵدەسوڕێت و چۆن دەبێتە میکانیزمێك بۆ چارەسەکردنی کێشەکان؟

هەستکردن بە کەموکوڕییەکانی پرۆسەی حکومڕانی شتێکی تازە نییە، بەڵکو نزیکەی ١٠ ساڵە حکومەت هەستی بەوە کردووە کە سیستمی حکومڕانی کوردستان پێویستی بە خۆنوێکردنەوە هەیە، بەڵام کێشمە کێشی ئایدیۆلۆژیی نێوانی حزبە سیاسییەکان پرۆسەی خۆنوێکردنەوەی دواخست، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ و دوای حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لە نەناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بوو بەشێوەیەکی کاتی پەنا بۆ پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران بەرێت، بۆ ئەوەی تۆزێك باری سەرشانی سووک بێت و خۆی بۆ پرۆژەیەکی چاکسازی سەرتاسەری ئامادەبکات، ئەو ئامانجەی ئەم پرۆژە چاکسازییە ببێتە فاکتەرێك بۆ بووژانەوەی پرۆسەی پەرەپێدان وگەشەپێدان لە کوردستاندا، بەڵام دیسان پرۆژەی چاکسازییەکە لە خولی پێشووی پەرلەمان نەبووەتە یاسا و کاری پێبکرێت، بۆیە ئێستا چاوەکان لەسەر کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستانن کە دوای تێپەڕاندنی یاسای چاکسازی بە سیستمە تازەکە کاربکات، بەڵام قسەی من لێرەدا لەسەر سیستمە تازەکە نییە، بەڵکو لەسەر ئەوەیە چۆن ئەو سیستمە تازەیە سەرکەوتوو دەبێت و دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بووژانەوەی پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەپێدان لە کوردستاندا.

ئەوەی لێرەدا خۆشبینمان دەکات ئەوەیە، ئامادەکردنی پرۆژەیەك بەناوی ( پرۆژەی چاکسازی ) مانای ئەوەیە بیرکردنەوەیەکی نویٚ بۆ شێوازی حکومڕانی و هەڵسووڕاندنی حکومەت بوونی هەیە، لە بەرامبەریشدا سیستمێکی حکومڕانیمان هەیە کە لە ئاستی ئەم بیرکردنەوە نوێیەدا دواکەوتووە، ئەوا بۆ نوێکردنەوەی سیستمەکەش پێویستمان بە وەرچەخانە لەسەر چەند بوارێك کە بریتین لە:

- **سیستمی تازە پێویستی بە میکانیزمی تازە هەیە.**

ئەگەر ئێستا کێشەیەك رووبەڕووی هەر بەرپرسێکی حکوومەت بکەینەوە و داوای لێبکەین چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە خۆی دەخاتە بازنەیەکی رۆتین و پێمان دەڵێت: فلان رێنمایی و فلان یاسا وا دەڵێت و کێشەکە لەئێستادا چارەسەرناکرێت، بۆیە لە سیستمی تازەدا پێویستە یاسا و رێنمایی تازە بە جۆرێك دابڕێژرێت کە میکانیزمی تازە لە خۆی بگرێت و بواری ئەوە بۆ بەرپرسێکی حکومەت بهێڵێتەوە کە بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو میکانیزمە تازەیەدا چارەسەرێك بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە.

- دەبێت هەوڵبدرێت کادری تازەی سیاسیی و تەکنۆکرات ئامادە بکرێت و بهێندرێنە پێشەوە، بەڵام ئایا دەبێت خەسڵەتەکانی کادری تازە چۆن بن؟

باشترین وەڵام بۆ خەسڵەتەکانی کادری تازە ئەوجا ( سیاسیی بیت یان تەکنوکرات) ئەوەیە کە بیرێکی تازەی هەبێت بۆ بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی پرۆسەی نوێکردنەوەی سیستمی حکومڕانی لە کوردستاندا، ئەمەش بەو مانایەی بتوانێت خۆی لە بازنەی رۆتینی سیستمە کۆنەکە بێنێتە دەرەوە و توانای دۆزینەوەی رێگە چارەو میکانیزمی تازەی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان، هەروەها توانای پێشبینیکردنی هەبێت بۆ ئەو کێشانەی لە داهاتوودا رووبەڕووی سیستمە سیاسییە تازەکە دەبنەوە.

- دەبێت بیرکردنەوەی تازە لە چوارچێوەی سیستمە نوێیەکەدا زۆر بوێرانە دەستنیشانی ئەو خاڵانە بکات کە سیستمە کۆنەکەیان لاواز کردبوو، بۆ نموونە ئەو یاسایانەی کە سەپاون و حکومەت ناچاربوو لە سیستمە کۆنەکە کاری پێدەکردن، ئەو یاسایانەی عێراقن کە تیایاندایە لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە کاریان پێدەکرێت و بۆ ئێستا ناشێن، بۆیە گرنگە لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە جیهاندا روویانداوە و باردۆخی واقیعی ئێستای کوردستان ئەو یاسایانە هەموار بکرێنەوە یان یاسای تازە دابڕێژرێتەوە.

- گرنگە هاووڵاتیانی کوردستان وەك سەرچاوەیەکی مرۆیی بۆ سەرخستنی ئەم سیستمە تازەیە سەیر بکرێت و هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بن ئەم سەرمایە مرۆییە بە جوانترین شێوە وەبەرهێنانی تێدا بکرێت.

گرنگە هاووڵاتیانی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی مرۆیی بۆ سەرخستنی ئەم سیستمە تازەیە سەیر بکرێت و هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بن ئەم سەرمایە مرۆییە بە جوانترین شێوە وەبەرهێنانی تێدا بکرێت

ئەوجا بە لەبەر چاوگرتنی ئەو میکانیزمە تازەیەی لە سیستمی تازەدا پەیڕەو دەکرێت، لەوانەیە شتێکی سەیر نەبێت، وەرچەرخانێکی گەورە بەسەر پێناسەی سیاسەتمەدار و بەرپرسی حکومیدا بێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هەتا ئێستا پێناسەی سیاسەتمەدار یان بەرپرسی حکومی گرێدرابێتەوە بە ئەندامییەتی ئەو کەسە لەناو حزبێکی سیاسیدا و پاشان راسپاردنی لەلایەن ئەو حزبەوە بۆ ئەو پۆستە، ئەوا لە چوارچێوەی سیستمە نوێیەکەدا سیاسەتمەدار یان بەرپرس دەبێتە چاکخوازێکی کۆمەڵایەتی (مصلح اجتماعي)، دەبێتە ئەو کەسەی بیردەکاتەوە بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ئێستا بدۆزێتەوە و رێگە لە کێشەکانی داهاتوو بگرێت، ئەم شێوازە تازەیە وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، سیستمی حکومرانی دەکاتە تۆڕێکی پێکەوە گرێدراوی سیستمێکی( مرۆیی، یاسایی، ئاکاری ) هەر یەکەیان دەبێتە تەواوکار بۆ ئەوی دیکەیان، ئەم سیستمە تەواوکارییەش لەهەر سیستمێکی حکومڕانیدا توانرابێت بێتە ئاراوە و کاری پێکرابێت، ئەوا جیالەوەی توانیویەتی سیستمەکە تازە بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی پرۆسەیەکی پەرەپێدان و گەشەپێدانی بەردەوام لە وڵاتدا بخاتە گەڕ و کێشەکانی ئێستا چارەسەربکات و رێگری لە کێشەکانی داهاتووش بکات.

ئەگەر هەتا ئێستا پێناسەی سیاسەتمەدار یان بەرپرسی حکومی گرێدرابێتەوە بە ئەندامییەتی ئەو کەسە لەناو حزبێکی سیاسیدا و پاشان راسپاردنی لەلایەن ئەو حزبەوە بۆ ئەو پۆستە، ئەوا لە چوارچێوەی سیستمە نوێیەکەدا سیاسەتمەدار یان بەرپرس دەبێتە چاکخوازێکی کۆمەڵایەتی

هۆشەنگ ئەمیر ئەحمەدی
بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ڕاتگرز بۆ گوڵان:

# هیوادارم ئێران و ئەمەریکا گفتوگۆ بکەن و خۆیان لە پێکدادان بە دوور بگرن

هوشەنگ ئەمیر ئەحمەدی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پلاندانان و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی کە لە زانکۆی کۆرنێڵ بەدەستی هێناوە، ئێستا پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ڕاتگرز (زانکۆی ویلایەتی نیوجێرسی)، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمەریکی- ئێرانییە کە بایەخ بە پەرەپێدانی دیالۆگ و تێگەیشتن دەدات لەنێوان هەردوو گەلی ئێرانی و ئەمەریکیدا. هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری توێژینەوە و شرۆڤەکاری ئێرانی بووە و بۆ چەندینساڵیش بەڕێوەبەری ئەم سەنتەرە بووە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار بوو لە ئێران، بەڵام دواتر لەلایەن شورای نگهبانەوە ڕەتکرایەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بە هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوانی ئەمەریکا و ئێران و ئەگەر و دەرئەنجامەکانی ئاڵۆزبوونی زیاتر ئەو بارگرژییانە.

## دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە پەرەسەندنی ڕووداو و بارگرژییەکانی ئێستای نێوان هەردوو وڵاتی ئەمەریکا و ئێران دەڕوانیت؟**

- ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە بە دڵنیاییەوە ئەم دوو وڵاتە لەسەر ڕێڕەوی پێکدادانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەمە شتێکی حەتمی بێت، چونکە پێم وایە هەردوو تەواوی هەوڵەکانی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ خۆلادان لەو پێکدادانە. ئەوەی پەیوەندی بە ئەمەریکاوە هەبێت، ئەوا ڕاستە هەڵمەتی فشاری ئابووری و سەربازی دەستپێکردووە لە دژی ئێران، کە پێم وایە ئامانجەکە ئەوەیە گفتوگۆی بەدوادا بێت، کە من ئومێدەوەرام کۆماری ئیسلامی ئێران گفتوگۆکردنی قبوڵ بکات، لەبەر ئەوەی هەڵگیرسانی شەڕ لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکی ناوچەکە نییە، هەروەها لە بەرژەوەندی ئێران و ئەمەریکاش نییە. هەر بۆیە هیودارام هەردوولا بتوانن دەست بەو گفتوگۆیە بکەن و خۆیان لەو پێکدادانە بە دووربگرن. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە ئەگەر ئێران ئامادە نەبێت بگەڕێتەوەسەر مێزی گفتوگۆ، ئەوا بۆی هەیە ئیدارەی ترەمپ شەڕ لە دژی ئێران بەرپا بکات. چونکە کەسانێك هەن لەنێو ئیدارەی ئەمەریکا کە خوازیاری ڕوودانی ئەم شەڕەن و هەموو هەوڵێکیش دەدەن بۆ ئەوەی هەڵبگیرسێت. هەروەها دەکرێت شەڕ بە هۆی ڕوودانی ڕووداوێکەوە هەڵبگیرسێت، کە ئاشکرایە ئێستا هێزەکانی هەردوولا لە یەکترییەوە نزیکن. هەروەها ئەوەی جێی داخە چەندین هێز هەن لە ناوچەکەدا کە خوازیاری ڕوودانی ئەم شەڕەن کە بۆی هەیە ئەو ئەو ڕووداوە بخوڵقێنن – کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ شەڕ-، ئەمەش مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە. ئێوە وێنای ئەوە بکەن کە مووشەکێکی بسرەوێنرێتە کەشتییەکی جەنگی ئەمەریکی، کە ئەوەش بە مانای ڕوودانی شەڕ دێت. کەواتە ئەوەی ڕوودەدات مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە شەڕ شتێکی حەتمیە.

*** ئێمە دەزانین لە دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا، ئابووریی ئەم وڵاتە دووچاری کێشەیەکی زۆر هاتووە، پێت وایە ئەم سزا و فشارانە ئێران ناچار بە سازشکردن دەکەن؟**

- ڕاستیەکە ئەوەیە کە سەرکردەکانی ئێران پێیان

**ئەوەی پەیوەندی بە ئەمەریکاوە هەبێت، ئەوا ڕاستە هەڵمەتی فشاری ئابووری و سەربازی دەستپێکردووە لە دژی ئێران، کە پێم وایە ئامانجەکە ئەوەیە گفتوگۆی بەدوادا بێت، کە من ئومێدەوەرام کۆماری ئیسلامی ئێران گفتوگۆکردنی قبوڵ بکات، لەبەر ئەوەی هەڵگیرسانی شەڕ لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکی ناوچەکە نییە**

**بۆی هەیە ئیدارەی ترەمپ شەڕ لە دژی ئێران بەرپا بکات. چونکە کەسانێک هەن لەنێو ئیدارەی ئەمەریکا کە خوازیاری ڕوودانی ئەم شەڕەن و هەموو هەوڵێکیش دەدەن بۆ ئەوەی هەڵبگیرسێت. هەروەها دەکرێت شەڕ بە هۆی ڕووداوێکەوە هەڵبگیرسێت**

**سەرکردەکانی ئێران پێیان وایە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا هاوکار نییە بۆ ئەوان، چونکە باوەڕیان وایە ئەمەریکا پابەند نابێت بە بەڵێنەکانییەوە، لە هەمان کاتدا ئێمە دەزانین ئەم سزایانە کاریگەری قورسیان لەسەر ئێران دروست کردووە بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە**

وایە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا هاوکار نییە بۆ ئەوان، چونکە باوەڕیان وایە ئەمەریکا پابەند نابێت بە بەڵێنەکانییەوە، لە هەمان کاتدا ئێمە دەزانین ئەم سزایانە کاریگەری قورسیان لەسەر ئێران دروست کردووە بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە، کە ئێمە دەزانین هەژارەکان زیاتر هەژار دەبن و ڕێژەی بێکاری و هەڵئاوسانیش بەرزە و دۆخەکە لە پشێویدایە، هەر لەبەر ئەمەش پێم وایە لە قۆناغێکی دیاریکراودا کۆماری ئیسلامی ڕازی دەبێت بە ئەنجامدانی گفتوگۆ. بەڵام ئومێدی من ئەوەیە کە زۆر درەنگوەخت نەبێت بۆ ئەو گفتوگۆیە، واتە تاوەکو زووتر ئەو گفتوگۆی ئەنجام بدرێت باشترە، چونکە ئەگەر زۆر درەنگوەخت بوو ئەوا ڕەنگە ئەو کاتە ئەنجامەکەی کارەساتبارتر بێت لە ئەنجامی ئەو سزا ئابوورییانە لە ئێستادا سەپێنراون. چونکە ڕەنگە دەسەڵاتی ئێران بتوانێت بۆ ساڵێك تا دوو ساڵی دیکە بەرگەی ئەو سزایانە بگرێت، بەڵام پێم وانییە دوو مانگ بەرگەی شەڕ بگرێت. چونکە ئێران ناتوانێت شەڕی ئەمەریکا بکات، واتە ئێران شەڕ لەگەڵ کێ دەکات، لەگەڵ مەزنترین هێزی جیهان، ئەمە سەرباری سعودیە و وڵاتانی دیکە، هەروەها ئێمە دەزانین ئەمەریکا هێزی سەربازی و هێزی ئابووریی هەیە، ئێرانیش لە ڕووی ئابوورییەوە ئیفلیجکراوە و لە ڕووی سەربازیشەوە قابیلی بەراوردکردن نییە بە ئەمەریکا.

*** ئێوە باسی خراپیی دۆخی ئابووریتان کرد و خۆشتان یەکێك بوو لە پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٥دا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دۆخەکە بەم حاڵەی ئێستا گەیشت ئایا پێویست بوو چی بکرایە و دەتوانرا چی بکرێت بۆ ڕێگریلێکردنی؟**

- سەرەتا پێم وایە گەورەترین هەڵەی ئێران ئەوەبوو کە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی لە کێشەکانی دیکەی لەگەڵ ئەمەریکا جیا کردەوە. واتە ئەمە گەورەترین هەڵەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بوو. چونکە دەبوو هەموو شتێك لەسەر مێزی گفتوگۆ باس بکرایە و چارەسەرێکی گشتگیر گەڵاڵە بکرایە بۆ کێشەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە. لەبەر ئەوەی پێم وایە سەرکردەکانی ئێران ساویلکە بوون و ژیر نەبوون لە کاتی گفتوگۆکردن لەبارەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە و ڕێگایەکیان گرتەبەر کە سەری نەکێشا بۆ دەرئەنجامێکی گشتگیر و هەمەلایەن. کەواتە دەبوو گفتوگۆیەکی گشتگیر لەگەڵ ئەمەریکا بکرایە و سەرجەم کێشەکان بە یەکجاری چارەسەر بکرانایە. ئێستاش باوەڕم وایە کە دەبێت ئێران بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی هەمەلایەنە و لە پێناو چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان، وەك کێشەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە و کێشەی مووشەکەکان و کێشە ناوچەییەکان.

*** بەڵام ئەمە بۆچوونێکە کە زۆر کەس لە ئەمەریکا گوزارشتیان لێکردووە، کە پێیان وابووە کێشە یان کەم و کوڕی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەبوو کە تەنها پەیوەست بووە بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەوە، ئایا تا چەند ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتنێك ئاوا گشتگیر لە ئارادایە کە ئاماژەی پێدەکەیت؟**

- من باوەڕم وایە ئێران ترەمپی بە جیددی وەرنەگرت و ئەنجامدانی گفتوگۆی لەگەڵ ترەمپدا ڕەتکردەوە، لە کاتێکدا من پێم وابوو ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کە سوودی لەم دەرفەتە وەرنەگرت. کە باوەڕم وایە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، کە دەبوو ئێران پێشنیارەکەی ترەمپی قبوڵ بکردایە بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوە. بە تێڕوانینی من ترەمپ باشی پێکاوە کە دەڵێت با دووبارە گفتوگۆ بکەینەوە، بەڵام گفتوگۆیەکی گشتگیر لە پێناو چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان. چونکە هیچ سەرۆکێکی پێشووتری ئەمەریکا پێشنیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران نەکردووە. واتە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا- لە دوای ڕوودانی شۆڕشەوە- ترەمپ یەکەم سەرۆکی ئەمەریکایە پێشنیارێکی لەم جۆرە دەکات- گفتوگۆی هەمەلایەن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندی-، لەبەر ئەوە پێم وایە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی ساویلکە بوون کە ئەمەیان قبوڵ نەکرد. واتە کەسانێکی وەك وەزیری دەرەوەی ئێران و سەرۆك حەسەن ڕوحانی متمانەیان بە جۆن کێری و وڵاتە ئەوروپییەکان کرد، کە ئەوانیش درۆیان لەگەڵدا کردن و ڕێگریان لێکرد لەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ترەمپدا ئەنجام بدات. کەواتە ئەگەر شەڕ ڕووبدات ئەوا بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆی مۆگرینی و جۆن کێرییە، چونکە ئەوان هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئێران گفتوگۆ نەکات لەگەڵ بەڕێز ترەمپدا. بەو پێیە ئەوانیش بەرپرسیارن لە ڕوودانی هەر شەڕێك لە نێوان ئێران و ئەمەریکا.

*** کەواتە ئەگەر ئێران هیچ نەرمییەك نەنوێنێت، ئایا دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ئابووری ئێران زیاتر و زیاتر دووچاری کێشە ببێتەوە؟**

- ئەمە ڕاستە، هەروەها دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەوەی ڕوویداوە ئەوەبوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراندا ئەوەیە کە سەرۆك ترەمپ تەنها دوو

بژارەی لەبەردەم کۆماری ئیسلامیدا داناوە یان شەڕ یان ئاشتی، چونکە تاوەکو ئێستا ڕێگاچارەیەکی دیکە هەبوو کە پێی دەڵێم نە شەڕ نە ئاشتی، بەڵام بەڕێز ترەمپ ئەم بژارەیەی نەهێشت و ئێستا تەنها دوو ڕێگاچارە هەیە یان شەڕ یان ئاشتی، کەواتە ئێران هیچ چارەیەکی دیکەی نییە یان ئەوەتا ڕێگاچارەی ئاشتی هەڵبژێرێت، یاخود ڕێگای شەڕ بگرێتەبەر، بەڵام شەڕیش دوو جۆری هەیە، شەڕی ئابووری و شەڕی سەربازی و بە تێڕوانینی من شەڕی سەربازی بەسە بۆ ڕوخاندنی ئێران. بەڵام ئەمجارەیان ئەمەریکا شەڕێکی ئابووریی سەختتری گرتۆتەبەر دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێی هێنانی هێزی سەربازییەوە، کەواتە ئەمە سیاسەتێکی دووڕەهەندییە کە پێکهاتووە لە سزای ئابووری و فشاری سەربازی لە پەیوەندییدا بە بژارەی شەڕەوە، هەروەها گفتوگۆکردن لە پەیوەندیدا بە ڕێگاچارەی ئاشتییانەوە. ئەگەر من لە جێی ئێران بوومایە ئەوا ڕاستەوخۆ ڕێگاچارەی ئاشتیانەم هەڵدەبژارد و بگرە دوو ساڵ پێش ئێستا – کاتێك سەرۆك ترەمپ دەسەڵاتی گرتەدەست- ئەم بڕیارەم دەدا. بەڵام بە داخەوە پارتی دیموکراتەکان لە ئەمەریکا و ئەوروپا ئێرانیان بە هەڵەدا برد و وەزیری دەرەوەی ئێرانیش، جەواد زەریف، لەوە تێنگەیشتن کە ئەو کەسانەی بە ئێرانیان دەوت گفتوگۆی مەکە دۆستی ئێران نەبوون، بەڵکو تەنها دوژمنی ترەمپ بوون، واتە بەڕێز جۆن کێری و موگرینی دۆستی ئێران نەبوون، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئەوان تەنها دژی ترەمپ بوون، ئەمە کێشەکە بوو.

*** ئەی پێت وانییە ئێران ڕێگاچارەی دیکەی لەبەردەمدا بێت وەك پەنابردنەبەر بەرفراوانکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بۆ ئەوەی بتوانێت بیکاتەوە بە کارتێکی گووشار؟**

- کێشەکە ئەوەیە لە ئێستادا ئێران لە پێگەیەکی زۆر لاوازدایە لە ڕووی ئابوورییەوە و ناتوانێت بەرگەی شەڕ بگرێت و ئەمەریکاش ئەم ڕاستیە دەزانێت. هەروەها باوەڕم بەوە نییە ئەمەریکا ڕێگا بە ئێران بدات بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی. دواتر من باوەڕم بەوە نییە ئێران دەست بەم پرۆگرامە بکاتەوە، بەڵکو ئەمە هەر تەنها هەڕەشەیەکە و ئەمەریکاش ئەمە دەزانێ. لەم ڕوانگەیەوە پێم وانییە ئێران پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بەرفراوان بکات و بەم هۆیەوە پێگەی خۆی باشتر بکات و دووبارە بگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆ، چونکە وەك ئاماژەم پێکرد ڕێگە بە ئێران نادرێت ئەم کارە بکات. چونکە پێم وایە کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لەلایەن ئەمەریکاوە لە ناوچەکە بۆ ئەوەیە ئامادەکاری بکات بۆ لێدانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بە هەموو جۆرە بۆمبێك و بۆ تێکشکاندنی بونیادی فەرماندەیی و کۆنترۆڵی ئێران.

*** ئەی کەواتە تا چ ڕاددەیەك ئەگەری مانەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە ئارادایە بە تایبەتی کە هێشتا ئەوروپا و چین و ڕوسیا پێوەی پابەندن؟**

- لە بنەڕەتدا ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کۆتایی هاتووە من باوە بەوە ناکەم کە هێشتا کەسانێك هەن ناتوانن لەوە تێبگەن کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کۆتایی هاتووە، بگرە دوو ساڵە کۆتایی هاتووە، کاتێك ئەمەریکا لەم ڕێککەوتنە کشایەوە. واتە نە نەتەوە یەکگرتووەکان و نە ئەوروپا و نە چین و ڕوسیا لەم ڕێککەوتنە نەماوون.

*** ئەی پێت وانییە وەك کاردانەوەیەك ئێران پەنا بباتەبەر چالاکردن و جوڵاندنی گروپە وەکیلەکانی لە ناوچەکەدا؟**

- من پێم وایە دەبێت لە کۆتاییدا ئێران جیهانی عەرەبی جێبهێڵێت، واتە چیتر ناتوانێت دەستڕۆیشتوویی هەبێت لەو وڵاتانەدا، ئەوەتا ئێستا سوپای پاسداران خراوەتە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەمەریکا لە شەڕدایە لەگەڵیدا، بە چەشنی ئەوەی ئەمەریکا لە شەڕدایە لە دژی ئەل قاعیدە و داعش. لەبەر ئەوە من نازانم ئێران چۆن لە سوریا و عێراق دەمێنێتەوە.


*** کەواتە پێشبینی تۆ بۆ دۆخەکە چییە؟**

- پێشبینی من ئەوەیە کە دوای ماوەیەك لە بەرهەڵستیکردن، کۆماری ئیسلامی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و زۆرێك لە داخوازییەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ جێبەجێ دەکات، کە بە تێڕوانینی من ئەگەر بهاتایە و دوو بەر لە ئێستا گفتوگۆیان بکردایە ئەوا دەستکەوتێکی زیاتر لە سەرۆك ترەمپەوە دەست دەهێنا، بەڵام ئێستا هیچیان لە سەرۆك ترەمپ دەستناکەوێت و ناچارن دەست لە هەموو شتێك هەڵبگرن و من باوەڕم وایە دەست لە هەموو شتێك هەڵدەگرن. چونکە ئێمە دەزانین لە ئێراندا دەکرێت هەموو شتێك بکرێتە قوربانی مانەوەی دەسەڵاتەکە. لەبەر ئەوە پێم وایە لە کۆتاییدا ئەوان ڕازی دەبن بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و بە ئەمەریکا ڕادەیەگەنن کە تەنها زەمانەتی مانەوەی دەسەڵاتەکەمان بۆ بکە ئەوا دەتوانیت هەموو شتێك بەدەست بهێنیت و ئێوە دەبینن ئەمە ڕووبدات.

**لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا- لە دوای ڕووداني شۆڕشەوە- ترەمپ یەکەم سەرۆکی ئەمەریکایە پێشنیارێکی لەم جۆرە دەکات- گفتوگۆی هەمەلایەن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندی-، لەبەر ئەوە پێم وایە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی ساویلکە بوون کە ئەمەیان قبوڵ نەکرد**

**دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەوەی ڕوویداوە ئەوەبوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراندا ئەوەیە کە سەرۆک ترەمپ تەنها دوو بژارەی لەبەردەم کۆماری ئیسلامیدا داناوە یان شەڕ یان ئاشتی، چونکە تاوەکو ئێستا ڕێگاچارەیەکی دیکە هەبوو کە پێی دەڵێم نە شەڕ نە ئاشتی**

**دەبێت لە کۆتاییدا ئێران جیهانی عەرەبی جێبهێڵێت، واتە چیتر ناتوانێت دەستڕۆیشتوویی هەبێت لەو وڵاتانەدا، ئەوەتا ئێستا سوپای پاسداران خراوەتە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەمەریکا لە شەڕدایە لەگەڵیدا، بە چەشنی ئەوەی ئەمەریکا لە شەڕدایە لە دژی ئەل قاعیدە و داعش**



هۆشەنگ شیهابی پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مێژووە لە زانکۆی بۆستۆن، پێشتریش لە چەند زانکۆیەکی گرنگ وانەبێژ بووە، وەك زانکۆی هارڤارد، زانکۆی کالیفۆڕنیا( لۆس ئەنجەلوس)، سانت ئەندروز، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەت و مێژووی کەلتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و یاسای نێودەوڵەتی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد کە پەیوەست بوون بە پەرەسەندنەکان و هەڵکشانی باگرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێرانەوە.

## هۆشەنگ شیهابی

**تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا فۆرمێکی دامەزراوەیی وەرگرتووە

# دیمانەی تایبەت



*** تا دێ فشار و سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران توندتر و چڕتر دەبنەوە، بارگرژییەکانیش بەرەو هەڵکشان دەچن، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنانە چیین و ئایا پێتان وایە ئەم دو وڵاتە لەسەر ڕێڕەوی پێکدادانن؟**

- بە بۆچوونی من زۆر ڕێی تێدەچێت ئەم ئەگەرە ڕووبدات، واتە ئەگەرچی ناکرێت پێشبینی هیچ شتێك بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە لەم ساتەوەختەدا ئەمە ئەگەرێکە و زۆر ڕێی تێدەچێت.

*** ئێوە دەڵێن ئەم ئەگەرە لە ئارادایە، بەڵام ئایا ئەمە تەنها شێوەی چەند پێکدادانێکی سنوردار وەردەگرێت، یاخود بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ شەڕێکی گەورە و سەرتاسەری؟**

- بە تێڕوانینی من ڕەنگە ئێران دەست بە هێرش بۆ سەر وڵاتی ئیمارات بکات، کە ئێستا ئێمە نموونەی ئەم ڕووداوانەمان بەدیکرد، وەك هێرشکردنەسەر چەند ئامانجێکی پەیوەست بە بارکردنی نەوت و کردەوەی دیکەی هاوشێوە.

*** باشە ئەگەر شەڕ و پێکدادان ڕوونەدات و ئەم فشار و سزایانەش بەردەوام بن — کە ئاشکرایە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر ئابووریی ئێران- ئایا پێت وانییە ئابوری ئەو وڵاتە بەرەو داڕوخانی زیاتر ببات؟**

- من پێم وایە ئەوەی لەئێستادا دەگوزەرێت و ڕوودەدات داڕووخانی ئابووریی ئەو وڵاتەیە، چونکە ئەوەتا حکومەتی ئێران بیر لە دروستکردنی کۆبوونی خۆراك دەکاتەوە، هەروەها هەڵئاوسانێکی گەورە هەیە لەم وڵاتەدا و دراویش بەهای خۆی لەدەستداوە، کەواتە شەڕە ئابوورییەکە لە ئێستادا دەستیپێکردووە.

*** باشە بە تێڕوانینی ئێوە ئامانجی بنەڕەتی و سەرەکی ئەم هەڵمەتەی ئەمەریکا — بە سەپاندنی سزا و فشاری ئابووری- لە بەرامبەر ئێران چییە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی خودی ئیدارەی ئەمەریکا بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئامانجی پشت ئەم هەڵمەتە

**ڕەنگە ئێران دەست بە هێرش بۆ سەر وڵاتی ئیمارات بکات، کە ئێستا ئێمە نموونەی ئەم ڕوداوانەمان بەدیکرد، وەک هێرشکردنەسەر چەند ئامانجێکی پەیوەست بە بارکردنی نەوت و کردەوەی دیکەی هاوشێوە**

**ئەوەی لەئێستادا دەگوزەرێت و ڕوودەدات داڕووخانی ئابووریی ئەو وڵاتەیە، چونکە ئەوەتا حکومەتی ئێران بیر لە دروستکردنی کۆبوونی خۆراک دەکاتەوە، هەروەها هەڵئاوسانێکی گەورە هەیە لەم وڵاتەدا و دراویش بەهای خۆی لەدەستداوە**

**ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە هەبێت ئەوا هەڵوێستێکی کەمتر دوژمنکارانەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش ڕایگەیاندووە کە کڕینی نەوتی ئێرانی ڕادەگرن، هەروەها ئەمە بەندە بە چۆنییەتی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و چینەوە**

بریتییە لە دروستکردن و خولقاندنی ئەوپەڕی ناسەقامگیری لەنێو ئێراندا. بە ئومێدی ئەوەی کە خەڵکی ئەو وڵات لە حکومەتەکەیان وەڕس بن و لە دژی بوەستنەوە.

*** باشە تا چ ڕاددەیەك ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دەرئەنجامە ڕوویدات؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە زۆر ڕێی تێناچێت، چونکە خەڵکی پتر نیشتمانپەروەرتر دەبن کاتێك وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی هێرش و پەلامار دەبێتەوە و پشتیوانی حکومەت دەکەن.

*** لەوە باوەڕەدانیت ئێران لەژێر باری ئەم فشارانەدا بە تەواوەتی هەڵسوکەوتی خۆی لە ناوچەکەدا بگۆڕێت؟**

- من پێم وانییە ئێران هەڵسوکەوتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئێران پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا بە باشی جێگیر کردووە.

*** کەواتە ئەم فشارانەی ئەمەریکا نابنەهۆی ئەوەی دەستڕۆیشتویی و کاریگەریی ئێران لە ناوچەکەدا سنوردار بن و کەم ببنەوە؟**

- بەڵێ من پێم وایە، چونکە ئێمە دەزانین کە دەستڕۆیشتوویی ئێران لە وڵاتانی وەك لوبنان و سوریا و عێراقدا چوارچێوە و فۆرمێکی دامەزراوەیی وەرگرتووە، بە چەشنێك زۆر زەحمەتە بتوانرێت پاشەکشە بەو دەستڕۆیشتوییە بکرێت.

*** باشە پێت وانییە وەك کاردانەوە و پەرچەکردارێك ئێران دووبارە پەنا بباتەوە بەر دەستپێکردنەوە و بەرفراوانکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بۆ ئەوەی بیکاتە کارتی فشار بەدەستییەوە؟**

- ئەگەر ئەمە ڕووبدات ئەوا بۆ من جێی سەرسوڕمان نابێت، چونکە ئێمە بیستمان سەرۆك حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاند کە دەیانەوێت دەست لە پابەندبوونیان لە هەندێ لە بەشەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەڵگرن، هەروەها بێگومان کەسانێك هەن لەنێو ئێراندا کە دەیانەوێت دووبارە دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکە بکرێتەوە، کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەگەرێکە.

*** ئەی ئەگەری ئەوە نییە کە دووبارە ئێران ئامادە بێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ کە جگە لە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە مەسەلەکانی دیکەش لە خۆبگرێت؟**

- من مەزەندەی ئەمە ناکەم، بەڵام ئەگەر فشارێکی زۆر و توندیان لەسەر بکرێت ئەگەری ئەوە هەیە حاڵەتێکی هاوشێوەی کۆریای باکوور دووبارە بێتەوە، بەڵام ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا من نازانم ئەمە ڕوودەدات یان نا.

*** دەوترێت یەکێك لە بژارەکانی دیکەی ئێران چالاککردنی گروپە وەکیلەکانێتی لە وڵاتانی ناوچەکە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بەرێت ئەگەر هاتوو فشارەکانی سەر وڵاتەکەی بەردەوام بێت؟**

- بەڵێ ئەمە ڕاستە و ئێستا ئێمە ڕوودانی ئەمە دەبینین.

*** ئەی ئاکامەکانی ئەم حاڵەتە چی دەبێت؟**

- ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە ئەمەریکا تۆڵە دەکاتەوە و ئەو کاتە شەڕێکی گەورە دروست دەبێت.

*** ئەی پێت وایە ئەگەر لە دەرئەنجامی ئەم سیاسەت و سزایانەی ئەمەریکا لە دژی ئێران ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزی و ناسەقامگیری چوو ئەوا ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر خودی ترەمپ بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی داهاتوی ئەمەریکا؟**

- ئەمە بۆی هەیە ڕووبدات، هەرچەندە ئەمە ڕوداوێکی دوورە، واتە ئەگەر هەڵبژاردنەکە لە دوو تا سێ مانگی داهاتوودا بکرایە ئەوا دەمووت کاریگەری دەبوو. بەڵام هەڵبژاردنەکان ڕووداوێکی دوورن.

*** ئێمە دەزانین سەرەڕای فشارە ئابوورییەکان ئەمەریکا سوپای پاسدارانی ئێرانیشی خستە لیستی تیرۆرەوە، واتە ئەمە ستراتیژیەتێکی فرەلایەنی گرتۆتەبەر لە دژی ئێران، ئایا پێت وایە ئەم ستراتیژیەتە دەتوانێت ئامانجەکانی بەدی بهێنێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئامانجەکانی بەدی ناهێنێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوەی لە دەرئەنجامدا ڕوودەدات ئەوەیە کە ئێران لاواز دەبێت بەڵام دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لە ئارادا دەمێنێت و بەردەوام دەبێت بەڵام حوکمڕانی وڵاتێکی لاواز دەکات، بە چەشنی ئەوەی لەگەڵ عێراقی سەردەمی سەددام حوسێندا ڕوویدا.



*** کەواتە سەرەڕای ئەوەی ئەم فشارانەی سەر ئێران بێ پێشینەن، دەسەڵاتی ئەو وڵاتەکە دەتوانێت درێژە بە حوکمڕانی خۆی بدات؟**

- ئەمە بۆچونی منە، بە دڵنیاییەوە پێم وایە وا دەبێت.

*** باشە چارەنوسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە چی دەبێت لە نێو جەرگەی ئەم پەرەسەندنانەدا؟**

- من پێم وایە ئەو ڕێککەوتنە وەك بابەتێکی پەیوەندیدار نامێنێتەوە، واتە ڕاستە لە ڕووی فەرمییەوە دەمێنێت، بەڵام وەك مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بوونی نامێنێت.

*** ئەی باوەڕت وانییە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بتوانن ڕۆڵێکی گەورە ببینن لەم ڕووەوە؟**

- نەخێر باوەڕم وانییە، هەرچەندە ئێران ئومێدی لەسەر ڕۆڵی ئەورووپا هەڵچنیبوو، بەڵام وڵاتانی ئەورووپا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکا بە بایەخدارتر دەزانن وەك لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا.

*** ئەی ڕوسیا و چین دەتوانن چی بکەن لەم ڕووەوە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە هەبێت ئەوا هەڵوێستێکی کەمتر دوژمنکارانەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش ڕایگەیاندووە کە کڕینی نەوتی ئێرانی ڕادەگرن، هەروەها ئەمە بەندە بە چۆنییەتی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و چینەوە، واتە ئەگەر هاتوو پەیوەندییەکانی چین و ئەمەریکا بوونی پەیوەندییەکی دوژمنکارانە ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە چین دووبارە ڕوبکاتەوە ئێران، بەڵام لە ئێستادا ئەمە ئەولەویەت نییە بۆ ئەوان.

*** ئەی پێشبینی ئەوە دەکەن عێراق ببێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئێران و ئەمەریکا؟**

- من مەزەندەی ئەمە ناکەم، چونکە پێم وایە حکومەتی عێراق زۆر وریایە لە پاراستنی بێلایەنی خۆی لەم ڕووەوە.

*** ئێوە باسی ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەتان کرد لەنێوان ئەمەریکا و ئێران، ئەی چی دەڵێن دەربارەی ئەگەری ئاشتبوونەوەی ئەم دوو وڵاتە و کۆتایی هێنان بە دوژمنکاریی نێوانیان؟**

- من باوەڕم بەوە نییە ئەمە ڕووبدات.

*** لەبەرچی ئەگەری ئەوە لە ئارادانییە کە ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن، ئایا لەبەر هەڵوێستی حکومەتی ئێرانە یان لەبەر سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمەریکایە؟**

لەبەر هەردوو هۆکارەکە، واتە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و حکومەتی کۆماری ئیسلامی زۆر دژی یەکترن، لەبەر ئەوە من هیچ دەرفەتێك نابینم بۆ ڕوودانی ئاشتەوایی لە نێوانیاندا.

**ئەگەر فشارێکی زۆر و توندیان لەسەر بکرێت ئەگەری ئەوە هەیە حاڵەتێکی هاوشێوەی کۆریای باکوور دووبارە بێتەوە، بەڵام ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا من نازانم ئەمە ڕوودەدات یان نا**



# گەرووی هورمز





**د.بێوار خنسی**

**ڕاوێژکاری ئاسایشی ئابووری پاراستنی هەرێمی کوردستان**

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

پێناسەی گەروو: شوێنێکە دوو رووبەری ئاو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، گەرووی هورمز کەنداوی عەرەبی بە کەنداوی عومان و دەریای عەرەب و ئۆقیانووسی باسفیك دەبەستێتەوە، گرنگترین رێڕەوی ئاوە لە جیهاندا و زۆرترین جوولەی کەشتیوانیشە. پانیی گەرووی هورمز نزیکەی ٥٦ کیلۆمەترە و تەسکترین شوێنیشی ٣٤ کیلۆمەترە، قووڵاییەکەی نزیکەی ١٠٠ مەترە، لەبەر تێپەڕبوونی نزیکەی ١٣٠ کەشتی و نەوتهەڵگری رۆژانە و قەرەباڵغیی زۆری جووڵەی کەشتییەکان بۆ هاتوچۆی کەنداو بەم گەروەدا، دوو رێڕەوی ئاوی بە پانیی(١٠,٥ کیلۆمەتر) بۆ چوونە دەرەوە و هاتنەناوەوەی کەشتییەکان لە کەنداوی عەرەبی رێکخراون.

گەرووی هورمز تاکە دەرچەیە بۆ هەر یەك لە عێراق و کوێت و بەحرەین و قەتەر، بۆیە ئەو وڵاتانە لە حاڵەتی هەر هەڕەشەیەك، یان راگرتنێکی کاتی، یان داخستنی لەبەردەم جووڵەی کەشتییەوانی زەرەمەندی سەرەکی دەبن. لە جیهاندا(٤٤) گەرووی گرنگ هەن، کە دوو رووبەری ئاو بەیەکەوە دەبەستنەوە، لەوانەش هورمز، یاسای نێودەوڵەتی دەڵێت: گەرووەکان بەشێکن لە بەرزایی دەریاکان، مادام کەشتییەکان زیان بە دەوڵەتانی سەرکەنار ناگەیەنن و کاریگەرییان بۆسەر ئاسایشیان نییە، مافیان هەیە و ئازادن پێیاندا تێپەڕن) لە ٣٠ی نیسانی ١٩٨٠ دەوڵەتانی سەر دەریاکان بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان(یاسای دەریاکان)یان راگەیاند، کە لە ماددەی ٣٨ دا هاتووە: هەموو کەشتییەکان دەتوانن بە گەرووە نێودەوڵەتییەکاندا بە بێ هیچ ئاستەنگێك تێپەڕبن، لەوانەش گەرووی هورمز، ئەگەر ئەوانە کەشتی، یان بارهەڵگری بازرگانی، یان سەربازی بن.

**گەرووی هورمز تاکە دەرچەیە بۆ هەر یەک لە عێراق و کوێت و بەحرەین و قەتەر، بۆیە ئەو وڵاتانە لە حاڵەتی هەر هەڕەشەیەک، یان راگرتنێکی کاتی، یان داخستنی لەبەردەم جووڵەی کەشتییەوانی زەرەمەندی سەرەکی دەبن. لە جیهاندا(٤٤) گەرووی گرنگ هەن، کە دوو رووبەری ئاو بەیەکەوە دەبەستنەوە، لەوانەش هورمز**

کەنداوی عەرەبی: باڵێکی ئاویی دەریای عەرەبە، کە لە کەنداوی عومانەوە لە باشوور بۆ شەتولعەرەب لە باکوور(عێراق) درێژدەبێتەوە، درێژیی ئەو مەودایە ٩٩٠ کیلۆمەترە، رووبەری حەوزی کەنداو بە ٢٣٩ هەزار کیلۆمەتر دووجا مەزندەدەکرێت، نزیکەی ٨٥ کیلۆمەتر سێجا ئاوی هەیە، پانیی ئاوی کەنداو ٣٧٠ کیلۆمەترە و تەسکترین شوێنیشی گەرووی هورمزە کە ٥٦ کیلۆمەترە، تێکڕای قووڵیی ئاوی کەنداو ٣٦ مەترە و قووڵترین خاڵیش لە گەرووی هورمز ١٠٠ مەترە، درێژیی کەنارەکانی کەنداو بە ٣٤٩٠ کیلۆمەتر مەزندەدەکرێت لە لایەنی عەرەب-رۆژئاوا، هەروەها بە ٢٤٤٠کیلۆمەتر لە لایەنی ئێرانەوە، واتا کەناری رۆژئاوای کەنداو بە ١٠٥٠ کیلۆمەتر لە کەناری ئێران لەسەر کەنداو درێژترە، چونکە کەناری عەرەبی زیاتر خواروخێچە لە رووی جیۆمۆرفۆلۆجییەوە، کەنداو نزیکەی ١٣٠ دوورگەی تێدایە، لەوانە دوورگەی بۆبیانی کوێتی ٨٦٣ کیلۆمەتر دووجا، دوورگەی دەوڵەتی بەحرەین ٦٢٠ کیلۆمەتر دووجا، لەگەڵ چەند دوورگەیەکی دیکە لە گەرووی هورمز، لەوانە: لەلایەنی عەرەبی دوورگەکانی (مسندم، سەلامە، راس غەنام) و لەلایەنی ئێرانی دوورگەکانی (قشم، هنگام، لارك) دابەشبوونی ئەو دوورگانە بەشێوەی نارێك لە رووی شوێن و قەبارە و قووڵایی ئاوەکە لەدەوری گەرووی هورمز، بووەتە هۆی کارئاسانی بۆ گواستنەوە بە مەودای ٣٤ کیلۆمەتر لە کەناری عەرەبییەوە بۆ کەناری ئێرانی و بەپێچەوانەوە بۆ کاری بازرگانیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لەجیاتی تێپەڕبوون بە درێژایی کەنارەکانی کەنداو کە نزیکەی ٥٩٣٠ کیلۆمەتر دەبێت.

**کەنداو نزیکەی ١٣٠ دوورگەی تێدایە، لەوانە دوورگەی بۆبیانی کوێتی ٨٦٣ کیلۆمەتر دووجا، دوورگەی دەوڵەتی بەحرەین ٦٢٠ کیلۆمەتر دووجا، لەگەڵ چەند دوورگەیەکی دیکە لە گەرووی هورمز، لەوانە: لەلایەنی عەرەبی دوورگەکانی (مسندم، سەلامە، راس غەنام) و لەلایەنی ئێرانی دوورگەکانی(قشم، هنگام، لارک)**

### ● تایبەتمەندیی جوگرافی و جیۆلۆجی و کەشوهەوای حەوزی کەنداو:

کەنداو حەوزی دەوڵەتانی دوورگەی عەرەبی بەرەو رۆژئاوا لە باشووری رۆژئاوای ئێران بە بەری رۆژهەڵاتەوە جیادەکاتەوە، هەشت دەوڵەت دەکەونە سەر حەوزی کەنداو(عێراق، کوەیت، سعودیە، ئیمارات، قەتەر، عومان، بەحرەین، ئێران) حەوزەکە دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (٢٣-٣٠) لە باکوور و هێڵی درێژی (٤٨-٥٦) لە باشوور. لە رووی جیۆلۆجییەوە حەوزی کەنداو دەکەوێتە نێو پەڕەی ئۆراسیای تەکتۆنی و پەڕەی عەرەبی، دەشکەوێتە رۆژئاوای زنجیر شاخی زاگرۆس کە بەسەر کەنداودا دەڕوانێت، بریتییە لە حەوزێکی نیشتەنیی سەرووی کیشوەر، کە چەندین شۆستە و بەربەستی خاکیی سروشتی تێدایە، حەوزی کەنداو بە چالاکیی زەمینلەرزە ناسراوە، بەتایبەتی لەلای رۆژهەڵاتەوە.

بەرزونزمیی بنەوەی کەنداو- دۆڵی کەنداو کە ٩٩٠کم درێژە لە ١٠ مەترییەوە بۆ ١٠٠ مەتر لە گەرووی هورمز لێژاییەکی کەمی هەیە، وێڕای یەکسان نەبوونی هەردوو کەناری حەوزی کەنداو کە لەنێو چیاکان و بەرزاییەکان(چیاکانی عومان) لەسەر کەناری عەرەبی بەبەراورد بە لووتکەکانی زنجیر چیای زاگرۆس لەسەر کەناری ئێرانی لەلای ئێرانەوە بەرزونزمیی زۆری تێدایە.

ئاوی حەوزی کەنداو لە ئاوە سوێرەکانە، بەراورد بە سوێریی ئاوی دەریاو ئۆقیانووسەکان کە ٣٢ بەش لە هەزارە سوێریی ئاوی کەنداو بە ٧٠ بەش لە هەزار دەخەمڵێنرێت، ئاوی کەنداولە قەتەر جووڵەی شەپۆلەکانی هەڵکشان و داکشانی (١,٢-١,٥ مەتر)ی هەیە و شەپۆلەکان بۆ ٣-٣,٣ مەتر لە کەناری رژئاوا بەرزدەبنەوە، بۆیە ئاستی ئاوی کەنداو نزیکەی ٢,٤ مەتر بەرزە و بۆ جووڵەی گواستنەوە کاریگەریی زۆری هەیە،

هەروەها حەوزی کەنداو بە چالاکیی گەردەلوولی خۆڵاوی و رەشەبا ناسراوە کە خێراییەکەی دەگاتە ١٥٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمیی مەودای بینین بۆ کەمتر لە ١٠٠ مەتر، کە بۆسەر جوولەی کەشتی و نەوتهەڵگرەکان و دواجار درەنگ گەیشتنی نەوت و غاز بۆ بازاڕەکانی جیهان و بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو کاریگەریی زۆری دەبێت. قووڵایی حەوزی کەنداو و چیاکانی سەر حەوزەکە پێکهاتەی زۆری جیۆلۆجییان تێدایە کە بۆ سەردەمی کامبری پێش ٥٠٠ ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ سەردەمی چوارینەی دوای (نیشتەنییەکانی سەردەمی هیلیۆسین) پێش ١٠ هەزار ساڵ نیشتەنییەکانی دوا سەردەمی سەهۆڵبەندان دەگەڕێتەوە.

حەوزی کەنداو و دەوڵەتەکانی بەر لە نزیکەی ١٧٥ بۆ ١٨ هەزار ساڵ رووبەڕووی ماوەی کشانی سەهۆڵبەندان بۆتەوە، قەبارەی سەهۆڵەکە لە جیهان لەو ماوەیەدا گەیشتۆتە ٧٠ ملیۆن کیلۆمەتر سێجا بە بەراورد بە قەبارەی ئێستای کە ٢٧ ملیۆن کیلۆمەتر سێجایە لە ناوچە جەمسەرییەکان، ئەو گۆڕانکارییەی کەشوهەوا بووەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی دەریاو کەنداوەکان لە جیهان بە نزیکەی ١٢٠ مەتر بە بەراورد بە ئاستی ئاوی دەریاکان لە جیهاندا، بۆیە رووبەری وشکایی زۆر زیاتر بوو بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا، لەو ماوەیەدا کەنداو نەبوو، دەریای سووریش بریتی بوو لە دەریاچەیەکی داخراو، هەردوو زێی دیجلەو فورات (شەتولعەرەب)بە دۆڵی کەنداودا دەهاتن و لە کەنارەکانی ئێران و عەرەبی چەندین زێی دیکەیان دەچوونە سەر، هەروەها ئاوی شەتولعەرەبیش دەڕژایە نێو کەنداوی عومان لەسەر دەریای عەرەب لە گەرووی هورمز.

سەهۆڵەکە بەر لە ٨٥٠٠ساڵ پاشەکشەی کردووە و بۆتە هۆی توانەوەی بەفرەکەو دواتر بەرزبوونەوەی بەربەرەی ئاستی ئاو لە ئۆقیانووسەکان، کە بۆتە هۆی کشانی ئاوەکە بە ئاراستەی کەنارەکان و داپۆشینی چەندین ناوچە و دۆڵە لێژەکان، لەوانەش دۆڵی کەنداو کە دوای ئەوەی ئاو داییپۆشی ئەو کەنداوە عەرەبییەی ئێستای لێ درووست بووە.

**● گرنگیی کەنداو:**

١. لە رووی شارستانی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە چەندین شارستانێتیی دێرین لە حەوزی کەنداو و حەوزی دۆڵی رافدین هەبوون، لەوانە سۆمەری و بابلی و ئاشووری و چەندین ئایینیشیان تێدا بووە.

٢. لە رووی جوگرافییەوە لە رابردوودا حەوزی کەنداو گەیەنەری رۆژئاوا بووە لەگەڵ رۆژهەڵات، کە ئاسانکاری کردووە لە رێی گەرووی هورمزەوە لە نێوان شارستانییەکان، ئەمەش جووڵەی بازرگانی بووژاندۆتەوە، بەتایبەتیش هێنانی مس لە رۆژهەڵاتەوە بەرامبەر مرواری و مەرجان کە لە کەنداو دەردەهێنران و هەناردەی هیندستان دەکران. جا لەبەر گرنگیی کەنداو پورتوگال لە ساڵی ١٥٠٧ و عوسمانییەکان لە ١٥٣٤ و ئینگلیزیش لە ساڵی ١٦٢٤ دەستیان بەسەر کەنداودا گرتووە.

٣. لە رووی ئابوورییەوە بە تایبەتی لە گەرووی هورمز دوای دۆزینەوەی نەوت و غاز لە دەوڵەتانی لێواری حەوزی کەنداو گرنگیی کەنداو زیاتربووە، پەرەسەندنی جیۆلۆجیی نەوت و تەکنەلۆجیا و جووڵەی گواستەوە بوونە هۆی دۆزینەوەی بڕی زیاتری نەوت لە دەوڵەتانی حەوزی کەنداو، کە لەئێستادا ٧٣٠ ملیار بەرمیل نەوتی خاوی تێدایە، کە دەکاتە دوو لەسەر سێی یەدەگی نەوتی جیهان، هاوکات سێیەکی بەرهەمی نەوتی خاوی جیهان رۆژانە ١٧ ملیۆن بەرمیلە کە بە گەرووی هورمزدا بۆ بازاڕەکانی دنیا دەگوازرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە ئایندەدا دەوڵەتانی کەنداو بە نزیکەی ٣٠ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا توانای بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان دەبێت. بوونی دەیان بیرە نەوت و غاز لە نزیك و لەناو ئاوە ئیقلیمییەکانی حەوزی کەنداو، هەروەها دەوڵەتانی سەر حەوزەکە ململانێیانە لەسەر دوورگەکان بۆتە هۆی زیاتر پشێوی و چاوبڕینە بیرە نەوتییەکان.

٤. زۆربەی هەناردەکانی نەوتی خاو لە دەوڵەتانی حەوزی کەنداو بۆ بازاڕەکانی جیهان بە گەرووی هورمزدا رەتدەبن، کە رۆژانە ١٧ ملیۆن بەرمیل دەبێت، قەبارەی هەناردەکانی سعودیە و کوێت ٨٨٪ و عێراق ٩٨٪ و ئیمارات ٩٩٪ و قەتەر١٠٠ ٪ دەخەملێندرێت، بۆیە رۆژانە ٣٠ کەشتی و نەوتهەڵگر بە گەرووی هەرێمدا تێدەپەڕن کە ٢٧٪ بۆ رێژەی ٥٠٪ی هەناردەی نەوت و غاز پێکدەهێنن.

٥. دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا لە سەرچاوەکانی

**لەبەر ئەوەی نەوت وغاز داهاتی سەرەکیی نێوان ٨٨٪-١٠٠٪ ی زۆرینەی دەوڵەتانی سەر حەوزی کەنداوە، بۆیە ئاییندەی حکومەت و گەلەکانیان لە حاڵەتی سەقامگیرنەبوونی ئاسایش لە حەوزی کەنداو دەکەوێتە بەر هەڕەشە، بەتایبەتی داخستنی گەرووی هورمز**

**ئێران رۆژانە ٣٧٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە دەوڵەتانی حەوزی دەریای قەزوین (ئازربایجان، کازاغستان، ترکمانستان) هاوردەدەکات بە بۆریی نەوتی(نیکاری) بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی شار و پارێزگاکانی باکوور، لەبەرامبەر هەناردەکردنی ٣٧٠ هەزار بەرمیلی نەوتی خاو بۆ ئەو دەوڵەتانە**

**بوونی دیموگرافیی فرە نەتەوەیی و ئایینی لە دەوڵەتانی حەوزی کەنداو و لەوانەش ئێران لەسایەی نەبوونی دادپەروەری و دیموکراسی و ئازادی، هاوکات بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری، ئەمانە دەبنە هۆکار بۆ پشێویی بارودۆخ لەژێر دەسەڵاتی زۆربەی حکومەتەکانی دەوڵەتانی کەنداو لەنێویانیشدا ئێران**

**قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئێران و چین لە ساڵی ٢٠١٢نزیکەی ٤٥ ملیار دۆلار بووە، وابڕیارە لە ئاییندەدا بەرزتریش ببێتەوە، گەرووی هورمزیش ڕێگەی سەرەکیی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە لەنێوان هەردوو لادا**

نەوتی حەوزی کەنداو گەورەترین هاوردەکارانی نەوتی خاون، لەوانە ژاپۆن ٣٥٪، ئەمریکا ١٤٪ و هیندستان ١٢٪، بۆیە ئەو دەوڵەتانە لە سەقامگیرنەبوونی ئەمنی و سیسای و سەربازی لە حەوزی کەنداو بە گشتی و لە گەرووی هورمز بەتایبەتی نیگەرانن.

٦. بەهۆی تێپەڕبوونی نزیکەی ٣٥٪ی بازرگانیی جیهان لەکەنداوە بە گەرووی هورمزدا، پەیوەندی و بەرژوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهان بەتایبەتیش پیشەسازییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی حەوزی کەنداو پەرەدەسێنێت. جێگەی ئاماژە بۆکردنە چالاکیی بازرگانی بۆتە هۆی پەیدابوونی چەندین شارو بەندەر و سەنتەری بازرگانی لە حەوزی کەنداودا، کە بریتین لە ١٠ شاری گەورە و نزیکەی ٤٩ بەندەری هەشت دەوڵەتی سەر حەوزی کەنداو.

**● دوا هەڕەشە بۆسەر گەرووی هورمز:**

پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکاو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ ئێران دەربارەی دۆسێی ئەتۆمی، بووە هۆی سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئێراندا، لەوەتەی ٢٠١٢ و ئەو ناکۆکییانەش لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئێستای ئەمریکا لەلایەن ترەمپ-ەوە تۆختر بۆتەوە و سزاکان زیاتربوون، دواجار قەدەغەکردنی هەناردەی نەوت و غازی ئێران بۆ دەوڵەتانی جیهان، تەنانەت بۆ کۆتاییهێنانی مۆڵەتی گرێبەستەکانی نەوت و غاز لەنێوان ئێران و هەشت دەوڵەتەکە (تورکیا، عێراق، هیندستان، چین، ژاپۆن، کۆریای باشوور، ئیتاڵیا، ئیسپانیا)، قەدەغەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەتایبەتیش بە دراوی قورس لەگەڵ ئێراندا، بۆیە توانای هەناردەی نەوتی خاو لە ئێرانەوە گەیشتە ٤٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بە بەراورد بە ٢٧٠٠ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەوەش وایکرد کە دەسەڵاتدارانی ئێران هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز بکەن بە رووی کەشتییەوانیی جیهانیداو لەوانەش قەدەغەکردنی هەناردەی نەوت و غاز لە بەرهەمهێنەرانی دەوڵەتانی حەوزی کەنداو بۆ بازاڕەکانی جیهان.

**● گرفتەکانی بەردەم ئێران بەداخستنی گەرووی هورمز:**

١. سیاسەتی ئەمریکا بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە حەوزی کەنداو سەرچاوەی ئەمنیی وزەی ئەمریکایە، بۆیە بوونی کەشتیگەلی پێنجەمی ئەمریکا لە کەنداو بۆ دابینکردنی بەردوامیی گواستنەوەی نەوتە، هەروەها کارتی فشارە بۆ دەستکەوتەکانی لە دەریای قەزوین.

٢. دوای شەڕی ئێران – عێراق و شەڕی ئازادکردنی کوەیت، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا شەڕی بە وەکالەت بۆ هیچ هاوپەیمانێکی ناکات لە حەوزی کەنداو، تەنیا لە سێ حاڵەتدا نەبێت، ئەوانیش: هەڕەشە بۆسەر حکومەتەکانی عەرەبی لە کەنداو لە سەروویانەوە سعودیە، هەڕەشە بۆسەر سەرچاوەکانی نەوت، هەڕەشە بۆسەر ڕێگاکانی گواستنەوەی نەوت و غاز لە سەرچاوەکانی حەوزی کەنداوەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، لەو هەڕەشانەش داخستنی گەرووی هورمز، ئەم سێ خاڵە هێڵی سوورن بۆ ئەمریکا، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی هەڕەشەکانی ئێران لە داخستنی گەرووی هورمز.

٣. قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئێران و چین لە ساڵی ٢٠١٢نزیکەی ٤٥ ملیار دۆلار بووە، وابڕیارە لە ئاییندەدا بەرزتریش ببێتەوە، گەرووی هورمزیش ڕێگەی سەرەکیی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە لەنێوان هەردوو لادا.

٤. ترسی ئێران لە هاوپەیمانەکانی لە یەکێتیی ئەوروپا (ئیتاڵیا، ئیسپانیا، یۆنان) کە رۆژانە ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ئێران دەکڕن.

٥. ئێران رۆژانە ٣٧٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە دەوڵەتانی حەوزی دەریای قەزوین (ئازربایجان، کازاغستان، ترکمانستان) هاوردەدەکات بە بۆریی نەوتی (نیکاری) بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی شار و پارێزگاکانی باکوور، لەبەرامبەر هەناردەکردنی ٣٧٠ هەزار بەرمیلی نەوتی خاو بۆ ئەو دەوڵەتانە لە نەوتی خاوی بیرەکانی خۆی لە کەنداو، بۆیە داخستنی گەرووی هورمز کاریگەریی بۆسەر پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی دەریای قەزوین دەبێت، کە وا دەکات ئەو دەوڵەتانە بەدوای شەریکی دیکەدا بگەڕێن بەرێگای سەقامگیرتر، لەوانەش ئەمریکاو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا.

٦. بوونی دیموگرافیی فرە نەتەوەیی و ئایینی لە دەوڵەتانی حەوزی کەنداو و لەوانەش ئێران لەسایەی نەبوونی دادپەروەری و دیموکراسی و ئازادی، هاوکات بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری، ئەمانە دەبنە هۆکار بۆ پشێویی بارودۆخ لەژێر دەسەڵاتی زۆربەی حکومەتەکانی دەوڵەتانی کەنداو لەنێویانیشدا ئێران، ئەمەش لە بەرژەوەندیی



گەلان و کەمینە چەوساوە و بێبەش لە مافەکانیان دێت، لەکاتێکدا ئەو جیهانە لەسایەی سیستەمی تازەی جیهاندا دەگوزەرێت.

**● ئەلتەرناتیڤەکانی گەرووی هورمز:**

لەبەر ئەوەی نەوت وغاز داهاتی سەرەکیی نێوان ٨٨٪-١٠٠٪ ی زۆرینەی دەوڵەتانی سەر حەوزی کەنداوە، بۆیە ئایندەی حکومەت و گەلەکانیان لە حاڵەتی سەقامگیرنەبوونی ئاسایش لە حەوزی کەنداو دەکەوێتە بەر هەڕەشە، بەتایبەتی داخستنی گەرووی هورمز و لێکەوتە ئابووری و بازرگانی و دەروونییەکانی ئەم داخستنە، هاوکات دەرئەنجامەکانی شەڕەکانی ناوچەکە لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی عەرەبی لە حەوزی کەنداو لەگەڵ ئێراندا، ئەو مەترسییانە هانی دەوڵەتانی خاوەن نەوت و غاز دەدەن بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو و غازی سروشتی لە سەرچاوەکانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان بەدوای ئەلتەرناتیڤی دیکەدا بگەڕێن، دیارترین ئەو ئەلتەرناتیڤانەش:

١. دامەرزاندنی بۆریی نەوت کە سەرچاوەکان لە رێی عومان بە دەریای سوورو دەریای عەرەبییە ببەستێتەوە و لە رێی ئوردن و سووریاو تورکیاش بە دەریای سپی ناوەڕاستەوە ببەستێت.

٢. راکێشانی بۆریی نەوت و غاز لە دەوڵەتانی کەنداوەوە بۆ (بەندەری مەلا) لە پارێزگای حەزرەمەوتی یەمەن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیریی بارودۆخی یەمەن.

٣. هەڵکەندنی نۆکەندێکی ئاو وەك نۆکەندی سویس کە دەوڵەتانی کەنداو بە کەنداوی عومان و دەریای عەرەب ببەستێتەوە.

**● پوختەو ئاکام:**

١. ئەستەمە لەسایەی بوونی ئەو رژێمانەی ئێستای ناوچەکە و ئەو کێبڕکێ و لێکەوتانەی بوونی سەربازی و سیاسی لە حەوزی کەنداوهەیە، ئاسایش لە حەوزی کەنداو سەقامگیر بێت، بۆیە گەرووی هورمز کلیل، یان چەقی ئەو پشێوییانەیە لەنێوان دەوڵەتانی سەر حەوزی کەنداو و هاوپەیمانە رکابەرەکانیان لەسەر خێرو داهاتی حەوزی کەنداو هەیە.


٢. گرنگیی رۆڵی حەوزی کەنداو و گەرووی هورمز دوای نەمانی نەوت و غازی سروشتی لە جیهاندا لاواز و پەراوێزدەبێت، ئەویش لەماوەی ٤٠-٦٠ ساڵی داهاتوو و پەرەسەندنی ئەلتەرناتیڤی سەرچاوەکانی دیکەی وزە، ئەمەش بەهێزترین ئەگەرە.

٣. دوا ئەگەریش بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دیاردە سروشتییەکانی جیۆلۆجی و کەشوهەوا (گەرانەوەی ماوەی سەهۆڵبەندان) کە جارێکی دیکە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاوی کەنداو بۆ (دۆڵی کەنداو) وەك پێش نزیکەی ٨٥٠٠ ساڵ، هەروەها بەردانەوەی شەتولعەرەب تا دەرژێتە گەرووی هورمز، خوای گەورەش توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، بۆیە لێرەدا گەرووی هورمز گرنگییە ئابووری و بازرگانییەکەی لەدەست دەدات.

# ئیسلامی سیاسی له شینجیانگ

هەرێمی شینجیانگ Xinjiang گەورەترین هەر پێنج هەرێمی چینە کە بریتین لە(مەنگۆلیا Mangolia، گوانشی Guanqxi، تبت Tibet، نینگشیا Ninqxia، و شینجیانگ Xinjiang)، کە بابەتی باسەکەمانە. هەرێمی شینجیانگ رووبەرەکەی بەقەد نزیکەی رووبەری ئێرانە و دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتی، وەك غاز و خەڵووز و نەوت، شادەماری ئابووریی چینە، چونکە ٨٠٪ی پێویستیی چین پڕدەکاتەوە، چینیش ئامادەیە دەستبەرداری تایوان بێت، بەڵام ئامادە نییە دەستبەرداری هەرێمی شینجیانگ بێت، کە دەکەوێتە رۆژئاوای چین و پایتەختەکەشی ئۆرومچی Urumqi)) یە و دەکەوێتە نێوان پێنج دەوڵەت (کازاغستان، قیرگیزستان، تاجیکستان، پاکستان، ئەفغانستان) واتای هەرێمەکە خاکی تازەیە، حکومەتی چین ناوە کۆنەکەی تورکستانی رۆژهەڵاتی گۆڕی بۆ شینجیانگ، لە ساڵی ١٧٦٠ چین تورکستانی رۆژهەڵاتی داگیرکرد و ناوی نا وڵاتی ئیگۆر خوی جیانگ Hu Chiang، لە ساڵی ١٨٧٧ واتا دوای داگیرکاریی دووەم مەرسومی ئیمپراتۆری ساڵی ١٨٨٤ دەرچوو، ناوی تورکستانی رۆژهەڵاتی گۆڕی بۆ شینجیانگ، دانیشتوانەکەی زۆرینەی موسڵمانن لە ئیگۆر Uygur و کەمینەکانی دیکە لە کزاگ و قیرگیز و ئۆزبەك و تاجیك پێکدێن، دواتر حکومەتی چین نەتەوەی (هان)ی نیشەجێ کرد بۆ گۆڕینی سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافی (بەچینیکردنی هەرێمەکە)، ژمارەی دانیشتوانی لە (٢٢)ملیۆن زیاترە و لە ساڵی ١٩٤٩ ژمارەی چینییەکان ٦٪ بوو و ژمارەی موسڵمانانی ئیگۆر٨٠٪ بوو، بەڵام ئەو رێژەیە لەبەر سیاسەتی حکومەتەکان گۆڕدرا، چونکە ئیگۆر چینی نین بەڵکو تورکن، لە دەوڵەتی سەربەخۆی تورکستانی رۆژهەڵاتدا دەژیان، بە زمانی ئایگۆری کە زمانی قارلوقییە و یەکێکە لە زاراوەکانی تورکی قسەیان دەکرد و پیتی عەرەبییان بەکاردەهێنا، بەڵام چین بە چینییان دادەنێت، کە خودی چین لە(٥٦) نەتەوە پێکدێت.

لە سەدەی چوارەمدا ئیسلام گەیشتە ئەم ناوچەیە، ئیگۆر لە ساڵی ٩٤٣ز لەسەر دەستی سەرۆکی ئیمپراتۆرییەتی قراخانی بوونە موسڵمان، لە ١٠٤٣ قیرغیزیش بەهۆی ئەوانەوە بوونە موسڵمان، ئیگۆر توانییان بۆ دە سەدە حوکمی وڵاتەکەیان بکەن، لە ساڵی ١٦٤٤ کاتێ بنەماڵەی فەرمانڕەوا(مانشۆ) چەوساندیانەوە مەینەتییەکەیان دەستی پێکرد، شەڕێکی خوێناوی رووی دا، زۆریان لێکوژرا، تا دواتر چین تورکستانی رۆژهەڵاتی لە ساڵی ١٧٦٠ داگیرکرد، بەڵام ئیگۆر بەرگەی ئەو ستەم و چەوسانەوەیان نەگرت و لە ساڵی ١٨٥٥ بە



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەرۆکایەتیی (یەعقوب بەگ) شۆڕشێك و ڕاپەڕینێکی میللییان بەرپاکرد و لە ١٨٦٥ سەربەخۆییان بەدەستهێنا، لە ساڵی ١٩٣١ کە شاکر بێگ حوکمی دەکرد سەرۆکی پۆلیس دەستدرێژی کردەسەر ئافرەتێکی ئیگۆر، دەسەڵاتدارانی چین ناوچەکەیان دابەشکرد، بۆیە ڕاپەڕین دەستی پێکرد، سەرۆکی پۆلیس و پاسەوانەکەیان کوشت، چینیش حاکمەکەی دوورخستەوە تاکو ڕەوشەکە هێوربێتەوە، دواتر دانی نا بە دەسەڵاتی ئیگۆری موسڵماناندا، لە ساڵی ١٩٣٣مەولای ئەکبەر ئابیتی جارێکی دیکە سەربەخۆیی کۆماری تورکستانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ڕاگەیاند، (خوجا نیاز) بوو بە سەرۆك کۆمار و (سابت داملا) بوو بە سەرۆك وەزیران، تەنیا سێ مانگی خایاند، چونکە هەموو نەتەوەکانی چین دژی وەستانەوە، چین بە هەماهەنگی ڕووسیا کۆمارەکەیان ڕووخاند و ئەندامانی حکومەتەکەشی لەسێدارەدا، ڕێگەشی بە ڕووسیا دا لە هەرێمەکە بەدوای سامانی سرووشتیدا بگەڕێت، لە ١٩٤٤ عەلی خان کۆماری تورکستانی ڕۆرژهەڵاتی دامەزراندو بوو بە سەرۆك کۆمار، بەڵام لە ١٩٤٦ کۆمارەکەی ڕووخا، لەو ساڵەداو دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ئیگۆر داوای سەربەخۆیی کرد، بەڵام دوای ئەوەی چین لە ١٩٤٩ پەلاماری دا شکستی هێنا، لە هەمان ساڵدا ڕژێمی شیوعی بە سەرۆکایەتیی ماوتسی تۆنگ (کە لە ساڵی ١٩٧٦مردووە) حوکمرانی گرتەدەست، لە ساڵی ١٩٥٠هەرێمی شینجیانگ بوو بە بەشێك لە چینی میللی، بەڵام مەیلی جیابوونەوە بەدرێژایی مێژوو هەر لە عەقڵی ئیگۆردا ماوەتەوە، چونکە دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبوو، بەڵام چینییەکان بە ناحەق لێیان تێکدان، زۆرینەی بزووتنەوەکانی ئیگۆر تێکەڵەی مۆرکی جیابوونەوە و ئاراستەی ئیسلامی بوون، مۆرکی جیابوونەوە چونکە خۆیان بە چینی نازانن، بەڵکو دەیانەوێت دەوڵەتە داگیرکراوەکەیان بگەڕێننەوە، ئاراستەی ئیسلامیش بۆ ئەوەی پشتیوانیی جیهانی ئیسلامی بەدەست بێنن، بە تایبەتیش گروپە ئیسلامییەکان، لەبەرامبەر ئەمە حکومەتی چین زۆر دڵڕەق بوو بەرامبەریان، چونکە جیابوونەوە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی نیشتمانی و ئابووری، بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامیش لەناو جەرگەی چین هەڕەشەیە، بۆیە ئەو مامەڵە ڕەقە بەرامبەر هەرێمەکانی دیکە ناکرێت، وەك هەرێمی نینگشیا Ninqxia، کە موسڵمانی تێدایە، بەڵام تورك نین و چینیی موسڵمانن لە نەتەوەی (هەوی)و داوای جیابوونەوە ناکەن و گروپی ئیسلامیی توندڕەویان تێدا نییە، بەڵام دەترسێن وەك هەرێمی شینجیانگیان لێ بێت، ئەوەی پەیوەستە بە هەرێمی تبت کە بووزین، ئەوا هەندێ یاسا لەوێ کاریان پێ

**هەرێمی شینجیانگ رووبەرەکەی بەقەد نزیکەی رووبەری ئێرانە و دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتی، وەک غاز و خەڵووز و نەوت، شادەماری ئابووریی چینە، چونکە ٨٠٪ی پێویستیی چین پردەکاتەوە، چینیش ئامادەیە دەستبەرداری تایوان ببێت، بەڵام ئامادە نییە دەستبەرداری هەرێمی شینجیانگ بێت، کە دەکەوێتە رۆژئاوای چین و پایتەختەکەشی ئۆرومچی Urumqi یە**

**ئیگۆر لە ساڵی ٩٤٣ز لەسەر دەستی سەرۆکی ئیمپراتۆرییەتی قراخانی بوونە موسڵمان، لە ١٠٤٣ قیرغیزیش بەهۆی ئەوانەوە بوونە موسڵمان، ئیگۆر توانییان بۆ دە سەدە حوکمی وڵاتەکەیان بکەن، لە ساڵی ١٦٤٤ کاتێ بنەماڵەی فەرمانڕەوا(مانشۆ) چەوساندیانەوە مەینەتییەکەیان دەستی پێکرد**

ناکرێت، وەك یاسای دیاریکردنی منداڵبوون، سەرۆکی دەوڵەتانیش وەك سارکۆزیی سەرۆکی فەرەنسا، پێشوازی لە سەرکردەی رۆحیی تبت دالای لاما Dalai Lam دەکەن، بەڵام دالای لاما وازی لە جیابوونەوە هێناو لە ١٩٨٨بە ئۆتۆنۆمی رازی بوو، بەڵام ئەگەر ئیگۆر دەستبەرداری جیابوونەوە بووبان و تێکەڵی کۆمەڵگەی چینی بوونایە و ئایینەکەشیان بمایە، رەنگە هەڵوێستی حکومەتەکانی چین جیاواز بووایە، بەڵام ئەستەمە ئیگۆر وازبێنن، بۆیە موسڵمانانی چین کێشەیان لەگەڵ حکومەتدا نییە، چین رێزیان دەگرێت و پشتیوانییان دەکات، چونکە نایانەوێت نەدەوڵەتی ئیسلامی و نەدەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنن، بەڵکو لەپاڵ ئایینی ئیسلام شانازی بە دەوڵەت و شارستانی و مێژووی نەتەوەیی چین دەکەن، لە ماددەی (٣٦)ی دەستووری چیندا هاتووە: هەموو هاووڵاتییەکی چینی ئازادیی بیروباوەڕو ئایینی هەیە، دەوڵەتیش درووشمە ئایینییەکانی هاووڵاتیان دەپارێزێت، بۆیە لەناو جەرگەی چیندا هاوبەندی ئیسلامیIslamic Association of China هەیە، کە لە ساڵی ١٩٥٣ و لەسەردەمی ماوتسی تۆنگ دامەزرا، کە سەر بە حکومەتە و بورهان سەهیدی و کەسانی دیکە لە دە نەتەوەی موسڵمانی چین دایانمەزراند، بە جۆرێك کە لەبەردەم دەستەی راوێژکاریی پەرلەمانی چین کۆدەبێتەوە و وتار دەخوێنێتەوە و لە میدیای فەرمیش بڵاودەکرێتەوە، دەیەمین سەرۆکی ئەو هاوبەندییە یانگ فاو مبنگ دەڵێت: ئیسلام مێژوویەکی درێژو شکۆداری لە وڵاتدا هەیە، بەڵام هۆشداریشی داوە کە هەندێ گرنگیی زیاتر لە یاسای نیشتمانی بە رێنماییەکانی ئایین بدەن، داوای پابەندبوون دەکات بە ئیسلامی نەریتیی چینی کە پێشتر گەیشتۆتە چین، کە بە (قادی مو) ناوی دەبات، نەك ئیسلامی دەرەکی کە بەم دواییە پەیدابووە، لە ساڵی ١٩٨٩ خۆپیشاندانی موسڵمانان لە چین دژی نووسەرێکی چینی کە سووکایەتی بە ئیسلام کردبوو دەستی پێکرد، حکومەت کتێبەکەی قەدەغەکرد و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمەڵە ئیسلامییەکان و حکومەت سووتاندی، لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەندامانی هاوبەندیی ئیسلامیی چین بە بۆنەی یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنییەوە بە ئامادەبوونی نوێنەری حزبی شیوعیی چین ئاهەنگیان گێڕا، بەڵام حکومەت زیاتر تەرکیزی کردە سەر هەرێمی شینجیانگ لەبەر چەند هۆیەك: گرنگیی ستراتیجی و ئابووری و ترس لە جیابوونەوەی، کە هەرێمەکانی دیکەش هاندەدات جیابنەوە، هاوکات ترس لە بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی بە فیکرەی رادیکالی لەنێوان سەرجەم موسڵمانانی چین، بۆیە بە توندی و ستەمەوە مامەڵەی لەگەڵ ئیگۆردا کرد، تەنانەت هەندێ جار رەشەکوژیی یان ئاوارەی دەکردن، بۆیە وەك پەرچەکردارێك دژی سیاسەتی ستەمکارانەی حکومەتی چین چەندین بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئیسلامی و مەدەنیی ئیگور پەیدابوون و هەموویان بۆ رزگارکردنی ئیگور لە چەوسانەوەو ستەم داوای جیابوونەوەیان دەکرد، بۆ نموونە: خاتوو رەبیعە قەدیر تەمەن (٦٢) ساڵەی پێشەوای ئیگۆر کە شەش ساڵ زیندانی کرابوو، چین بە تیرۆیست و جوداخوازی دادەنا، ئەو ئەندام بوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی شینجیانگ و نوێنەری چین بوو لە کۆنگرەی جیهانیی ئافرەتان، لەگەڵ مێردەکەی کە زیندانی بوو هەڵاتنە ئەمریکا و دوای دوو ساڵ دەستگیرکرا و لە ساڵی ٢٠٠٠ بە هەشت ساڵ زیندانی حوکمدرا و لە ٢٠٠٥ بە هۆکاری تەندروستی ئازادکرا، دواتر بۆ ئەمریکا دوورخرایەوە و چینیش بە تۆمەتی جیاخوازی کوڕەکەی بە نۆ ساڵ زیندانی حوکمدا، بۆیە رەبیعە دەیگوت ئیگۆر لە زیندانێکی گەورەدا دەژین، چونکە حکومەت ملیۆنێك ئیگۆری خستۆتە زیندانەوە، حکومەتی چینیش دەڵێت کە ئەمە سەنتەری رۆشنبیرکردنە بۆ شیاندنەوەیان، لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا داوای ئازادکردنی کوڕەکانی رەبیعە قەدیری کرد و چی دیکە ئیگۆر سەرکوت نەکرێت، ساڵی ٢٠٠٩ بە سەرەتای راستەقینە دەژمێردرێت بۆ توندوتیژی و پشێوی لە هەرێمی شینجیانگ، ئیگۆرییەکان داوای جیابوونەوەیان دەکرد، چونکە بەرگەی ستەم و چەوسانەوە و رەشەکوژیی چین ناگرن، ٢٠٠ کەس کوژران کە دژوارترین توندوتیژییە لە مێژووی هەرێمەکە، ئەردۆغان ئەوەی بە جینۆساید ناوبرد، بەڵام چین لەناویان دەبات و ئەو خەونەیان بۆ ناهێنێتەدی، لە ساڵی ١٩٩٢ ئیگۆر کۆنگرەیەکی

نیشتمانییان بۆ نوێنەرانی هەرێمی شینجیانگ لە ئەستەنبوڵ سازکرد، کە نوێنەرانی زیاتر لە سی ڕێکخراوی جوداخوازیی دەرەوەی ئیگۆر ئامادەی بوون، کۆنگرەکە لیژنەی نیشتمانیی هاوبەشی نێودەوڵەتی بۆ تورکستانی ڕۆژهەڵات (هەرێمی شینجیانگ) پێکهێنا، دەوڵەتێك بڕیاردرا بەناوی (دەوڵەتی تورکستانی ڕۆژهەڵات) لەگەڵ هەڵبژاردنی ئالایەکی نیشتمانی لە شێوەی مانگ و لە ناوەڕاستیش ئەستێرەیەك کە بەتەواوی لە ئالای تورکیا دەچێت، بەلام باکگراوندەکەی شینە، لە ساڵی ١٩٩٣ کۆنگرەی دوومیان لە ئەستەنبوڵ بەست، چونکە سەنتەری سەرەکییان لەوێیە، حکومەتێکی هەندەرانیان دامەزراند و (ڕوزابێگ)بە سەرۆك وەزیران دانرا، کۆنگرەکە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کرد تا دان بنێن بە دەوڵەتەکەیاندا کە لە چین جیابۆتەوە، لەهەمان ساڵدا حەسەن مەعسوم و جێگرەکەی عەبدولحەق یابوقوان بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکستانی ڕۆژهەڵاتیان دامەزراند، حەسەن مەعسوم خەڵکی شینجیانگە، پۆلیسی چینی لە ١٩٩٣ دەستگیریان کرد، بەڵام توانی رابکات و بگاتە ئەفغانستان و پەیوەندی بە بزووتنەوەی تالیبانەوە بکات، دواتر لە ١٩٩٨حەسەن مەعسوم بارەگای بزووتنەوەکەی گواستەوە کابوڵ تا لەژێر پارێزگاریی ولایەتی تاڵیبان چالاکی بکات، حەسەن مەعسوم و ئیشان مەخزومی چاویان بە ئوسامە بان لادن کەوت، هەروەها بە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئۆزبەگستان، لە ١٩٩٩ ئیگۆر کۆنگرەیەکیان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی چل بزووتنەوەی جوداخواز بەست، ڕێککەوتن کە چارەسەری سەربازی بۆ قۆناغی داهاتوو لەپێناو سەربەخۆیی گونجاوترە، بۆیە کادیرەکانیان ناردنە ئەفغانستان و شیشان و کشمیر بۆ فێربوونی هونەرەکانی شەڕ، (٢٠) بنکەی مەشقیان دروستکرد، دروشمیان(تورکستانی ڕۆژهەڵات بە ئاشتی ئازادناکرێت، پێویستە بۆ چارەسەری کێشەکە هێز بەکاربهێنرێت)بوو، لە ساڵی ٢٠٠١ بزووتنەوەی تاڵیبان رازی بوو پشتگیریی دارایی ئیگۆر بکات و لەسەر حیسابی خۆی لە قەندەهار مەشقیان پێ بکات، لە جەلال ئاباد تیمێکی تایبەتی بۆ ئیگۆر تەرخانکرد، قاعیدەش بنکەیەکی مەشقی لە تۆرابۆرا بۆ تەرخانکردن تاکو بێنە نێو قاعیدەوە، لە ساڵی ١٩٩٦ نوێنەرانی دە پارێزگای هەرێمی شینجیانگ بۆ دامەزراندنی حزبوڵای ئیسلامی کۆبوونەوە، ئەمریکا پشتیوانیی ئەو بزووتنەوە جوداخوازانەی کرد وەك چۆن لە سەرەتای هەشتاکان دژی یەکێتیی سۆڤییەت پشتوانیی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ئەفغانستانی کرد، لە ساڵی ١٩٩٥ ئەمریکا ڕێگەی بە کۆمەڵەی تورکستانی ڕۆژهەڵات دا مەکتەبی سیاسی لە واشنتۆن بکاتەوە، بارەگای سەرەکیش لە ئەستەنبوڵ بوو، دوو سەعاتیشی لە رادیۆیەکی ئەمریکا بۆ تەرخان کرا تا بەرنامە سیاسییەکانی پەخش بکات، کە ئاراستەی ئیگۆرییەکان دەکرێت لە هەموو جیهان بەتایبەتیش لە چین، بە دیاریکراویش هەرێمی شینجیانگ، لەوێ پتر لە جارێك بیڵ کلنتۆنی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا چاوی بە سەرانی ئیگۆر کەوتبوو، کۆنگرێسی ئەمریکاش گوێی لە کێشەکەیان گرتبوو، لە ١٩٩٩ ئەمریکا چینی تۆمەتبار کرد بەوەی کە ئیگۆر دەچەوسێنێتەوە، بیڵ کلنتۆنیش چەندین دیکیومێنتی گرنگی لە (ئەنوەر) سەرۆکی ڕاپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی تورکستانی ڕۆژهەڵات وەرگرت، کە تاوانەکانی چینی دەرخەق هەرێمی شینجیانگو ئیگۆر تێدا تۆمارکرابوو، بەڵام ڕووداوەکانی ١١ی سێبتێمبەر هاوکێشەکەی گۆڕی، دوای بوونی پەیوەندیی نێوان سەرانی بزووتنەوەکەو ئوسامە بن لادن و تاڵیبان ئەمریکا لە دۆستی ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانەی ئیگۆڕەوە گۆڕدرا بۆ دوژمن، ئەمەش لە بەرژەوەندیی چیندا بوو بۆ لەگۆڕنانی خواستەکانی ئیگۆر، بۆیە هەموو دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمەکە دەستیان کرد بە ڕاونانی سەرانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان، لێرەدا هەماهەنگییەکی ئەمنیی گەورە لەنێوان چین و ئەو دەوڵەتانە بە پشتیوانیی ئەمریکا هاتەئاراوە بۆ لەناوبردنی گروپە ئیسلامییە جوداخوازەکان، لە ساڵی ٢٠٠١ حکومەتی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی حامید کەرەزای (٢٠) ئیگۆری ڕادەستی چین کردەوە، لە ٢٠٠٢ حکومەتی قیرگیزستان دوو ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی

**لە ساڵی ١٧٦٠ چین تورکستانی ڕۆژهەڵاتی داگیرکرد و ناوی نا وڵاتی ئیگۆر خوی جیانگ Hu Chiang، لە ساڵی ١٨٧٧ واتا دوای داگیرکاریی دووەم مەرسومی ئیمپراتۆری ساڵی ١٨٨٤ دەرچوو، ناوی تورکستانی ڕۆژهەڵاتی گۆڕی بۆ شینجیانگ، دانیشتوانەکەی زۆرینەی موسڵمانن لە ئیگۆر Uygur و کەمینەکانی دیکە لە کزاگ و قیرگیز و ئۆزبەک و تاجیک پێکدێن**

**لە ١٩٤٤ عەلی خان کۆماری تورکستانی ڕۆرژهەڵاتی دامەزراندو بوو بە سەرۆک کۆمار، بەڵام لە ١٩٤٦ کۆمارەکەی رووخا، لەو ساڵەداو دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ئیگۆر داوای سەربەخۆیی کرد، بەڵام دوای ئەوەی چین لە ١٩٤٩ پەلاماری دا شکستی هێنا، لە هەمان ساڵدا ڕژێمی شیوعی بە سەرۆکایەتیی ماوتسی تۆنگ (کە لە ساڵی ١٩٧٦مردووە) حوکمڕانی گرتەدەست**

**لە ساڵی ٢٠٠١ حکومەتی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی حامید کەرزای (٢٠) ئیگۆری رادەستی چین کردەوە، لە ٢٠٠٢ حکومەتی قیرگیزستان دوو ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی ئیگۆری رادەستی چین کردەوە بە تۆمەتی پلاندانان بۆ هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا**

**ئەمریکا پشتیوانیی ئەو بزووتنەوە جوداخوازانەی کرد وەک چۆن لە سەرەتای هەشتاکان دژی یەکێتیی سۆڤییەت پشتوانیی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ئەفغانستانی کرد، لە ساڵی ١٩٩٥ ئەمریکا رێگەی بە کۆمەڵەی تورکستانی رۆژهەڵات دا مەکتەبی سیاسی لە واشنتۆن بکاتەوە**

ئیگۆری رادەستی چین کردەوە بە تۆمەتی پلاندانان بۆ هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا، لە ٢٠٠٢ چین پشتیوانیی ئەمریکای بەدەست هێنا بە دانانی ناوی بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکستانی رۆژهەڵات لە لیستی تیرۆر لەبەر پەیوەندیی بە قاعیدەوە، دواتر نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داوای ئەمریکا و چین رازی بوون ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی ئیگۆری لە لیتسی تیرۆر تۆماربکەن، چین ئەم دەرفەتەی قۆستەوە و داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد یارمەتی بدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گروپە ئیسلامییە تیرۆریستەکان کە بریتین لە: بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکستانی رۆژهەڵات، رێکخراوی رزگاریخوازیی تورکستانی رۆژهەڵات، کۆنگرەی جیهانیی لاوانی ئیگۆر، سەنتەری جیهانیی تورکستانی رۆژهەڵات، بەڵام ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکە لەسەر لیستی تیرۆری چین رەزامەند نەبوون، تەنیا بزووتنەوەی ئیسلامییان لەبەر بوونی پەیوەندی بە قاعیدەوە لە لیستەکە دانا، بۆیە ئەمریکا دەستبەرداری پشتیوانیی کێشەی ئیگۆر نەبووە و بەردەوامە لە پشتگیریی داخوازییەکانیان، (٧١) نوێنەر لە هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی یاداشتنامەیەکیان واژۆکرد و داوایان لە وەزیری دەرەوە مایك پۆمبۆ و وەزیری گەنجینەی ئەمریکا ستیڤن منوشین کرد، سزا بەسەر چیندا بسەپێنن، چونکە پێشێلکاریی بەرامبەر هەرێمی شینجیانگ ئەنجام دەدات، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەو پێشێلکارییانەی چینی بەرامبەر ئیگۆر بەوە وەسف کرد کە خراپترینە لەوەتەی سییەکانەوە و، بە سەربازگەکانی ستالین و ئەڵمانیای نازیی چواند، لە ساڵی ٢٠٠٢ سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا جۆرج دەبلیو بوش چاوی بە سەرۆکی پێشووی چین جیانگ زیمین کەوت و رێککەوتن کە پێویستە بەرەنگاری بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکستانی رۆژهەڵات ببنەوە، لەبەر پەیوەندیی بە قاعیدەوە، لە ٢٠٠٩ ئەمریکا حیسابی دارایی عەبدولحەق یابوقوان ناسراو بە ئەبو محەمەد تورکستانی بلۆك کرد، دوای کوشتنی پێشەوای بووتنەوەی ئیسلامیی تورکستانی رۆژهەڵات لەلایەن پاکستانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣،ئەبو محەمەد تورکستانی سەرکردایەتیی حزبی ئیسلامی دەکرد، عەبدولحەقیش لە ٢٠١٠ کوژرا، دوای پۆلێنکردنی بووتنەوەی ئیسلامیی ئیگۆر لە لیستی تیرۆر، سەرکردە و ئەندامانی کاری توندوتیژییان لە چین ئەنجام داو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان لە جیهان کردە ئامانج، هەروەها حکومەتێکی سەربەخۆیان لە هەندەران بەسەرۆکایەتیی ئەنوەر یوسف دامەزراند و دەستوورێکی تازەشیان لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ دەوڵەتەکە نووسییەوە. بەڵام دوای هەرەسی تاڵیبان و هەماهەنگیی ئەمنیی نێوان چین و دەوڵەتانی دەوروبەری هەرێمی شینجیانگ و پشتوانیی ئەمریکا بۆ لەوناوبردنی، بزووتنەوەکە رۆژ لەدوای رۆژ لاوازدەبێت، بۆیە ئەندامانی بزووتنەوەکە حزبی ئیسلامییان دامەزراند تا تۆمەتی تیرۆر لەخۆیان دوورخەنەوە، کە لە راستیدا درێژکراوەی بزووتنەوەی ئیسلامییە، ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ لە عێراق بڵاوبوونەوە، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریا لە ٢٠١١، زۆربەیان لە وێ گیرسانەوە و بەرەی نوسرە بە سەرۆکایەتیی ئەبو محەمەد جۆلانی یارمەتیی ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیان دا تا لە سووریا جێگیر ببن، هەروەها سەربازگەی مەشقیشی بۆ کردنەوە، لە ئێستادا کەتیبەی ئیگۆر لە سووریا شەڕدەکات، کەتیبەی ئۆزبەکی بەناوی (کەتیبەی جیهاد و تەوحید) و کەتیبەیەکی شیشانی بە ناوی جنود ئەلشام لەوێن و هەموویان لەپاڵ بەرەی نووسرە ی سەر بە قاعیدە شەڕدەکەن، رێکخراوی داعش (٢٠٠٠) ئیگۆریی لە رەقەی پایتەختی خەلافەت و دێرزور نیشتەجێ کرد، بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتیش چینییەکان، ئەو چەکدارانەی ئیگۆر بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرەی نوسرەی سەر بە قاعیدە و رێکخراوی داعش لەلایەن تورکیاوە لە هەرێمی شینجیانگ بۆ سووریا دەگوازرێنەوە، بۆیە چین و دەوڵەتانی دیکە تورکیا تۆمەتباردەکەن کە ئەندامانی قاعیدە و داعش دەحەوێننەوە، ژمارەی ئەوانەی لە شینجیانگەوە بۆ سووریا گوازراونەتەوە گەیشتۆتە(٣٥٠٠) چەکدار، ژمارەی ئیگۆر کە لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ تورکیا هەڵاتوون گەیشتۆتە(٧)هەزار کەس، لەبەرئەوە بەهۆی هەڵوێستی لەهەمبەر ئیگۆر چین رەخنەی لە تورکیا گرت، هەرچەند تورکیا

گرنگی بە کێشەی ئیگۆر بدات ئەوەندە چین بەرامبەریان دڵرەقتر دەبێت، تورکیاش گرنگی بە ئیگۆر دەدات نەك لەبەر ئەوەی موسڵمانن بەڵکو تورکن، بۆیە گروپە جوداخوازەکانی ئیگۆر بانگەشەدەکەن بۆ یەکگرتنی تەواوی ئەو دەوڵەتانەی بە تورکی قسەدەکەن، رەهەندی نەتەوەیی بەسەر بانگەشەی ئەو گروپانەدا زاڵە، هەرچەندە ئیدیعای ئیسلام دەکەن، لەبەرئەوە دەبینین کە بارەگای سەرەکیی ئیگۆر لە ئەستەنبوڵە، ژمارەیەکی زۆریشیان لەوی دەژین، هەروەها هەڵوێستی تورکیاش لەهەمبەر چین توندە کە مامەڵەی لەگەڵ ئیگۆر خراپە، لەبەرامبەر ئەمەشدا دەبینین کە چین زۆر بە ستەم و توندییەوە مامەڵە لەگەڵ ئیگۆر دەکات، زیندانێکی گەورەی بۆ کردوونەتەوە کە نزیکەی یەك ملیۆن ئیگۆری تێدایە، هەروەها سەرپۆشیشی لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە کردووە، سزای پێبژاردنی (٣٥٣) دۆلاری داناوە بۆ ئەو ئافرەتانەی لەو شوێنانە سەرپۆش دەپۆشن، هەروەها یاسای سنووردارکردنی زاوزێی سەپاندووە کە هەر خێزانێك نابێت زیاتر لە یەك منداڵی هەبێت، لەوەش سەرسامتر داوادەکەن قورئانەکان رادەستی دەوڵەت بکەنەوە، لە ساڵی ٢٠١٤ حوکمی زیندانیی هەتاهەتایی بۆ ئیلهام تۆهتی دەرکرا بە تۆمەتی هاندان بۆ جیابوونەوە، چونکە تۆڕێکی ئەنتەرنێتی تایبەتی بە مەینەتییەکانی ئیگۆری بەرێوەدەبرد، هەروەها زۆر لە چالاکوانان کاتێ لەسەر شاشە قسەدەکەن لە ترسی دەسەڵاتدارانی چین دەموچاویان دەشارنەوە، لە ساڵی ٢٠١٤ لە شاری یارکند و لە مانگی رەمەزاندا لەلایەن دەسەڵاتدارانی چینەوە توندوتیژی بەرامبەر ئیگۆر ئەنجام درا و تێیدا (٩٦)کەس گیانیان لەدەست دا، ئیگۆرییەکانیش دەستەوەستان نەبوون، حزبی چاکسازیی ئیسلامی کە نهێنی بوو بارەگای سنووردارکردنی زاوزێ و دادگای پشکنینی لەیەك ساتدا تەقاندەوە، ئەوەش وەك تۆڵەکردنەوەیەك لە دەسەڵاتدارانی چین، چونکە منداڵی ساوای ئافرەتێکیان کوشت کە سەرپێچی یاسای سنووردارکردنی زاوزێی کردبوو، کە لە ئەنجامدا دایکەکە لەتاو منداڵەکە گیانی لەدەست دا، لە ساڵی ٢٠٠٩ بزووتەوەی ئیسلامی ئۆلۆمپیادی پەکینی کردە ئامانج و ترس و دڵەراوکێی خستە نێو ئەوانەی سەردانییان کرد، مەحاڵە تورکیا بتوانێت رووبەرووی چین ببێتەوە، تورکیاش بێ ئومێد بوو لە هەرشتێك کە بیکات لەئاست کێشەی ئیگۆر، بۆیە پلانێکی دیکە پەیرەودەکات کە بریتییە لە نیشتەجێکردنی ئیگۆر لە سووریا لەپێناو گۆرینی دیموگرافی، بەوەی ئیگۆر لە شینجیانگەوە دەگوازێتەوە بۆ سووریا تاکو ببنە زۆرینەی سووریا، بەو مەبەستەی لە ئایندەدا دەستێوەردان بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی ئیگۆرانی تورك.

**ژمارەی ئەوانەی لە شینجیانگەوە بۆ سووریا گوازراونەتەوە گەیشتۆتە (٣٥٠٠) چەکدار، ژمارەی ئیگۆر کە لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ تورکیا هەڵاتوون گەیشتۆتە (٧) هەزار کەس، لەبەرئەوە بەهۆی هەڵوێستی لەهەمبەر ئیگۆر چین رەخنەی لە تورکیا گرت، هەرچەند تورکیا گرنگی بە کێشەی ئیگۆر بدات ئەوەندە چین بەرامبەریان دڵرەقتر دەبێت**

بۆیە دەبینین ئیگۆر زۆرینەن لە شاری پردی شەغور لە پارێزگای ئیدلیبی سووریا، دەمەوێ بڵێم کە چین دژایەتیی ئیسلام ناکات، بەڵکو دژایەتیی ئەوە دەکات کە دەیەوێت بەشێکی لێ دابرێت، پێی وایە کە شینجیانگ بەشێکە لە خۆی، دەستبەرداری نابێت بە هەر نرخێك بێت، ئەگەر دژایەتیی ئیسلامی بکردایە رێگەی بە موسڵمانانی نەدەدا لە هەرێمەکانی دیکەی وەك نیگشیا و پارێزگاکانی دیکە ئازاد بن، هەروەها هاوبەندی و کۆمەڵە و دامەزراوەی ئایینی دابمەزرێنن، بەتایبەتیش کە دەستوور رێگەی داوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئیگۆر چەند هەڵەیەکیان کردووە، لەوانە بانگەشەی جیابوونەوە کە مافی خۆشیانە، لەکاتێکدا چین هەماهەنگیی ئەمنیی لە ئاستی بەرزدا هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، هەڵەیەکی دیکە کە بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکستانی رۆژهەڵات کردوویەتی هەماهەنگیی کۆدن لەگەڵ گروپە توندرەوەکانی وەك قاعیدەو بزووتنەوەی تاڵیبان و داعش و بەرەی نوسرەیە، بۆیە ئەم گەلە داماوە هەمیشە لە مەینەتیدا دەژی، مادام بەدوای چارەسەرێکی لۆژیکی و واقیعیدا نەگەرێت بۆ کێشەکەی، چینیش ئەو شتانەی لە موسڵمانان دەوێت، بە تایبەتیش لە شینجیانگ:

**هەڵەیەکی دیکە کە بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکستانی رۆژهەڵات کردوویەتی هەماهەنگیی کۆدن لەگەڵ گروپە توندرەوەکانی وەك قاعیدەو بزووتنەوەی تاڵیبان و داعش و بەرەی نوسرەیە، بۆیە ئەم گەلە داماوە هەمیشە لە مەینەتیدا دەژی، مادام بەدوای چارەسەرێکی لۆژیکی و واقیعیدا نەگەرێت بۆ کێشەکەی**

١. ئیسلام تەنیا بۆ لایەنی رۆشنبیری و رۆحی و باوەرداری بێت.

٢. ناسنامەی ئیسلامی لە ناسنامەی چینی کەمتر بێت.

٣. پێویستە ئەو رێنماییە ئایینیانە رەتبکرێنەوە کە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەت ناکۆکن.



**لیوا بەختیار بابان**

**بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەرێم و ڕاوێژکاری سەربازی لە وەزارەتی ناوخۆ:**

# بەپێی داتاو زانیارییەکان ڕێژەی تاوان لە کوردستاندا کەمترە لە عێراق و تەواوی ناوچەکە

**هەوڵ و ڕێککارەکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لە ڕێی بەرەنگاربوونەوە و گرتنەبەری ڕێککاری پێویست لە دژی تاوان و کردارە تاوانکارییەکان و چەند هەنگاوێکی دیکەی وەزارەت وەك پرسی ڕێکخستنی هەڵگرتنی چەك لەلایەن هاوڵاتییانەوە، چەند تەوەرێکی دیدارێك بوون لەگەڵ لیوا بەختیار بابان بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەرێم و ڕاوێژکاری سەربازی لە وەزارەتی ناوخۆ.**

*** بایەخدان بە پرسی ئاسایشی هاووڵاتیان و ڕێگرتن لە ئەنجامدانی تاوان، ئەرکی سەرەکی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشە، ئایا بەرنامەتان بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر بۆ هاووڵاتیان چۆنە؟**

- پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەت دەمەوێت لە ڕێگەی گۆڤارەکەتانەوە ئەوە روون بکەمەوە؛ کە بەپێی هەموو داتاو زانیارییەکان کە رۆژانە زانیاریمان لەسەری هەیە و لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەو دنیا هەرێمی کوردستان کەمترین رێژەو ژمارەی تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێت، تەنانەت بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لەرووی تاوانەوە هەرێمی کوردستان بەراورد بکرێت بە عێراق، هەر خۆی لەخۆیدا حکومەتی عێراق زۆر سەرسامە بە تواناو لێهاتوویی پۆلیس و ئاسایشی کوردستان و پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، کە بەو توانا دارایی و تەکنیکییە کەمەی بەردەست پۆلیسی هەرێم توانراوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکەو رووداني تاوانەکان بکەن.

سەبارەت بە تەوەری پرسیارەکەشت کە تایبەتە بەئەنجامدانی تاوان ئەوا لای هەمووان روون و ئاشکرایە تاوان هەر لە مێژووی مرۆڤایەتییەوە کە قابیلی هابیلی برای کوشت تا ئەو کاتەی بەشەرییەت دەمێنێت هەر تاوانی کوشتن دەمێنێت، ئەوەتا لە ئەمەریکاو هەموو دنیادا رۆژانە تاوان روودەدات و لەناو قوتابخانەو زانکۆکانی ئەو وڵاتە و شوێنە گشتییەکانی رووداوی تەقەکردن لە قوتابی و خەڵك هەیە و خۆ ئەگەر باسی وڵاتانی دیکەو ناوچەکە بکەین ئەوە رێژەی تاوان و کوشتنی تێدا زۆر زیاترە لەو رێژەیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە. لای خۆمان ئەگەر تەقە لە کەسێك بکرێت یاخود تاوانێکی کوشتن روویدات یا کەسێك بریندار بێت هەموو لایەك روودەکەنە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس، لەکاتێکدا بەپێی هەموو داتاو زانیارییەکان رۆڵی ئەم دەزگایانەو ئاسایش و پۆلیسەکانمان بەراورد بە وڵاتانی دیکەی دنیا زۆر باشە، بوونی ئەم حاڵەتانەی کوشتن و تاوان لە هەموو دنیادا هەیە ئەوەتا لەو وڵاتانەی کە باسی ئەوە دەکرێت گوایە دەزگاکانی پۆلیسیان زۆر پێشکەوتووە هەر تاوان و کوشتن روودەدەن، بۆ نموونە با باسی دوو وڵاتی پێشکەوتووی دنیا بکەین لەرووی پۆلیسەوە ئەویش فەرەنساو ئەڵمانیایە لەوێ رۆژانە رووداو و تاوانی نەخوازراو روودەدەن. کەمیی رێژەی تاوان و کوشتن لەوڵاتی ئێمە بەراورد بە وڵاتانی دیکە بۆ ئەو پلان و بەرنامە تۆکمەیە دەگەڕێتەوە کە نەك هەر لەکاتی کەوتنەوەی تاوانەکە بەڵکو لە پێش تاوانەکەشدا توانیومانە لەم ناوچە نائارامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئارامی و ئاسایشی و هێمنی کوردستان بپارێزین، خۆشبەختانە بەرنامەکەمان بەباشی جێبەجێ کردووە ، رەنگە هەموو بەرنامەکانی ئێمە لەبەر لایەنی ئەمنی ئاشکرانەبن و لەبەرچاوی ئێوە نەبن، بەڵکو هەر لەم ساتەدا کە من و تۆ گفتوگۆ دەکەین هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش رۆژ و شەو لە ئامادەباشیدان بۆ بەرێکرتنی مانگی پیرۆزی رەمەزان و تا درەنگانێکی شەو لە ئەرکتان، قەڵەباڵغی بازاڕو شارو هاتوچۆکردنی خەڵك لەم مانگە پیرۆزەدا لەخۆڕا نەهاتۆتە دی، بەڵکو شەونخونی و هەوڵ و کۆششی بەردەوامی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسە ئەم دۆخە هێمن و ئارام و ئاسایشەی لێ بەرهەمهاتووە. ئەمەش بەو واتایە نایەت کە لێرەو لەوێ هیچ تاوانێك نییە چونکە هەموو ئەو بەرنامەو پلانانەی

**بەپێی هەموو داتاو زانیارییەکان کە رۆژانە زانیاریمان لەسەری هەیە و لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەو دنیا هەرێمی کوردستان کەمترین رێژەو ژمارەی تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێت، تەنانەت بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت لەرووی تاوانەوە هەرێمی کوردستان بەراورد بکرێت بە عێراق**

هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بۆ ڕێگەگرتن لەتاوان دایدەڕێژن لەبەرامبەردا تاوانباران بەرنامەو کاری دیکەی خۆیان بۆ تاوانکردن دادەڕێژن، بۆی هەیە هەندێکجار بەسەر بەرنامەو پلانەکانی ئێمەشدا باز بدەن بەڵام هەر دەسگیریان دەکەین و بەسزای خۆیان دەکەن.

*** وەکو ئاماژەت پێکرد لێرەو لەوێ هەر تاوان ئەنجام دەدرێت بەتایبەتی ئەو تاوانانەی مۆرکێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، ئایا ڕێگەگرتن لەتاوانە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە زەحمەتە کە نەتوانرێت بنبڕ بکرێت؟**

- وەکو پێم وتی تاوان بنبڕناکرێت بەڵام ڕێگەی لێدەگیرێت تاوەکو ڕێژەکەی کەم بێتەوە، هەرچەندە بەراورد بەوڵاتانی دیکەی ناوچەکە ڕێژەکەی زۆر کەمترە. ئەوەش مایەی نیگەرانییە کە لەسەر تەلەفون و وێنەیەك و قسەیەکی ناشرین خەڵکی کوژراوە یاخود بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دیکەوە کێشە لێرەو لەوێ ڕوودەدەن، بەڵام دڵنیاتان دەکەینەوە کە هیچ تاوانێك نییە زوو یا درەنگ ئاشکرا نەکرابێت، ئێمە حەز ناکەین هیچ تاوانێك ڕووبدات، بەڵام کە ڕوویدا زۆر بەئاسانی و بە زیرەکی و لێهاتوویی و ئازایەتی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس تاوانباران دەدۆزینەوەو دەستگیریان دەکەین و بەپێی یاسا و بڕیاری دادوەر دەدرێنە دادگاو بەسزای خۆیان دەکەن.

*** یەکێك لە مەترسیدارترین تاوانەکانی دنیا ئەو تاوانانەیە کە پێی دەوترێت تاوانی ڕێکخراوەیی ئایا تاوانی ڕێکخراوەیی لە هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- زۆرجار میدیاکان بەهەڵە باسی تاوانی ڕێکخراوەیی دەکەن، لەوڵاتی ئێمە تاوانی ڕێکخراوەیی نییە و پێشتریش نەبووە، ئەوەی سێ چوار گەنج لێرەو لەوێ تاوانێك ئەنجام دەدەن ئەمە پێی ناوترێت تاوانی ڕێکخراوەیی یاخود مافیایی، تاوانی ڕێکخراوەیی پەیوەندی بەمافیاوە هەیە و هەندێکجار ڕەهەندی سیاسیشی هەیە کە وڵاتێك کێشە بۆ وڵاتێکی دیکە دروست دەکات یاخود تاوانێك ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەی پلان و بەرنامە داڕێژراو کارێکی تاوانکاریی و ئاژاوە لەو وڵاتەدا بنێتەوە، لەم حاڵەتەشدا دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس چاوکراوەن و بەئاگان و لە ئامادەباشیدان.

*** هەر سەبارەت بەتاوان و تاوانکاریی لەزۆربەی کاتدا پیاوانی پۆلیس و ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ گلەیی و ڕەخنەیان لە یاساو جۆری سزاکانی دادگاکان و تەنانەت دەرکردنی لێبووردنی گشتی هەیە، ئایا ئێوە تاچەند ڕازین لەو یاسایانەی کە لەم بوارەدا سزای تاوانکارانی پێ دەدرێت؟**

- یاسای سزای عێراقی وەکو یەك لە سەرانسەریی عێراقدا بەهەرێمی کوردستانیشەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەو یاسایەی لە بەسرا کاری پێ دەکرێت هەمان ئەو یاسایەی ئێرەیە، بەڵام جاری وا هەیە لە بەغدا لێبووردنی گشتی دەردەچێت، هەروەها لە دوای ٢٠٠٣ەوە لە عێراق ٨ لێبووردنی گشتی بۆ زیندانیان دەرچووەو ئێستاش لێبووردنێکی دیکە بەڕێوەیە، لەکوردستان جار بەجار لێبووردنی گشتی دەرچووە بەڵام حکومەت دەتوانێت تەنیا لەسەر مافی گشتی لێبووردن دەربکات و ناتوانێت لەسەر مافی بنەماڵەیەك یاخود کوژراوێك تاوانبار ئازاد بکات. لەلایەکی ترەوە سزاکانیش لە ڕووی یاساییەوە سەرو ژێری هەیە بۆ نموونە تاوان هەیە سزاکەی لە ٣ ساڵ بۆ ١٠ ساڵە، پێشتر دادگاو دادوەرەکان کەمەکەیان دادەنا و هەندێك لەمانە لە کەسوکاری تاوانبارەکەیان عەفو دەکرد دواتر ئازاد دەکرا، تەنانەت تاوانبار هەبووە بە غەرامە سزا دراوە، بەڵام ئێستا دادگاو دادوەرەکان لە کوردستاندا سزا قورسەکە دەسەپێنن. مەسەلەیەکی دیکەش هەیە ئەوەیە کە ڕەنگە لە هەندێ جاردا و لەکاتی تاوانێکدا لایەنی دەرەکی لەپشت بێت بۆ دروستکردنی پشێوی و ناسەقامگیری لە کوردستاندا، بەڵام لایەنی دادوەرو دادگا ڕێگەی نەداوەو قورسترین سزای دەرکردووە، ئەمەش هەمووی لە پێناوی کەمکردنەوەی تاوان و ئاسوودەیی و هێمنی خەڵکی ، ئەوەتا خەڵکی لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر کە ڕوو لەهەرێمی کوردستان دەکەن لە پێناو ئارامی و ئاسایشی کوردستانە ، بوونی ئەو هەموو دەستی کاری عێراقی و بیانییە تەنیا بۆ سەقامگیری و هێمنی و ئاسایشی کوردستان دەگەڕێتەوە ، دڵنیاشم لەدوای دانانی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت هێمنی و ئارامی زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات.

**کامێرای چاودێری بووەتە پێداویستیەکی گرنگ و سەرەکی، تەنانەت بووەتە ئەرك لەسەر هەموو شوێن و بازاڕو دوکاندارو موڵ و شوێنێکی پیشەسازی، هیچ دامودەزگایەکی حکومیش نەماوە کامێرای چاودێری تێدا دانەنرێت**

**کەمیی ڕێژەی تاوان و کوشتن لەوڵاتی ئێمە بەراورد بە وڵاتانی دیکە بۆ ئەو پلان و بەرنامە تۆکمەیە دەگەڕێتەوە کە نەک هەر لەکاتی کەوتنەوەی تاوانەکە بەڵکو لە پێش تاوانەکەشدا توانیومانە لەم ناوچە نائارامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئارامی و ئاسایشی و هێمنی کوردستان بپارێزین**

*** دانانی کامێرای چاودێری لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان، زۆر جاران فاکتەرێکی یاریدەدەری گرنگ بووە تاوەکو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش تاوانباران بدۆزنەوە، ئایا تاچەند زیادبوونی ژمارەی کامێرای چاودێری لەسەر شەقام و شوێنە گشتیەکان دەبێتە کارئاسانی بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی تاوان؟**

- کامێرای چاودێری بووەتە پێداویستیەکی گرنك و سەرەکی، تەنانەت بووەتە ئەرك لەسەر هەموو شوێن و بازاڕو دوکاندارو مۆڵ و شوێنێکی پیشەسازی، هیچ دامودەزگایەکی حکومیش نەماوە کامێرای چاودێری تێدا دانەنرێت، رۆژ لەدوای رۆژیش کامێرای پێشکەوتووترو بەدیقەت و کوالێتی بەرزو هەستیارتر دێت، بۆ مۆڵەت تازەکردنەوەی هەموو شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکانیش مەرجی دانانی کامێرای چاودێریمان داناوە، ئەمەش بۆ خاوەن شوێنەکەو ئێمەش ئاسانکاریی و هاوکارییەکی باشە و چەندین تاوان دۆزراونەتەوە بەهۆی کامێرای چاودێرییەوە بووە.

*** بڕیارێکتان دەرکردووە بەوەی نابێت فەرمانبەرانی حکومەت کاری تاکسی بکەن، ئایا لۆژیکی پشت ئەم بڕیارە چییە؟ ئایا ئەمە هەنگاوێکە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان؟ تاچەند ئەم هەنگاوە بۆ سەقامگیریی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی گرنگە؟**

- پیشەی تاکسی لەکۆنەوە کەسانێك کردوویانە هیچ موچەیەکیان نەبووە، کەسانێك تەنانەت باوك و باپیریشیان هەر ئەو پیشەی تاکسییەی ژیانی خێزانەکانیان دابین کردووە، ناکرێت کەسانێك فەرمانبەری حکومەت بن بۆ نموونە کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ بن و ماوەیەکیشە مووچەکانیان باش بووە کەچی لەدوای دەوام کاری تاکسی بکەن، ئێمە نامانەوێت خەڵکی ڕێگر بێت لەو کەسانەی هەلی کار و بژێوی ژیانیان لەسەر تاکسییە، هەربۆیە بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ لە پێناو بەرژەوەندی گشتییە.

*** وێڕای چالاکی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لە دۆزینەوەی تاوانباران و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەمی دادگا، بەڵام ڕێژەی ئەنجامدانی تاوان تارادەیەك بەرزە و ڕۆژانە دەیان کاری دزی و کوشتنی خەڵك روودەدات، ئایا فاکتەرەکانی ئەنجامدانی تاوان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چین وا بەزەحمەت بنبڕ دەکرێن؟**

- وەکو لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەمدا ئاماژەم پێکرد تا بەشەرییەت هەبێت تاوان و تاوانکاریش هەر دەمێنێت، بەڵام کۆمەڵێك فاکتەری جۆراوجۆر کاریگەریان لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان هەیە لەوانە:( ناسەقامگیری و خراپی باری ئابووری و هۆکاری کۆمەڵایەتی و بوونی چەکێکی زۆر..) ، ئەمانە هەمووی راستەوخۆو ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کەسەکان هەیە، ئەو گۆڕانکارییە خێراییەی لە تەکنەلۆژیاو هۆکارەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن هەیە دۆخێکی وای دروست کردووە گەنجانێك دەیانەوێت وەکو کەسانێك بژین کە تەمەنیان لەنێوان ٤٠ -٥٠ ساڵدایەو دەیانەوێت هێندەی ئەوان پارەو ئوتۆمبێل و خانوو موڵکیان هەبێت، راستە ئەمە حەزو ئاواتێکی ئاساییە بەڵام بەهۆی ئەو فاکتەرانەی کەباسم کرد تەنانەت لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیاشدا نەتوانراوە ئەم ئاواتە جێبەجێ بکرێت، بۆیە کەسانێك کە لە ئاستێکی باشی پەروەردەدا نین دەیانەوێت لەرێگەی تاوان و کاری نایاسایی و ناشەرعییەوە بگەنە ئەم ئامانجە، سەبارەت بەکێشە کۆمەڵایەتیەکانیش ئەگەر ئێمە بمانەوێت بگەینە ئاستی وڵاتێکی وەکو سویسراو سوید ئەوە دەبێت ئێمە کۆمەڵگاکەشمان بگەیەنینە ئەو ئاستەی ئەوان، وابزانم هەموو هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی بەو ئاراستەیە دەڕوات کە کۆمەڵگای کوردستان بەرەو باشی و پێشکەوتن و ئاشتی زیاتر بڕوات.

سەبارەت بەدیاردەی چەك و هەڵمەتی دەستبەسەراگرتنی چەك و نەهێشتنی چەکداری بەردەوامین لە هەڵمەتەکانمان و لەم رووەوە یاسایەك دەرچووە کە ٣ مانگی رۆیشتووەو ٣ مانگی ماوە لەم ماوەیەشدا هەرچی چەك هەیە لەلای خەڵکە سەرەتا تۆماریان دەکەین و فۆرم و ئیجرائاتی تایبەت هەیە هەمووی جێبەجێ دەکەین. بەڵام بۆ مەسەلەی چەك هەڵگرتن و بنبڕکردنی چەك دەبێت خەڵك داوای موستەحیلات لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان نەکات چونکە دەبێت رەچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش بکرێت.

**مەسەلەیەکی دیکەش هەیە ئەوەیە کە ڕەنگە لە هەندێ جاردا و لەکاتی تاوانێکدا لایەنی دەرەکی لە پشت بێت بۆ دروستکردنی پشێوی و ناسەقامگیری لە کوردستاندا، بەڵام لایەنی دادوەرو دادگا ڕێگەی نەداوەو قورسترین سزای دەرکردووە**

**سەبارەت بەدیاردەی چەک و هەڵمەتی دەستبەسەراگرتنی چەک و نەهێشتنی چەکداری بەردەوامین لە هەڵمەتەکانمان و لەم رووەوە یاسایەک دەرچووە کە ٣ مانگی رۆیشتووەو ٣ مانگی ماوە لەم ماوەیەشدا هەرچی چەک هەیە لەلای خەڵکە سەرەتا تۆماریان دەکەین و فۆرم و ئیجرائاتی تایبەت هەیە هەمووی جێبەجێ دەکەین**

# ڕەمەزان

## مانگی خێر و لێخۆشبوون لە موسڵمانان

**خودای گەورە ئەم مانگەی بۆ مرۆڤایەتی و ئوممەتی محەمەد (د.خ) کردووەتە خەڵات و بەخششێک و دەرفەتێکی گەورە تاوەکو لەم مانگەدا چەند ئامانجێک بەدی بێت کە گرنگترینیان ناسین و نزیکبوونەوەی زیاتری ئوممەتەکەیەتی لە خوای گەورە**

**کاتێک بەندەکانی خوا لە خواردن و خواردنەوە دوور دەکەونەوەو بەسەر هەموو ئارەزووەکانی خۆیاندا زاڵ دەبن و خوداپەرستی دەکەن ئەوە بەندەکانی وەکو فریشتەکان لەخۆی نزیک دەکاتەوە، هەربۆیە لەم مانگەدا لە هەموو کات زیاتر ئوممەتەکەی لە خوای گەورەو میهرەبان نزیک دەبێتەوە**

سەرەتا بەناوی خۆم و سەرجەم زاناو مامۆستایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە پیرۆزباییەکی گەرم لە موسڵمانان بەگشتی و گەلی کورد دەکەم بەبۆنەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە، کە مانگی خێرو خۆشی و بەرەکەتە و لە مانگەکانی دیکە جیاوازییەکی گەورەی هەیە، لەم مانگەدا خودای گەورەو میهرەبان ئاشتی و خێرو خۆشی بۆ موسڵمانان دەهێنێت و لە هەموو شوێن و ناوچەیەکی سەر ئەم زەمینەدا ماڵەکان ئاوەدان دەبنەوەو خۆشی و خۆشەویستی بەسەر خێزان و موسڵماناندا دەڕژێنێت.

خودای گەورە ئەم مانگەی بۆ مرۆڤایەتی و ئوممەتی محەمەد (د.خ) کردووەتە خەڵات و بەخششێك و دەرفەتێکی گەورە تاوەکو لەم مانگەدا چەند ئامانجێك بەدی بێت کە گرنگترینیان ناسین و نزیکبوونەوەی زیاتری ئوممەتەکەیەتی لە خوای گەورە، بەڕادەیەك لەم مانگەدا خوای گەورە بەندەکانی دەخاتە ریزی فریشتەکانییەوە، خوای گەورە کە خاوەنی چەند بەندەیەکە یەکێك لەوانە فریشتەکانن کە هەمیشە پابەندو فەرمانداریی خوای گەورەو میهرەبانن، هەروەکو خوای گەورەو میهرەبان لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: (لا يَعصونَ اللهَ ما أمَرَهُم ويَفعلونَ ما يُؤمَرونَ) واتا هەرچی خودا فەرمانیان پێ بکات هەر ئەوە دەکەن و لەوە زیاتر هیچی دی ناکەن، فریشتەکانیش نەخواردن دەخۆن و نەخواردنەوە دەخۆنەوەو هیچ ئارەزوویەك جێبەجێ ناکەن.

کاتێك بەندەکانی خوا لە خواردن و خواردنەوە دوور دەکەونەوەو بەسەر هەموو ئارەزووەکانی خۆیاندا زاڵ دەبن و خوداپەرستی دەکەن ئەوە بەندەکانی وەکو فریشتەکان لەخۆی نزیك دەکاتەوە، هەربۆیە لەم مانگەدا لە هەموو کات زیاتر ئوممەتەکەی لە خوای گەورەو میهرەبان نزیك دەبێتەوە. یەکێك لە سوودەکانی دیکەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان یەکسانبوون و دادپەروەرییە لەنێوان هەموو خەڵکیدا لەناو کۆمەڵگەی موسڵماناندا بەدەوڵەمەندو هەژارو گەنج و بەتەمەن و بەتواناو بێ تواناوە، هەمووان پێکەوە برسی دەبن و هەست بەئازاری برسی بوون و تینوێتی دەکەن، دەوڵەمەندەکان لەم مانگەدا هەست بەبرسێتیی هەژارەکان دەکەن و بەتواناکان هەست بە بێ تواناکان دەکەن واتا لەم مانگەدا چین و توێژو کەسەکان لێکتر نزیك دەبنەوەو هەستی زیاتر بەئازارو پێداویستیەکانی یەکدی دەکەن و دەستی یارمەتی بۆ یەکدی درێژ دەکەن.

خەڵکی کوردی موسڵمانیش لەم مانگەدا زیاتر دەستی کراوەیە بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی هەژارو لێقەوماوان لەم مانگەدا هەر لە سەرفترەو زەکاتەوە تاوەکو یارمەتیدانی کەسوکارو خەڵکی هەژار، چونکە لەم مانگەدا خێرو بێر چەند بارەیە، ئەوەتا فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) هەیە دەفەرمووێت: (یەك نوێژی فەرز لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا خێری ٧٠ نوێژی فەرزی هەیە) بێگومان ئەمەش بۆ خێرو هاوکاریی هەژارو نەخۆش و لێقەوماوانیش هەروایە، یەك دیناری خێر لەبەرامبەر ٧٠٠ دینارە، هەر لەم ڕوانگەیەوەیە لەناو موسڵمانان بەگشتی و کوردی موسڵمانی کوردستانی باشوور زەکات و سەرفترەو خێر هەمووی دەخرێتە ئەم مانگەوە، ئەم خێرو یارمەتیدانانەش هۆکارێکە بەوەی موسڵمانان زیاتر لەگەڵ یەکتردا ئاشت ببنەوە و یەکتریان زیاتر خۆش بووێت و دڵسۆزی و ئاشنایەتی پەیدا دەبێت، بەمشێوەیە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان چەندین سوودی لەناو موسڵماناندا هەیە لە



## شێخ نیاز دێگەیی

**بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

هەمووشی گرنگتر خودای گەورەو میهرەبان ئەم مانگەی بۆ لێخۆشبوون داناوە هەر کەسێك لەناو ئومەتی پێغەمبەردا لە مانگەکانی دیکەدا گیرۆدەی گوناهێك بوویێت دەتوانێت لەم مانگەدا تۆبە بکات و خوای گەورە لێی خۆش بێت، چونکە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) هەیە باسی ئەوە دەکات خوای گەورە لەبەربانگ لە ژمارەیەکی زۆری موسڵمانان لەئاگری جەهەننەم لێیان خۆش دەبێت، لەمەش گرنگتر ئاخر ١٠ شەوەکەی مانگی پیرۆزی رەمەزان بە ئەندازەی هەموو مانگەکەی رەمەزانی پیرۆز لە ئومەتەکەی خۆش دەبێت، بەتایبەتی لەشەوی قەدردا خوای گەورە دەفەرموویێت (تنزل الملائکة والروح فیها باذن ربهم من کل أمر)، هەروەها پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەیەکیدا باسی شەوی قەدر دەکات و دەفەرموویێت: لە شەوی قەدر فریشتەکان لە حەزرەتی جوبرائیل دەپرسن خوای گەورە لەم مانگەدا لە کێ خۆش نابێت، یەکێك لەوانەی خوای گەورە لێی خۆش نابێت ئەوانەن کە دڵیان پڕ لە قین و رقە بەرامبەر خەڵك، یەکێکی تر ئەوانەن کە دوژمنایەتییان لەگەڵ خەڵکیدا هەیە، هەر بۆیە ئەوانەی دەیانەوێت خوای گەورە لەم مانگەدا لێیان خۆش بێت ئەوانەن دڵی خەڵکی ئازار نادەن و بەرامبەر خەڵك بەرەحم و بەزەیین و باوك و دایکی خۆی ئازار نەدات و هاوبەش بۆ خودای گەورەو میهرەبان دروست نەکات، بێگومان ئەمە هەموو گروپ و حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە.

لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا ئەرکی سەرشانی حزبەکانە لەگەڵ یەکدی تەباو برا بن و یەکڕیزیی نێومالی کورد بپارێزن، ئێستاش کە لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانین ئومێدەوارم و لەخوای گەورەو میهرەبان دەپاڕێینەوە کە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ئەم گەلە بپارێزێت و حزبەکانیش لەناوخۆیاندا هەروا یەکڕیز و تەبا بن و دەستیان لەناو دەستی یەکتردا بێت و حورمەتی یەکتر بگرن و بێڕێزی بەرامبەر یەکتر نەکەن و یەك هەڵوێست و یەك دەست بن، بۆ ئەوەی لەم مانگەدا وەکو باسم کرد ببێتە مانگی خێرو بەرەکەت و ئاشتی و خۆشی پێویستە موسڵمانان و حزبەکانی کوردستان و هەموو چین و توێژەکانی دیکە بەرامبەر یەکتر بەرەحم و بەزەیی بن و رێز لەیەکدی بگرن و لەیەکدی نزیك ببنەوە نەوەکو بەرق و قین لەیەکدی دوور بکەونەوەو یەکڕیزی و تەبایی نێوان موسڵمانان تێکبچێت.

گەلی کوردی موسڵمان سەردەمێکی زۆرە زوڵمی لێدەکرێت و ستەمی بەرامبەر دەکرێت، بۆ ئەوەی خوای گەورەو میهرەبان پشت و پەنای موسڵمانان بێت پێویستە ئێمەش لەناوخۆماندا یەك ریز و تەبا بین و یەکدیمان خۆش بوێت و حزبەکان برا بن و بەزووترین کات حکومەت پێکبهێنرێت بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان و بنبڕکردنی گەندەڵی و ناپاکی و نادادپەروەری. هەر خۆی لەخۆیدا ئامانجی مانگی رەمەزانی پیرۆز ئەوەیە خەڵك بەهۆی مانگی پیرۆزی رەمەزان خۆشگوزەران بێت و دڵ و دەروونی ئاسوودە بێت و دەستی کراوە بێت بۆ هاوکاری و پاڵپشتیکردنی لێقەوماوان و هەژاران. هەر بۆیە داواکارم لەم مانگەدا هەموو کەسێك دوکانداو کاسبکارو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەو حزبەکان و حکومەت و دەوڵەمەندو هەژار و هەر کەسەو لایەنێك بەپێی بەرپرسیارێتیی خۆی رێز لەمانگی پیرۆزی رەمەزان بگرن.

**ئەوانەی دەیانەوێت خوای گەورە لەم مانگەدا لێیان خۆش بێت ئەوانەن دڵی خەڵکی ئازار نادەن و بەرامبەر خەڵک بەرەحم و بەزەیین و باوک و دایکی خۆی ئازار نەدات و هاوبەش بۆ خودای گەورەو میهرەبان دروست نەکات، بێگومان ئەمە هەموو گروپ و حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە**

**داواکارم لەم مانگەدا هەموو کەسێک دوکاندارو کاسبکارو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەو حزبەکان و حکومەت و دەوڵەمەندو هەژار و هەر کەسەو لایەنێک بەپێی بەرپرسیارێتیی خۆی رێز لەمانگی پیرۆزی رەمەزان بگرن**